

## نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرەی ئاسایشی جیهان

**سەرۆکی هەرێمێکی بچووک، بەڵام خاوەن شکۆیەکی گەورە لەناو دەوڵەتمەدارانی جیهاندا**

**ڤیزەی ئیرادەی پێشمەرگە دەرگای کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانی بۆ کوردستان کردەوە**


# گوڵاڵ

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٥١)- (١٧)ی شوبات ٢٠٢٥




## لووتکەی حکومەتەکانی جیهان ٢٠٢٥

**بەشدارییەکی جیاواز و شانازییەکی گەورە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**مەسرور بارزانی چیرۆکی سەرکەوتنی کوردستان بۆ سەرکردەکانی جیهان دەگێڕێتەوە**




# سەردانی قاسم سلێمانی لە ٨ی ئایاری ٢٠١٦ بۆ هەرێمی کوردستان

١٤٩

ڕۆژی ٨ی ئایاری ٢٠١٦، قاسم سلێمانی لە کاتی گەڕانەوەی لە سووریا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و، لە کۆبوونەوەیەکدا باسی گۆڕانکارییەکانی سووریای کرد و ئاماژەی بەوە دا کە بارودۆخی حەلەب زۆر نالەبار و ئاڵۆزە و گوشارێکی زۆری خراوەتە سەر. دیار بوو ئێران هاوکارییەکی زۆری حکوومەتی سووریای کردبوو بۆ ئەوەی ڕێگە لە ڕووخانی بگرن، بەڵام ئێرانییەکان زیانی گەورەیشیان لە شەڕەکانی سووریا بینیبوو. هەر لە دانیشتنەکەدا قاسم سلێمانی جەختی لە بەردەوامیی هاوپەیمانیەتیی شیعە و کورد لە عێراق کردەوە.

منیش لەو بارەیەوە پێم گوت: هاوپەیمانیەتییەکەی شیعە و کورد تەنیا بە قسە و دروشم ماوە و لە بواری کرداریدا شتێک بەناوی هاوپەیمانیەتی نەماوە، سیاسەتی شیعەکان هاوپەیمانیەتییەکەیان تێک دا، لە بەشێکی تری قسەکانیدا سلێمانی لێی پرسیم: (هۆکاری نەهاتنەکەت بۆ تاران چی بوو، سەرەڕای ئەوەی بانگهێشتنامەشمان بۆ هێنابووی؟) وەڵامم دایەوە کە من سەردانی تارانم نەکرد، چونکە بیستمەوە سەرۆککۆماری ئێران گوتوویەتی ئامادە نیم پێشوازیی لێ بکەم، چونکە پرۆتۆکۆل ڕێگە بەم کارە نادات! بۆیە سەردانەکەم نەکرد. قاسم سلێمانی لە وەڵامدا گوتی: (هەر چەندە من ئەوەم نەبیستبوو، بەڵام دەستەکانت خۆش بێت کە نەهاتی).




(ڕێبازی بارزانی قوتابخانەی کوردایەتی و کۆڵنەدان) ناونیشانی کتێبێکی تازەچاپکراوی قەبارە گەورەی (٢٦٤) لاپەڕەیە، لە نووسینی (تاهیر عەبدولغەفوور شووشی) بە بەرگێکی ناوازە و دیزاینێکی سەرنجڕاکێش کەوتە بەر دیدی خوێنەران و شرۆڤەکاران و سیاسەتوان و مێژوونوسانەوە. ئامانجی سەرەکیی نووسینی ئەم کتێبە ئاشناکردنی کورد و میللەتانی دیکەیە بە قوتابخانەی کوردایەتیی ڕێبازی بارزانیی نەمر، هەروەها گوزەرێك بەنێو خەباتی شۆڕەسوارانی قوتابخانەی کوردایەتیی ئەم ڕێبازە شکۆدارە.

نووسەر ئەم کتێبەی بە چەندین ناونیشان و بەش نووسیوەتەوە.

بە لەدایکبوونی ڕابەر وسەرکردە و پێشمەرگە و شۆڕشگێڕی بەئەمەکی کورد(مستەفا بارزانی) لە ١٩٠٣/٣/١٤ ناوی بارزان بووە ناسنامە بۆ دەنگی هەقیقەتی هەزاران کوردی بەئەمەك و موریدانی ڕێبازی نەقشبەندی لە ناوچەی بارزان و گەیاندنی ڕۆڵی خەبات و تێکۆشانی هەزاران شەرڤان و جەنگاوەر و پێشمەرگەی کوردستان و قارەمانێتی و بەرخودان کە لە سەرانسەری دنیا دەنگی دایەوە، هەروەها بووە مەزارگە و گۆڕەپانی ئارامی بۆ سەرکردە هەمیشە زیندووەکان و هەشت هەزار بارزانیی ئەنفالکراو و هەزاران شەهید و تێکۆشەری دیکە، کە سەدان فەرماندە و پێشمەرگە و کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە ناسنامەی بارزانیان هەڵگرتووە و ئامادەن لە ڕێی ئەم ڕێبازەی بارزانی گیانیان ببەخشن، مەلا مستەفای بارزانی هەر لە منداڵییەوە لەناو ژینگەیەکی سەخت و بەسەرهاتی ناڵەبار گورزەی دەکرد و گەورە دەبوو، ناوبانگی ئەو سەرکردەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەی دەکرد و فێری چالاکی و مێرخاسی و هەستی نەتەوایەتی دەبوو، شێخ ئەحمەد بارزانی زیاتر لە هەموو کەسانی دیکە خوێندنەوەی قووڵ و بەرفراوانی لەسەر برا بچووکی، مستەفا بارزانی دەکرد.

باسکردنی وێستگە پڕ شکۆکانی قارەمانێتیی مستەفا بارزانی لە بزووتنەوەی کوردایەتی و داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی پێویستی بە چەندین بەرگی کتێب هەیە، مستەفا بارزانی و بارزانییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦، لەبەر لێهاتوویی و سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی لە بواری سەربازی و داڕشتنی نەخشە و پلانی جەنگ لە ٣١ی ئاداری ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد پلەی ژەنەراڵ و فەرماندەی سوپای کوردستانی لەلایەن پێشەوا قازیی محەمەد پێ بەخشرا. پاش تێکچوونی کۆماری مەهاباد، بارزانی خۆی بەدەستی دوژمنەکانی ئێرانی و عێراقی نەدا و لەگەڵ زیاتر لە پێنج سەد شەڕڤانی تێکۆشەر ڕووی کردە یەکێتیی سۆڤیەت و، لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە بۆ ناو خاکی یەکێتیی سۆڤیەت.

قوتابخانەی بارزان، ئامانجەکانی لە کاری سیاسی و سەربازی و نیشتمانپەروەری بەدەست هێنا، تاکو ئێستاش لە خزمەتی کورد و کوردستان هەر بەردەوامە، تێکەڵبوونی قوتابخانەی کوردایەتی بە ڕێبازی بارزانیی نەمر، بە هەنگاوێکی مێژوویی گەورە و گرنگ دەزانرێت لە ڕێڕەوی خەباتی میللەتی کورددا، ڕۆڵی دیاری سەرکردە ئیدریس بارزانی و پاشان مەسعود بارزانی، ڕابەری ئێستای ئەو قوتابخانەیەیە بە هەموو پێوەر و ئامانجەکانییەوە.

نووسەر لەم کتێبەدا بە درێژی باسی ڕۆڵی ڕابەریتیی ئیدریس بارزانیی هەمیشە لەیاد و ڕابەر و مەرجەعی کورد مەسعوود بارزانی دەکات لە کایەی سیاسی و سەربازی و بەرخوداندا، لە کۆتاییشدا ئەلبومێکی وێنەداری شێخ وسەرکردەکانی بارزان و خۆی بڵاوکردووەتەوە.

دکتۆر محەمەد شوکری :



**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەسەرمایەی زیاتر لە ٢٣ ملیار دۆلار مۆڵەتی وەبەرهێنان بە ٦٣٧ پرۆژە دراوە**

ماموستا مەلا جەلال خەیلانی :



**پێشنیار کراوە ساڵانە چوار جار لە مزگەوتەکانی کوردستان وتاری هەینی لەسەر مەترسییەکان و خۆپاراستن لە ماددەی هۆشبەر بێت**

دڵشاد ئەنوەر :



**دەبێت لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لەلایەن سەرۆکی حکومەت یان وەزیری ناخۆ سەرۆکایەتی بکرێت**

سترۆن ستیڤنسۆن :



**ڕەنگە دۆخی نوێی سووریا پەیوەندییەکانی ئێران و ڕووسیا بەرەو ململانێ ببات**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

شێوە عارف :

**سوپاس بۆ خودای گەورە تیمەکەمان توانای بردنەوەی هەیە و لە داهاتووشدا هەوڵی بەرەوپێشچوون دەدەین**



د.ئیدریس ڕەمەزان :

**ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەپێی دەستوور و بڕیاری دادگای فیدراڵی نەبەستراوەتەوە بە پرسی داهاتی نەوتی و نانەوتییەوە**



## ١٨ ی شوبات

## ڕۆژێکی درەوشاوە لە مێژووی پڕ سەروەری گەنج و لاوی کورد

کەژاڵ نادری:

**پشتگیریی هاوسەرەکەم بووە هۆکاری ئەوەی تەواوی خێزانەکەم متمانە بە پێشکەوتنەکانم بکەن**



شەریهان بەکلرۆ:

**ئافرەت لە کارە هونەرییەکانمدا گوزارشت لە هێز و لاوازی، تەحەدا و قوربانیدان دەکات**



**سکۆتێری لۆمۆ وەک هاورێیەک سەیر بکە**





# نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمێکی بچووک بەڵام خاوەن شکۆیەکی گەورە لەناو دەوڵەتمەدارانی جیهاندا



# ڤیزەی ئیرادەی پێشمەرگە دەرگای کۆنفراسی ئاسایشی جیهانی بۆ کوردستان کردەوە




جێگەی خۆیەتی هەموو ساڵێك لەگەڵ دەستپێکردنی »کۆنفراسی ئاسایشی جیهان لە میونشن» ئاماژە بەو قسەیەی باڵیۆز ڤۆڵڤانگ ئیشنیگەر سەرۆکی پێشووی کۆنفراسەکە بکەین، کە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ لەناو پەنێڵی « ئایندەی سوپا - The Future of the Military» کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤوسەوە ڕایگەیاند» بۆ کۆنگرەی ئەمساڵی ئاسایشی جیهانی کە مانگی داهاتوو لە میوشن بەڕێوە دەچێت، بەتایبەتی پێشمەرگەیەکم بانگهێشتی کۆنفراسەکە کردووە کە ناوی مسعود بارزانی- یەو، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە»، ئەم بانگهێشتەی ئیشینگەر هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی ڤۆلکەر پرسیس کە بەناونیشانی « کۆتایی هاتنی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ئێمە دەماناسی» لەدوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆیستانی داعش بڵاوکرایەوە و، ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە « هەرێمی کوردستان تەنیا کاراکتەری غەیرە دەوڵەتییە کە بەشدارە لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان و، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکات».

ئەم باکگراوەندە بۆ بەشداریی هەرێمی کوردستان لەو کۆنفرانسە گرنگە نێودەوڵەتییەی کە ساڵانە لەسەر پرسی « ئاسایشی جیهان و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ پاراستنی سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتی بە بەشداریی» سەرۆك دەوڵەتان، سەرۆکی حکومەتەکان، وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی وڵاتانی جیهان، ژەنراڵ و بەرپرسە سەربازییە گەورەکانی جیهان ..هتد» بەڕێوە دەچێت، تەنیا هەرێمی کوردستان ماوەی ١١ساڵە وەك کاراکتەرێکی غەیرە دەوڵەتی، ساڵانە سەرۆکی هەرێمەکەی یان سەرۆکی حکومەتەکەی، وەك سەرۆك دەوڵەت و سەرۆکی حکومەتی خاوەن سەروەری بانگهێشتی ئەو کۆنفرانسە دەکرێت و بەشداری تیدا دەکات.

کۆنفرانسی ئەمساڵی ٢٠٢٥ی میوشن بۆ ئاسایشی جیهان، دەکرێت بڵێین لە کۆی ئەو



٦٠ کۆنفرانسەی پێشتر کە هەر لەساڵی **١٩٦٣** ەوە تا ئێستا گرێدراوە، جیاوازترە و مەزندەکان بەو ئاراستەیەن ئەو گۆڕانکارییانەی ئەم کۆنفرانسە بەدوای خۆیدا دەیانهێنیت، لەوانەیە لە هیچ کۆنفراسێکی دیکەی» ئاسایشی جیهان بەدوای خۆیدا نەیهێنابن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستا جیهان بەشێوەیەکی گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خۆیەوە دەبینێت لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە وێنەی نەبووە و، لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێدەکەین:

- شەست و یەکەمین کۆنفرانسی ئاسایشی جیهان، کە لە ڕۆژی ١٤ی شوباتی ٢٠٢٥ لە میونشن دەستی پێکرد، تەنیا سێ هەفتەیە دۆناڵد ترەمپ بۆ جاری دووەم بۆتەوە سەرۆکی ئەمریکا و، تەنیا کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر تێپەڕیوە بەسەر پەیوەندییە تەلەفونییەکەی نێوان ترەمپ و پوتین بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕی ٣ ساڵەی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە، زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا بەشێك نابێت لەو لوتکەیەی کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە نێوان « ترەمپ و پوتین» لە عەرەبستانی سعودیە ئەنجام بدرێت.

- جەی دی ڤانس جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە یەکەم ڕۆژی کۆنفراسەکەدا وتارێکی سەبارەت بە پاشەکشەی « دیموکراتی و ئازادیی ڕادەبرین» لە تەواوی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپا پێشکەش کردو، لەمەش زیاتر، ئەوەی کۆی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپای تووشی شۆك کرد، ئەوە بوو زۆر ڕاشکاوانە ڤانس بە هەموو دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپای ڕاگەیاند « ڕووسیا و چین دوژمنی ئەورپا نین، مەترسی نین بۆ جیهانی ئازادیی ئەوروپا و ڕۆژئاوا، بەڵکو مەترسیی سەرەکی لەناوخۆی ئەوروپادایە، کە دادگاکانتان ئاکامی هەڵبژاردنەکان ڕەت دەکەنەوە، وەك ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆمانیا بینیمان، یان وەك ئەوەی لە بەریتانیا بینیمان، کە کەسێکیان




دەستگیرکردووە تەنیا لەبەر ئەوەی بۆ ماوەی ٣ خولەك و لە دووریی ٥٠ مەتر لە سەنتەرێکی « لەباربردنی منداڵ» نوێژی بۆ ئەو منداڵانە کردووە، کە هێشتا لەدایك نەبوون، لەناویان دەبەن.

• ئەم کۆنفرانسە لە بارودۆخێکدا بەڕێوە دەچێت کە هەڵبژاردنەکانی نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ی پەرلەمانی ئەورووپا گۆڕانکاری لە پێکهاتەی پەرلەمانەکاندا دروست کردووە، لەو هەڵبژاردنەدا نوێنەرانی پارتە ڕاسترەوە پۆپۆلیستەکان، بەڕێژەیەکی بەرچاو بوونە ئەندامی پەرلەمان، ڕاستە لە ئێستادا زۆرینەیان نییە و، ناتوانن مەترسیی ڕاستەوخۆ لەسەر ئایندەی یەکێتیی ئەورووپا دروست بکەن، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێژەی پارتە ڕاسترەوە پۆپۆلیستەکان لە تەواوی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا ڕووی لە هەڵکشانە و، تێکڕای ئەو پارتە ڕاسترەوە پۆپۆلیستیانە دژی سیاسەتەکانی ئێستای برۆکسلن و، دەیانەوێت یەکێتیی ئەورووپا نەمێنێت و پەنابەران بنێرنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان.

• ئەم کۆنفراسە لە بارودۆخێکدا بەڕێوە دەچێت کە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەڵمانیایە، هەر بۆیە ئەگەر پێشتر دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا مەترسییان لە دەستتێوەردانی ڕووسیا هەبووبێت بۆ گۆڕینی ئاکامی هەڵبژاردنەکە، ئەوا لە ئێستاوە دەبێت مەترسیی گەورەیان ئیدارەی تازەی ترەمپ بێت، لە دەستتێوەردان لە هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا بە گشتی و ئەڵمانیا و بەریتانیا بە تایبەتی، ئەمەش هەر لە پێش دەستبەکاربوونەوەی ئیدارەی دووەمی ترەمپ بەچەند هەفتەیەك، ئیلۆن ماسك کە ئێستا یەکێکە لە وەزیرەکانی ئیدارەکە، ڕاشکاوانە لە شاری هالەی ئەڵمانیاوە « Halle East Germany» داوای لە گەلی ئەڵمانیا کرد کە دەنگ بە پارتی « جێگرەوەی ئەڵمانیا - Alternative für Deutschland,» بدەن، ئەمە لە کاتێکدا ئەم

پارتـە، پارتێکـی ڕاسـترەوە و ئامانجـی ئەوەیـە یەکێتیـی ئەورپـا نەمێنێـت و ، بەکارهێنانـی « یـۆرۆ » کۆتایـی پێبێـت و بگەڕێنـەوە جارێکـی دیکە مامەڵـە بە « مارك»ی ئەڵمانی بکرێتەوە، لـەم چوارچێوەیـەدا ئەگـەر لـە ڕوانگەی »تیـۆری پیلانگیری »یـەوە خوێندنـەوە بـۆ کارە تیرۆریسـتیە بکەیـن، کـە بـە چەنـد کاتژمێرێـك پێش کردنەوەی کۆنفرانسـەکە لـە میونشـن لەلایـەن پەنابەرێکـی ئەفغانسـتانی ئەنجامـدرا، ئـەوا هیـچ بـەدوور نازانرێت ئەمـە پیلانێکـی دەرەکی بێت، بۆ ئـەوەی کاریگـەری لەسـەر دەنگـدەری ئەڵمانیا هەبێت بۆ ئـەوەی دەنـگ بـەو پارتـە ڕاسترەوە بدەن کـە دژی پەنابـەران و فیدراسـیونی یەکێتیـی ئەوروپـان.

لەنـاو ئـەو بارودۆخـە وەرچەرخـاوەی لـە پەیوەندییەکانـی هـەردوو بـەری ئەتڵەسـی « ئەورووپـا و ئەمریـکا» هاتۆتـە ئاراوە و، ڕاپۆرتـی ئەمسـاڵی کۆنفرانسـەکە نـاوی لێنـاوە « فرە جەمسـەرگیری – Multipolarization»، زیاتـر لـە ٥٠ سـەرۆك دەوڵـەت و حکومـەت، کـە یەکێکیـان بەڕێـز نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانە، لەگـەڵ زیاتـر ١٥٠ لـە وەزیرانـی بەرگـری و دەرەوەی ١١٠ دەوڵەتـی جیهـان و ، زیاتـر لـە ٨٠٠ کەسایەتی و پسـپۆر لـە زانکـۆکان و کۆمپانیـا گەورەکانـی بەرگـری لـە جیهانـدا، بـۆ مـاوەی ٣ ڕۆژ لـە میانـەی زیاتـر لـە ٣٠٠ پەنێـڵ گفتوگـۆ لەسـەر کـۆی ئـەو بەرنامەیـە دەکـەن، کـە بـۆ هـەر سێ ڕۆژی کۆبوونەوەکـە ئامادەکراوە و بریتیـن لـە:

١- حکومڕانیـی جیهانـی، خۆڕاگریـی دیموکراتـی، ئاسایشـی ژینگـە.

٢- بارودۆخـی سیسـتمی جیهانـی، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و تەنگـژە ناوچەییـەکان، ئاینـدەی پەیوەندییەکانـی هـەردوو بـەری ئەتڵەسـی.

٣- ڕۆڵـی ئەورووپـا لـە جیهانـدا ، ئاسایشـی نێودەوڵەتـی، سیسـتمی تـازەی نێودەوڵەتـی.

ئەمـە جگـە لـەوەی لـە پەراوێـزی ئـەم سێ ڕۆژەی کۆنفرانسـەکەدا، بەسـەدان دیـدار و کۆبوونـەوەی هەمەلایەنـە لـە نێـوان سـەرۆکی دەوڵـەت و حکومەتـەکان و بەرپرسانی بڕیار بەدەست و ئەکادیمییسـت و پسـپۆڕانی بـواری بەرگـری گـرێ دەدرێـت، کـە وەك بینیمـان تەنیا لـە مـاوەی سێ ڕۆژدا بەڕێـز نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی









هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٤٠ دیداری لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت و حکومەتەکان و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا ئەنجامداوە، هەروەها دیداری تایبەتی لەگەڵ خاتوو ئۆسوڵا ڤۆندەر لاین سەرۆکی کۆمسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا و ، مارك رووتە سەرۆکی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی هەبووە، ئەمە ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ڕۆڵ و شکۆی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی کێشە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

### پێگەو گرنگیی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی ئاشتی و کێشە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ڕۆژی ٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤، نێچیرڤان بارزانی یەکێك بوو لەو سەرۆکانەی کە بە فەرمی لەلایەن ئەمانوئێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا بە فەرمی بانگهێشتکرابوو، کە ئامادەی مەراسیمی دووبارە کردنەوەی کاتیدرالی نۆتردام بێت لە پاریس، بۆ ئەم بۆنەیە سەرۆکی فەرەنسا بە فەرمی دۆناڵد ترەمپی وەك سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکاشی بانگهێشت کردبوو، کە هێشتا ٤٣ ڕۆژی مابوو سوێندی سەرۆکایەتی بخوات و بگەڕێتەوە کۆشکی سپی.

لەم بۆنە مێژووییەدا و، لە دیدارێکدا کە هەر سێ سەرۆك « نێچیرڤان بارزانی، ئەمانوئێل ماکرون، دۆناڵد ترەمپ»ی پێکەوە کۆکردبووەوە، ئەمانوئێل ماکرۆن ، ڕووی کردە ترەمپ و دەستی بۆ نێچیرڤان بارزانی ڕاکێشا و پێی گوت:» ئەگەر دەتەوێت کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاشتی چارەسەر بکەیت، ئەوا دەبێت سوود لە بیربۆچوونەکانی ئەم سەرۆکە وەربگریت».

ئەم ڕاسپاردەی سەرۆکی فەرەنسا تەنیا پێش دوومانگ لە پاریس پێشکەشی دۆناڵد ترەمپی کرد، لە کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانی لە میونشن لە ڕۆژانی ١٤-١٦ی شوبات بینیمان، ئەوەی دەرخست کە ئەو ڕاسپاردەیەی ماکرۆن، تەنیا بۆچوونی کەسیی سەرۆکی فەرەنسا نییە بەرامبەر بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئەمە قەناعەتی تەواوی دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ و تەواوی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا بەگشتی و هەرسێ دەوڵەتی گەورەی « بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا»،کە ئەم سێ هێزە پێکەوە زیاتر لە ٧٠ی هەموو هێزی ئەورووپا لەسەر هەموو ئاستەکان پێکدەهێنن، لەمەش زیاتر هەر لەم کۆنفراسەدا دەرکەوت، لەسەر ئاستی هەرێمی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، ئەم قەناعەتە لای دەوڵەتانی ناوچەکە « بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی بەدوای ئاشتیدا وێڵن نەك شەڕ» دروستبووە، کە ئەو ستراتیژ و سیاسەتە لۆژیکییەی لە هەرێمی کوردستان بەرابەرایەتیی مسعود بارزانی بەڕێوە دەچێت، کلیلی چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان و گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیرییە بۆ تەواوی ناوچەکە، بەتایبەتی کە دیدارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەمانبینی وەزیرانی دەرەوە و سەرۆك وەزیرانی کۆی دەوڵەتانی بەشداری ڕۆژهەڵاتی کۆنفرانسەکە، دیداری تایبەتییان لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو ، دەکرێت دیدارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی « ئەمریکا، تورکیا، ئوردن، سووریا» وەك ئاماژەیەکی گرنگ بخوێنینەوە، لەبەر ئەوەی ئەم لایەنانە ڕۆڵی سەرەکی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگێڕن.

لایەنێکی دیکەی گرنگی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، قەناعەتی دەوڵەتە گەورەکانی وەك ئەمریکا و دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا و دەوڵەتانی پەیوەنداری وەك « تورکیا و سووریا» یە، لۆژیك و دروستی سیاسەت و ستراتیژیەتی سەرۆك بارزانی بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و کۆتاییهێنان بەو شەڕەی سەدەیەك زیاترە بەردەوامە، لەمەش زیاتر دروستبوونی ئەو قەناعەتە میللییەی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانە، بەوەی ڕێگەی ڕاست تەنیا لۆژیك و سیاسەتی سەرۆك بارزانییە.








لەناو ئەم وێنایەدا کە قەناعەت و متمانەی هەرێمی کوردستانی تێدا بەرجەستەبووە، دەبینین کاتێك مەزڵوم عەبدی فەرمانەدەی هێزەکانی دیموکراتی سووریا، بە فڕۆکەیەکی ئەمریکی دێتە هەولێر و لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆدەبێتەوە، یان شاندی دەم پارتی لە تورکیا پەیامی ئیمرالی بۆ کۆتایهێنان بە شەڕ دێنن بۆ سەرۆك بارزانی و، پەیامی سەرۆك بارزانی دەبەنەوە بۆ ئیمرالی، لەلایەنی پەیوەندارییشەوە بۆ نموونە لە تورکیا گوێمان لە پەیامێکی زۆر سەیری دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە « نەك ئەردۆگان و ئاك پارتی» دەبێت، کە لەناو پەرلەمانی تورکیا دەڵێت:» کورد و تورك» بران و دەبێت کۆتایی بەشەڕ بێت و ئاشتی دەست پێبکات، لە هەمان کاتدا سەردانی ئەحمەد شەرع سەرۆکی قۆناخی ڕاگوزەری سووریا دەبینین بۆ عفرین و، لەگەڵ سەرکردەکانی ئەنەکەسە کۆدەبێتەوە، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت» دۆزینەوەی ڕێگە چارەی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە دێرینە ئاڵۆزەکان ، پێویستی یە میانگیرێکە کە یەکەم متمانەی تەواوی بەخۆی بێت و، دووەم جێگەی متمانەی هەموو لایەنەکانی کێشەکەش بێت».

ئەم متمانە بەخۆبوونەی هەرێمی کوردستان، کە لە دیداری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مارکۆ ڕۆبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە تەواوەتی بەرجەستە بوو، کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزیری دەرەوەی ئەمریکای بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لە مەراسیمی کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر ئامادەبێت، کە گەورەترین کونسوڵخانەی ئەمریکایە لە جیهاندا و، لەبەرامبەریشدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەم بانگهێشتنامە فەرمییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی قبوڵ کرد، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆلی دیپلۆماتی ڕاڤەی بۆ بکەین، ئاماژەیەکی دبلۆماتییە بۆ شکۆ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا.




## لووتکەی حکومەتەکانی جیهان ٢٠٢٥

# بەشدارییەکی جیاواز و شانازییەکی گەورە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن ئالنگارییەکان تێدەپەڕێندرێن و سوود لە دەرفەتەکان وەردەگیرێت؟




# مسرور بارزانی وەڵامی سەرکردەکانی جیهان دەداتەوە

ئەگەر مرۆڤایەتی بیر لەم ڕێگە چارانە نەکاتەوە ئەوا «مۆدێرنە» کۆتایی دێت و دەبێت چاوەڕێی ئەو پاشاگەردانییە بین کە «پۆست مۆدێرنە» لەگەڵ خۆی دەهێنێت

وەک لووتکەکە گەواهی بۆ داوە، «بەڕێز مەسرور بارزانی چیرۆکی سەرکەوتنی کوردستانی تۆمار کردووە»

چیرۆکی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی زۆر لە هەر دوو چیرۆکی سەرکەوتنی «سەنگافورا و تایوان» قورسترە

## ١
## لووتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی وەک دەستەخوشکی کۆڕبەندی ئابووری لە داڤۆس

لە ساڵی ١٩٧١، کلاوس شواب ئەندازیاری میکانیکی و ئیکۆنۆمیست و بزنێسمانێکی دیاری ئەڵمانیا، ڕێکخراوێکی قازانج نەویستی بە ناوی «کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆسی سویسرا» ڕاگەیاند و، لەو کاتەوە هەتا ئێستا کە دەکاتە ٥٥ ساڵ، شواب خۆی دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانییە و، لە ساڵی ٢٠٠٤یشەوە کۆڕبەندێکی دیکەی بە ناوی «سەرکردە گەنجەکانی جیهان - Young Global Leaders»ی ڕاگەیاند، کە ئەم کۆڕبەندەش هەر بە بەشێک لە کۆڕبەندی ئابووری جیهان لە قەڵەم دەدرێت و هەر شوابیش سەرۆکایەتی دەکات.

ڕێکخراوی « لووتکەی حکومەتەکان-دوبەی» کە لە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاگەیەندرا، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی نەبوو بە ناوی « لوتکەی حکومەتەکانی جیهان» ، لە هەمان کاتدا هەیکەل و بینایەی ڕێکخراوەکەش بەو ئاستە فروان نەبوو، کە بایەخ بە هەموو بوارانە بدات کە جێگەی بایەخی تەواوی حکومەتەکانی جیهانن، وەک «ئابووری، پەرەپێدانی بەردەوام، ئاستەنگەکانی بەردەم حوکمڕانی، پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا، گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیک و جیۆئابوورییەکان، شەڕ و ئاشتی لە جیهاندا و.. هتد» ، بەڵام هاوکات لەگەڵ سەرقاڵبوونی کلاوس شواب بە نووسینی کتێبی «شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم- The Fourth Industrial Revolution» لە ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٥)، لەسەر ئاستی «ئیمارەتی دوبەی»یش ئامادەکاریی کرا بۆ ئەوەی بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە و پێش ڕاگەیاندنی دەستپێکردنی ئەم شۆڕشە تازەیە بە ناوی « ئاشنابوونی تەواو بە شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم - Mastering the Fourth Industrial Revolution» کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٦ لە کۆڕبەندی داڤۆس ڕاگەیەندرا، لەساڵی ٢٠١٥ لە سەر ڕاسپاردەی « محەمەد بن ڕاشد ئال مەکتوم» حاکمی دوبەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە هەیکەل و بەرنامەکانی «لووتکەی حکومەتەکان» کرا و ناوەکەشی گۆڕا بۆ « لووتکەی حکومەتەکانی جیهان» و، بە شێوەیەك بەرنامەکانی فروان کرا، کە کۆی ئەو سێکتەرانە بگرێتەوە کە جێگەی بایەخی حکومەتەکانی جیهانن و، بە ئامانجی ئەوەی بتوانێت جۆرێك لە تەواوکاریی مەعریفیی گشتگیر بە بەشداریی ١٥٤ حکومەت و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پێشکەشی جیهان بکات.

لە ساڵی ٢٠١٦وە، کە لە کانوونی دووەمی هەر ساڵێکدا «کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس» بەڕێوە دەچێت، بە هەمان شێوە لە شوباتی هەر ساڵێکدا «لووتکەی حکومەتەکانی جیهان» لە دوبەی بە هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس بەڕێوە دەچێت و ساڵانە بە هاوبەشی لەلایەن شێخ محەمەد قەرەقاوی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەنجومەنی وەزیران لە دەوڵەتی ئیمارات لەگەڵ کلاوس شواب دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لووتکەکە دەکرێتەوە و دەست بەکاروبارەکانی خۆی دەکات.

لە لووتکەی ئەمساڵی ٢٠٢٥، کە دەیەمین «لووتکەی حکومەتەکانی جیهان»ـە، کلاوس شواب بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند: «لەم لووتکەیەوە ڕایدەگەیەنم کە ئێمە قۆناغی شۆڕشی پیشەسازیی چوارەممان تێپەڕاند، ئێستا چووینە ناو قۆناغێکی دیکە کە من ناوم لێناوە «سەردەمی زیرەکیی دەستکرد - The Age of Intelligence» و، ئەگەر توانام پێی بشکێت، بە نیازم بە هەمان ناونیشان کتێبێك بنووسم بە هاوشێوەی کتێبی «شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم».

بایەخ و گرنگیی ئەم «کۆڕبەند و لووتکە» جیهانییانە کە لە ئێستادا دەتوانین بڵێین ساڵانە بە دەیان کۆڕبەند و لووتکەی جیهانی گرێ دەدرێت و تیایدا «سەرۆکی دەوڵەتان، سەرۆکی حکومەتەکان، بزنێسمان و بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری کۆمپانیا گەورەکان، زانکۆ گەورەکانی جیهان، میدیا جیهانییەکان و.. هتد» تیایدا بەشدار دەبن، ئامانج لێی ئەوەیە کە سەرکردەکانی جیهان و زانایان و بزنێسمان و کۆمپانیا گەورەکان، ساڵانە چەندین جار پێکەوە کۆببنەوە و لەگەڵ یەکتری ڕاستەوخۆ و دوور لە

ئەتەکێتیەتی دیپلۆماتی پێکەوە گفتوگۆ بکەن و سوود لە سەرکەوتن و شکستەکانی یەکتری وەربگرن و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بدۆزنەوە کە تەواوی مرۆڤایەتی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و بە دەستیانەوە دەناڵێنن.

لەگەڵ ئەوەی کلاوس شواب لە ساڵی ١٩٧١ـەوە، کە هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی بەرفراوانی چەمکی «پۆست مۆدێرنە»، هەستی بەوە کردووە، کە دەبێت پلاتفۆرمێکی کراوەی جیهانی هەبێت، بۆ ئەوەی سەرکردەکانی جیهان دوور لە ئەتەکێتی دیپلۆماتی یەکتری تێدا ببینن و گفتوگۆ لەسەر کێشەکانی جیهان و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی بکەن، کە بەرهەمی مۆدێرنەیە و، ئەم هەوڵەش بەم ئاراستەیە کە بۆ پاراستنی «مودێرنە و دیموکراتی»یە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن یۆرگن هابرماس فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی لە سێ بەرگی گەورەدا تیۆریزە کراوە، بە ناوەکانی «پێکەوە کارکردن، پێکەوە بیرکردنەوە، پێکەوە پاراستنی بەهاکان»، جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەگەر مرۆڤایەتی بیر لەم ڕێگە چارانە نەکاتەوە ئەوا «مۆدیرنە» کۆتایی دێت و دەبێت چاوەڕێی ئەو پاشاگەردانییە بین کە «پۆست مۆدێرنە» لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

لە لووتکەی ئەمساڵدا و بەپێی ئەو خشتەیەی بۆ کۆی پەنێڵ و باسەکانی هەر سێ ڕۆژەکەی ئەم لووتکەیە دانرابوو، پەنێڵی «تێپەڕاندنی ئالنگارییەکان – قۆستنەوەی دەرفەتەکان. Navigating Challenges، Embracing Opportunities» یەکێك بوو لەو تایتڵانەی کە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ئالنگارییە جیهانییانەی ئەمساڵی لووتکەکە وەك «پێشکەوتنە خێراکانی زیرەکیی دەستکرد، دووبارە بوونەوەی ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا، چارەنووسی بانکی نێودەوڵەتی، دوای زیاترکردنی باجی گومرگی لەلایەن ترەمپەوە و.. هتد» دەستنیشان کرابوو، لە هەمان کاتیشدا وەك بابەتێك بۆ ئەم لووتکەیە دەستنیشان کرابوو، بەوەی ئەگەر ئیرادە هەبێت، دەتوانین نەك هەر ئەو ئالنگارییانە تێپەڕێنین کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبنەوە، بەڵکو لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکان و خستنە گەڕی تواناکان بۆ تێپەڕاندنیان، لە هەمان کاتدا دەتوانرێت ئەو دەرفەتانەش بقۆزرێنەوە کە لەناو هەوڵەکانی تێپەڕاندنی قەیران و ئالنگارییەکان کە دەکرێت سەرکردەی کاریزما دروستیان بکات، باشترین نموونەی سەرکەوتوو کە دەکرێت لەسەر ستەیجی ئەم لووتکەیە پیشانی جیهان بدرێت، ئەزموونی سەرکەوتووی پێنج ساڵی ڕابردووی کابنیەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە مەسرور بارزانی سەرۆکایەتی دەکات و لەم لووتکەیەدا چیرۆکی ئەو سەرکەوتنە بە شانازییەوە بۆ هەموو جیهان باس دەکات.

## ٢
## چیرۆکی تێپەڕاندنی ئالناگارییەکان لە ناوچەیەکی گڕگرتوودا

لەوانەیە غەدرێکی گەورە لە «عەبدوڵڵا لۆتا» جێگری وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران دەوڵەتی ئیمارات بکەم، ئەگەر شتێکی دیکە لەبری ئەو قسانەی ئەو بۆ پێشکەشکردنی سەرۆك وەزیران کردی، بتوانم شتێکی زیاتر بڵێم، کە بەمجۆرە دەستپێکی پەنێڵەکەی کردەوە: «زۆر جار گوتراوە کە ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی لە قۆناغە قورسەکان و لە سەردەمی «جیهانێکی نادڵنیایی ، گۆڕانکاری دۆخی ئابووری، گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکان» تاقی دەکرێنەوە و هەڵسەنگاندنیان لەسەر دەکرێت. بەوەی چۆن ئەو ڕابەرە توانیوویەتی لەو قۆناخە سەختانەدا بڕیاری یەکلاکەرەو قورس بدات، کە ئەمە بۆ سەرکردە و لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە.

هەر بۆیە دەمەوێت بە ئامادەبووان ڕابگەیەنم کە ئەم گفتوگۆیە، دەربارەی ڕابەرایەتیکردنە لە قۆناغە سەختەکاندا «Fireside Chat»، دەربارەی بیرکردنەوەی ئەو ڕابەرەیە کە خۆڕاگر بێت و قۆناغە سەختەکان تێپەڕێنێت و پرۆسەی گەشەپێدانیش بەردەوام بێت.

هەر بۆیە شانازی دەکەم کە ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ خاوەن پایە مەسرور بارزانی ئەنجام دەدەم. ڕابەرایەتیی ئەم خاوەن پایەیە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە «هاوسەنگ ڕاگرتنی سەقامگیری، گەشەی ئابووری، ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی حکومەتی کوردستان»، لەم چوارچێوەیەدا دەبێت ستایشی ڕابەرایەتی خاوەن پایە مسرور بارزانی

**هەموو هەوڵێک درا بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان نەمێنێت، بەڵام کوردستان بە بەهێزی و بە ئارامی و سەقامگیری و بەبەردەوامیی گەشەپێدان مایەوە**

**لەسەر ئاستی جیهان ژمارەی ئەو سەرۆک حکومەتانەی کە توانیویانە ئالنگارییەکان تێپەڕێنن و دەرفەتەکان بقۆزنەوە، لە پەنجەکانی یەک دەست تێپەڕ ناکەن**

**پاراستنی ئەم سەقامگیرییە باشترین هۆکارە بۆ سەرنجڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لە سەرانسەری جیهاندا، بۆ ئەوەی بێن بۆ هەرێمەکەی ئێمە**




بکەین، دەبێت ئەو ساتانە بێنینەوە بەرچاوی خۆمان کە چۆن توانی لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی ناوچەیی و هەرێمیدا ئالنگارییەکان تێپەڕێنێت و لە هەمان کاتدا ئاسایش و سەقامگیری و گەشەپێدان لە کوردستان بەردەوام بێت.

بیروبۆچوون و ستراتیژیەتی بەڕێزیان بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت، خۆڕاگریی کوردستانی زیاد کرد، ژینگەیەکی ڕەخساندووە کە تیایدا بزنێس دەتوانێت گەشە بکات و پەرە بە ژێرخانەکان بدرێت و دەرفەتەکان فراوان و زیاتر بن.

بەڕێوەبردنی ئەم پەنێڵە، دیسان دەیڵێمەوە بۆ من شەرەفێکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەوانەی ئەمجۆرە پەنێڵە بەڕێوە دەبەن، ئەو شوێنەیان نەبینیوە کە قسەی لەسەر دەکەن، بەڵام من ئەو هەلەم بۆ هەڵکەوت و سەردانی کوردستانم کردووە و لەوێ ئەو سەرکەوتنانەم بە چاوی خۆم بینیوە کە بەڕێز خاوەن پایە بۆ خەڵك و هەرێمەکەی ئەنجام داوە، بۆیە لە سەرەتادا دەمانەوێت گوێبیستی ئەو ستراتیژیەتەی ئێوە بین کە بۆ بەڕێوەبردنی نیشمانە ئازیزەکەتان پیادەتان کردووە».

**پەند وەرگرتن لە هەڵەکان و**
**گۆڕینی ئالنگارییەکان بۆ دەرفەت**

ئاراستەکردنی پرسیارێکی گەورەی لەمجۆرە کە پێی دەڵێت «دەمانەوێت گوێبیستی ئەو ستراتیژە بین کە ئێوە بۆ بەڕێوەبردنی نیشتمانەکەتان پیادەتان کردووە»، لە کۆڕبەندێکی جیهانی بە ئاستی «لووتکەی حکومەتەکانی جیهان» ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکرێت، کە تەنیا هەرێمێکە لە ناو سیستمی فاشیلی فیدراڵی لە عێراقدا و، خودی ئەو سیستمە دادگا فیدراڵییەکەی کردووەتە ئامێرێك بۆ ڕەتکردنەوەی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و،حکومەتە فیدراڵییەکەی یاری بە مووچەی فەرمانبەران و پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەکەی دەکات، ئەمە بێجگە لە هێرشی بەردەوامی درۆنی چەکدارە لە یاسا دەرچووەکان و هێرشی بالیستی بۆ سەر پایتەختەکەی لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە وەك لووتکەکە گەواهی بۆ داوە، «بەڕێز مەسرور بارزانی چیرۆکی سەرکەوتنی کوردستانی تۆمار کردووە».




تەنیا ئەم پرسیارە زۆر لە ناونیشانی ئەو کتێبە گەورەترە کە پرۆفیسۆر شیللی ڕیگەر داڤیدسۆن لەسەر تایوان بە ناونیشانی «بۆچی تایوان گرنگە: دوورگەیەکی بچووك، هێزێکی جیهان- Why Taiwan Matters: Small Island، Global Powerhouse-»» نووسیووە.

هەروەها تەنیا ئەم پرسیارە زۆر لە ناونیشانی کتێبەکەی لی کوان یو «لە جیهانی سێیەمەوە بۆ یەکەم: سەنگافورا و بووژانەوەی ئابووریی ئاسیا - From Third World to First: Singapore and the Asian Economic» گەورەترە، کە هێلموت کۆل ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا لەسەری نووسیوە: «لی کوان یو، هونەرێکی تازەی دەوڵەتمەداری فێرکردین کە لە ڕۆژئاوا بوونی نییە»، هەورەها جیرال فۆرد کە یەکێکە لە سەرۆکەکانی ئەمریکا لەسەری نووسیوە: «لی کوان یو، یەکێکە لە دەوڵەتمەدارە گەورەکان، کتێب و بیرەوەرییەکانی شێوازێکە لە تەحەددی، بۆیە بۆ ئەوانەی لایەنگری ئەون، یان لایەنگری نین، گرنگە ئەو کتێبە بخوێننەوە».

ئەوجا لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، کە چیرۆکی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی زۆر لە هەر دوو چیرۆکی سەرکەوتنی «سەنغافورا و تایوان» قورسترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك لە ساڵی ١٩٦٥ سەنغافورا دەستی کرد بە پرۆسەی بونیادنانەوە، بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی ناوخۆش ڕکابەری سیاسی و بەناو ئۆپۆزسیۆنی تێکدەری نەبووە، هەروەها تایوانیش کە لە ساڵی ١٩٧١ ئەندامیەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێ سەندرایەوە، نەبووە بە بەشێك لە کۆماری چینی میللی، بەڵکو وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی دیفاکتۆ مایەوە و، جیهانی ڕۆژئاوا وەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و پاراستنی تایوانیان هەر لە ١٩٧١ـەوە تا دەگاتە ئێستا مسۆگەر کردووە.

بەڵام هەرێمی کوردستان هەر لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە، بە شێوەیەکی گشتی و لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، وەك هەرێمێکی فیدڕاڵی لەناو

**سەرکردە و دەوڵەتمەدارە سەرکەوتووەکانی جیهان کاتێک لە نووسینەوەی چیرۆکی بونیادنانەوەی نەتەوەی خۆیان سەرکەوتوو دەبن، لە کۆڕ و کۆڕبەند و لووتکە جیهانییەکاندا داوای ئەوەیان لێدەکرێت کە «ڕاسپاردە و ڕێنمایی»یان بۆ سەرکردەکانی دیکەی جیهان چییە بۆ ئەوەی ئەوانیش دووبارەی بکەنەوە و سەرکەوتوو بن**

**هەر سەرکردە و دەوڵەتمەدارێکی سەرکەوتوو لەناو خواست و ئازاری نەتەوەکەی خۆی خاوەنی داهێنانی چەند چەمکێکە کە دەبێتە نەخشە ڕێگای پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە و پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام لە وڵاتدا**

عێراقدا بەپێی دەستووری دەوڵەتەکە مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، بەپێچەوانەوە دامەزراوەکانی ئەم دەوڵەتە لو حکومەتە فیدراڵییەکەشی کێشەی قورسیان بۆ دروستکردووە و ، سەرباری ئەمانەش گرووپ و میلیشیای لەیاسادەرچوو و دەوڵەتانی دراوسێ بە «هێزی سەربازی، بە گەمارۆی ئابووری، بە ڕەتکردنەوەی مافە دەستوورییەکانی»، هەموو هەوڵێك داوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان نەمێنێت، بەڵام وێرای هەموو ئەمانەش ئیرادەیەك توانی ، کوردستان بە بەهێزی و بە ئارامی و سەقامگیری و بەبەردەوامیی گەشەپێدان مایەوە.

ماوەی پێنج ساڵی ڕابردووی کە لەگەڵ دەستپێکی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە جیهاندا هەموو حکومەتەکانی شڵەژاند و شپرزەی کردن، بەپێی داتا و ئاماری ئەو ڕاپۆرتانەی لە کۆنفرانس و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا ڕاشکاوانە ئاماژەیان پێکراوە «لەسەر ئاستی جیهان ژمارەی ئەو سەرۆك حکومەتانەی کە توانیویانە ئالنگارییەکان تێپەڕێنن و دەرفەتەکان بقۆزنەوە، لە پەنجەکانی یەك دەست تێپەڕ ناکەن و لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بێجگە لە مسرور بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ حکومەتێك نەك نەیتوانیوە سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێت، بەڵکو نەیانتوانیوە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئالنگارییەکان بکەن و بە شێوەیەکی دروست تەنگژەکان بەڕێوە بەرن».

لە وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگەدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە چیرۆکی سەرکەوتنی ستراتیژیەتی هەڵسووڕاندنی حکومەتەکەی بۆ سەرۆکی حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و سەرۆکی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان دەخاتەڕوو:

«بێگومان، بەڕێزت وەك هەوڵی کەسیی و هەروەها وەك حکومەتی ئیماراتیش ڕۆڵێکی باشتان هەبووە لە پشتگیری و یارمەتیدانی ئێمە، بۆیە دەبێت سوپاسی خۆم پێشکەشی ئێوە و حکومەتی ئیمارات بکەم.

ئاشکرایە هیچ کەسێك ناتوانێت بە تەنیا هیچ شتێك ئەنجام بدات، بۆیە من زۆر سوپاسگوزارم کە بڵێم: شەرەفمەندم کە ستاف و خەڵکێکی زۆر دڵسۆزی باشمان هەیە کە شەو و ڕۆژیان خستە سەریەك و بێوچان کاریان کرد، بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە.

وەك هەموو نەتەوە و زۆریك لە وڵاتانی دیکەش، ئێمەش ڕووبەڕووی چەندین ئالنگاری بووینەتەوە، بەڵام ئامانجی ئێمە ئەوە بوو هەنگاو هەڵبگرین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، دڵنیا بین لەوەی زیانەکان کەمترین بن و، پەند لە هەڵەکانی خۆمان وەربگرین و، هەروەها مەترسییەکان بگۆڕین بۆ دەرفەت، لە هەمان کاتدا هەوڵ بدەین، بەو ئاراستەیەی چۆن دەتوانین ئابووریی خۆمان پێش بخەین، کە هاریکار بێت بۆ سەقامگیریی سیاسی و پاراستنی ئەو سەقامگیرییەی کە لە کوردستان فەراهەم کراوە. کە هەتا ئێستاش پاراستنی ئەم سەقامگیرییە باشترین هۆکارە بۆ سەرنجڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لە سەرانسەری جیهاندا، بۆ ئەوەی بێن بۆ هەرێمەکەی ئێمە. هەوڵ دەدەین ناکۆکی و کێشە سیاسییەکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدەین ئەو دەرفەتانەی دێنە پێش و دەتوانین جێبەجێیان بکەین، ئەنجامی بدەین، زۆر بە توندوتۆڵی کار لەگەڵ کەرتی تایبەت دەکەین، چاومان لەسەر ئەوەیە چۆن دەتوانین چاکسازی لە پرۆژەکانی حکومەت و ئەو دۆسیەیەی بۆ چاکسازی لە کوردستان هەمانە ئەنجامی بدەین. دەتوانم بڵێم هەتا ئێستا سەرکەوتوو بووین لە بەدەستهێنانی زۆرێك لەو ئامانجانەی کە هەمان بووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆریش ماوە کە دەمانەوێت لە داهاتوودا بەدییان بهێنین».

### ڕێنمایی و ڕاسپاردەی مەسرور بارزانی بۆ تێپەڕاندنی ئالنگارییەکان و سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان

سەرکردە و دەوڵەتمەدارە سەرکەوتووەکانی جیهان کاتێك لە نووسینەوەی چیرۆکی بونیادنانەوەی نەتەوەی خۆیان سەرکەوتوو دەبن، لە کۆڕ و کۆڕبەند و لووتکە جیهانییەکاندا داوای ئەوەیان لێدەکرێت کە «ڕاسپاردە و ڕێنمایی»یان بۆ سەرکردەکانی دیکەی جیهان چییە بۆ ئەوەی ئەوانیش دووبارەی بکەنەوە و سەرکەوتوو بن. لەم چوارچێوەیەدا عەبدوڵڵا لۆتا، ڕوودەکاتە

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێی دەڵێت: «کاتێك سەیری ڕابەرایەتی تۆ دەکەم لە تێپەڕاندنی ئالنگارییەکاندا لە جیهانی سەر تا پێ گۆڕاودا، شتی زۆر سەرسوڕهێنەر دەبینم، ڕێنمایی سەرسام دەبینم، بۆیە من پێموایە زۆرێك لەو ئامادەبووانەی لێرە دانیشتوون بە خۆشمەوە، خۆشحاڵ دەبین، ئەگەر هەندێك وانە و ڕێنماییمان پێ بڵێیت سەبارەت بەوەی ئایا چۆن سەیری سەرکردایەتی دەکەیت لە بوارەکانی «کاری جددی و ورد، سیاسەت، ژینگە، گۆڕینی کەشوهەوا، ئابووری، کۆمەڵایەتی، چاوەڕوانیی گەنج» ئەگەر ئامۆژگاری بدەیت سەبارەت بە سەرکردایەتی لە ئێستا، ئایا دەتەوێت سەرکردەکان چی بکەن؟

## «دڵسۆزی، ڕاستگۆیی، پێداگری، خۆڕاگری»

هەر سەرکردە و دەوڵەتمەدارێکی سەرکەوتوو لەناو خواست و ئازاری نەتەوەکەی خۆی خاوەنی داهێنانی چەند چەمکێکە کە دەبێتە نەخشە ڕێگای پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە و پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام لە وڵاتدا، لەم چوار چێوەیەدا سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەمجۆرە ڕێنمایی و ڕاسپاردەی خۆی ئاراستەی هەموو سەرکردەکانی ئێستای جیهان دەکات: «دڵسۆزی، ڕاستگۆیی، پێداگری، خۆڕاگری» ئەمانە کۆمەڵێك سیفەتن کە پێویستە هەموو سەرکردەیەك هەیبێت، هەروەها پێویستە هەموو کات ئەو سیفەتەی هەبێت کە هاووڵاتیان بکاتە سەنتەری هەموو دۆسیەکانی و، زۆر بە باشی لەوە تێبگات، گەلەکەی دەیەوێت چی بۆ بکەیت، بۆیە ئێمە سەیری نەتەوەکەی خۆمانمان کرد و سەیرمان کرد، پێویستە چی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێواز خزمەتی نەتەوەی خۆمان بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کارە بکەین، ئەوا پێویست دەبێت لەسەرمان کە هەندێك هەنگاو هەیە، دەبێت هەڵیبگرین، پێویستە لە سەرت کە چەندین سازش و کۆمپرۆمایز بکەیت، لە چەندین بەرەی جیاوازەوە شەڕ بکەیت، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیخەیتەوە خزمەتی هاووڵاتیان، هەوڵمان دا، جەخت بخەینە سەر خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان و چۆن دەتوانین ئەم ئامانجە بەدی بهێنین، بێگومان بۆ ئەمەش مەزندەکان زۆر زۆرن، لەم پرۆسەیەدا گەنجان زیاتر هاندەرن و دەیانەوێت داهاتوویەکی باشتریان هەبێت، هەروەها بەتەمەنەکانیش لە شێوازێکی تایبەتی گوزەران ڕاهاتوون و پێویستە پێداویستییەکانی ئەوانیش دابین بکرێن. ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نیوان ئەم دوو نەوەیە تا ڕادەیەك کارێکی قورسە، بەڵام مەحاڵیش نییە. هەروەها پێویستمان بەوەیە سەیری دەرفەتی جیاواز بکەین، هەروەها پێویستە سوود لە چیرۆکی سەرکەوتنی ئەو دەوڵەتانە وەربگرین، کە بەم ئاراستەیە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. سەبارەت بە ئێمە چیرۆکی سەرکەوتنی ئیمارات مۆدێلێکە بۆ ئێمە و یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکاری و ڕیفۆرمەی لە هەرێمی کوردستان دەستمان پێکردووە، خێراتری بکات.

## ڕۆڵی گەنجانی چالاك و بەهرەدار
## لە بونیادنانەوەی داهاتووی کوردستاندا

بایەخدان بە بەهرە و لێهاتوویی گەنجان و پەروەردەکردنیان بە شێوازێکی دروست و، ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ دروستکردنی هەلی کاری شایستە، یەکێکە لەو نیشانانەی ئەدای حوکمڕانیی باشی پێ دەناسرێتەوە، هەر بۆیە سەنتەرە جیهانییەکانی ڕوپێو و ڕاپرسی ئەنجامدەدەن بۆ ئەوەی دیراسەتی ناوچەیەکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن، لە هەنگاوی یەکەمیاندا گەنجانی ئەو ناوچانە ڕووبەڕووی پرسیارێکی سەرەکی دەکەنەوە و لێیان دەپرسن «بۆچی حەزتان لە شوێنکەوتنی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی توندڕۆیی ئایینییە؟» لە وڵامدا بەشی هەرە زۆری گەنجانی ئەو وڵاتانە وەڵامیان ئەوەیە «حکومەت توێژی گەنجی فەرامۆش کردووە و هیچ پرۆژەیەکی بۆ پەروەردەی گەنج و دۆزینەوەی هەلی کاری بۆ گەنجان نییە، بۆیە گەنجەکان نائومێد بوون و ڕوو لە توندڕەوی و توندئاژۆیی دەکەن»، بەپێچەوانەی ئەو واقیعەی لە ناوچەکە هەیە. عەبدوڵڵا لۆتا کاتێك سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات، واقیعێکی دیکەی بینیوە، بۆیە لە سەرۆك وەزیران دەپرسێت: «کاتێك سەردانی هەولێرم کرد،

**چیرۆکی سەرکەوتنی ئیمارات مۆدێلێکە بۆ ئێمە و یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکاری و ڕیفۆرمەی لە هەرێمی کوردستان دەستمان پێکردووە، خێراتری بکات**

**بایەخدان بە بەهرە و لێهاتوویی گەنجان و پەروەردەکردنیان بە شێوازێکی دروست و، ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ دروستکردنی هەلی کاری شایستە، یەکێکە لەو نیشانانەی ئەدای حوکمڕانیی باشی پێ دەناسرێتەوە**



بەڕاستی شارێکی جوانم بینی کە شایستەی ئەوەیە سەردانی ئەو شارە جوانە بکرێت، شایەنی ئەوەیە لەو شارە وەبەرهێنان بکرێت، شایەنی ئەوەیە چێژی لێوەربگیرێت، لەم سەردانەمدا ژمارەیەك گەنجی زۆر چالاك و خوێن گەرمم بینی، بۆیە بەڕاستی دەمەوێت زووم بخەمە سەر ئەم دیاردەیە و بپرسم: «ڕۆڵی گەنجانی کوردستان لە گەشەسەندنی ساڵانی داهاتووی کوردستان چۆن دەبینی؟

**پەروەردەیەکی تەندروست، سوودوەرگرتن لە بەهرەکانیان**
**ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ فەراهەکردنی هەلی کار**

گەنجان سەرمایە و ڕۆحی بزوێنەری داهاتووی هەر نەتەوە و وڵاتێکن، لە هەمان کاتدا سەرچاوەی هەڕەشە و ئالنگاریی داهاتووی هەر وڵاتێکیشن، کەواتە پەروەردەی گەنجان شمشێرێکی دوو سەرە و، ئەگەر بتوانرێت بە باشی بەکار بهێنرێت، ئەوا دەتوانرێت هەموو ئالنگاریی و مەترسییەکانی پێ تێپەڕندرێت، بەڵام ئەگەر توانا و لێهاتوویيان پشتگوێ خرا و فەرامۆش کرا و سوودی لێوەرنەگیرا، ئەوا ئاکامەکە بە تەواوەتی پێچەوانەوە دەبێتەوە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و خستنەڕووی ستراتیژیەت و تێڕوانینی حکومەت بۆ گەنجانی کوردستان، مەسرور بارزانی بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:

«بێگومان بە بەردەوامی (پەروەردە) یەکەم لایەنە کە پێش هەر شتێکی دیکە بایەخی پێ بدرێت، لەم چوارچێوەیەدا هەوڵمان داوە، ئەو دامەزراوانە بونیاد بنێین کە بە ئاستی ستاندەری جیهانی پەروەردە و خوێندن بۆ گەنجەکانمان دابین بکات. من شانازی دەکەم کاتێك دەڵێم ئێستا ئێمە چەندین زانکۆی جیاوازمان هەیە، هەندێکیان کەرتی گشتین و هەندێکیان کەرتی تایبەتن، زۆربەی دەرچووانی ئەو زانکۆیانە لە ئێستا، یان ئەوەیە لە کەرتی تایبەت ئیش دەکەن، یان خاوەنی بزنێسی خۆیانن، حکومەت پشتگیری تەواوە بۆ یارمەتیی ئەوانەی دەتوانن داهێنان لە دۆزینەی بزنێس بکەن، یان ئەو کۆمپانیا تازانەی دادەمەزرێن.




بۆ ئەم پرسە دەستمان بە چەندین پرۆژە کردووە، یەکێك لەوانە بۆ نموونە بەرنامەی «گەشە - Bloom»یە کە تیایدا حکومەت قەرز دەداتە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بایەخ بە کاری تایبەتیی خۆیان بدەن، چاوم بە ژمارەیەك لەو خەڵکانە کەوتووە کە سوودیان لەم بەرنامەیەی حکومەت وەرگرتووە، سەرەنجامیش ئەم پرۆژەیە بووەتە هاندەر بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش هەمان ڕێگەی ئەو پرۆژە و بزنیسە سەرکەوتووە بگرێت کە ئەو خەڵکانە تێیدا سەرکەوتوو بوون و، توانیویانە هەلی کار بۆ چەندین خەڵکی دیکە فەراهەم بکەن. هەر بۆیە بە مەزندەی من کاری حکومەت ئەوەیە وەك لایەنێکی ڕێکخەر کارئاسانی پێشکەش بکات، نەك فەرزی بکات کە خەڵك چۆن دەیانەوێت لەم وڵاتە بژین.

بێگومان گرنگە هەموو شتێك لە چوارچێوەی یاسا بەڕێوە بچێت، وەك ئاشکرایە، ئەگەر حکومەت بتوانێت لە چوارچێوەی یاسا یارمەتیی گەنجان بکات، کە داهێنان بکەن لە شێوازی تایبەتی ژیانی خۆیان، بە بۆچوونی من ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ هاندانی گەنجان، خۆشحاڵم کە دەڵێم ئەمڕۆ لە کوردستان خاوەنی نەوەیەکی گەنجی زۆر دڵسۆزین کە ئامادەیە تەحەددا بکات و هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت.

## ڕاگرتنی بەڵانس لە نێوان وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکیدا

فاکتەری سەرەکیی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی «پەرەپێدانی بەردەوام» بۆ هەر وڵاتێك، بونیادنانی ژێرخانێکی پتەوە بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و فەراهەمکردنی زەمینەی لەبارە بۆ سەرنجڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج لە ئاستی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بدەین، دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بزنێس و وەبەرهێنان و کۆمپانیا ناوخۆییەکان زیاتر بەرەو پێشەوە دەچن و گەورەتر دەبن، لە هەمان کاتدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش وەبەرهێنەر و بزنێسمان و کۆمپانیا گەورەکانی بیانی زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێت، کە متمانەی بەرز لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بە وەبەرهێنان لە کوردستاندا بوونی هەیە، ئەم لایەنەش یەکێکە

لەو تایبەتمەندییانەی کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان فراوانتر لە پێشتر بونیادی ناوە، بۆیە بەڕێوەبەری پەنێلکە بەمجۆرە پرسیار ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی کوردستان دەکات:

خاوەن پایە، زۆر بە جوانی لەسەر پرسی گەنجان وەڵامت داینەوە، بۆیە دێمە سەر لایەنێکی دیکە کە ئەویش پرسی «وەبەرهێنانی بیانی»یە، ئایا چۆن توانیوتە ئەم فرصییە لەناو کوردستان دروست بکەن، لە کاتێکدا دەتوانی چاودێریی ئەو وەبەرهێنەرە گەورانە بکەن کە لە دەرەوە دێنە کوردستان و پشتگیریی وەبەرهێنانی بیانی دەکەن، لە هەمان کاتدا ئەوەشت لەبەر چاو گرتووە، بەوەی دەتەوێت گەنجەکانیش لە ناو کوردستان لەخۆ بگرێت؟

## ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکیدا
## هاریکاری و هەماهەنگیی تەواو لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا

سەقامگیریی ئابووری و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان لە چوارچێوەی پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوامدا، ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان ئاستی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی، هەروەها هاریکاریی و هەماهەنگی تەواو لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا، ئەمەش بەو مانایەی چەند فرەیی لە وەبەرهێنیانی ناوخۆیی و دەرەکی لە وڵاتدا بوونی هەبێت و هەماهەنگی و هاریکاری تەواو لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت هەبێت، ئەوا هەم سەرچاوەکانی داهات و دۆزینەوەی هەلی کار زیاتر دەبێت، هەمیش کەرتی گشتی دەستی واڵاتر دەبێت بۆ ئەوەی ڕیفۆرمی گرنگ لە پرۆسەی حوکمڕانیی وڵات بێنێتە ئاراوە و سەبارەت بە دروستکردنی ئەم هاوسەنگییە لەناو پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا، سەرۆک وەزیرانی کوردستان بەمجۆرە باسی هەوڵەکانی حکومەتی کوردستانی پێشکەشی ئامادەبووان کرد:

«ئێمە نامانەوێت هیچ لایەکیان» گەنجان یان کۆمپانیا گەورە بیانییەکان» پشتگوێ بخەین، با گریمانەی ئەوە بکەین لە کوردستان کۆمپانیای گەورە و کۆمپانیا و بزنێسی بچووکی گەنجانیشمان هەیە، لەم چوارچێوەیەدا ئێمە هەوڵمان داوە هەلی یەکسان بۆ هەموویان بڕەخسێنین، سەبارەت بە کۆمپانیا گەورەکان، ئێمە یاسایەکی وەبەرهێنانی زۆر سەرنجڕاکێشمان هەیە و کارئاسانی و لێبوردنی باجیان پێشکەش دەکات، ئەمەش هانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی دەدات، بێن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن. بێگومان لە پەیوەندی بەو تەنگژانەی ئێمە پێیدا تێپەڕ بووین، ئەم ئاراستەیە سوودێکی زۆرمان لێ بینیوە، بەتایبەتیش لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، یان لەو کاتانەی کێشەی سیاسیمان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبوو، بەتایبەتی کە تەواو بودجەی هەرێمی کوردستانیان کەم کردبوو، ئەوەی بووە یارمەتیدەری ئێمە، کەرتی تایبەت بوو، ئەوە کەرتی تایبەت بوو سەرەڕای هەموو ئالنگارییەکان بووە هۆکاری ئەوەی پارێزگاری لە بەردەوامیی پرۆژە ئابوورییەکەمان بکەین، بۆیە توانیمان بە کردەیی بچینە پێش و ڕانەوەستین هەتا ئێستا، بێگومان لەلایەکی دیکەوە هاوکار بووە بۆ چەندین لایەنی دیکەی ئابووری و دۆزینەوەی هەلی کار، کە بەردەوام پێویستمان بەوەیە چاومان لەسەر چینی ناوەند بێت، بەردەوام پێویستمان بەوەیە چاومان لەسەر ئەوانە بێت کە پێشەنگن لە دۆزینەوەی کاردا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمانە هەتا ئەو پەڕی هەلی کار دابین دەکەن، بۆ ئەوانەی بە دوای کاردا دەگەڕێن، لەمەشدا مەبەستم ئەوەیە نابێت کارێك بکەین کە حکومەت تەنیا سەرچاوەی هەلی کار بێت، بەڵکو لە ڕاستیدا کەرتی تایبەت دەتوانێت هاریکاریی حکومەت بێت بۆ ئەوەی چەندین ریفۆرم بکات بە ڕێگەی کەمکردنەوەی قەبارەی کەرتی گشتی ئەنجامبدات.

## وەرچەرخان لە حکومەتی کلاسیکییەوە بۆ حکومەتی دیجیتاڵی

خۆگونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم بەتایبەتی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا بۆ دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، کارێکی ئاسان نییە و، دەبێت بڕیاری یەکلاکەرە و قورسی لەبارەوە بدرێت.

لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمەوە یەکێك لە ئەولەوییەتەکانی بەرنامەی ئەم کابینەیە ئەوە بووە کە دەبێت ژێرخانێکی پتەو بۆ حکومەتی دیجیتاڵی بونیاد بنرێت، ئەم هەنگاوە کە ئێستا

**گەنجان سەرمایە و ڕۆحی بزوێنەری داهاتووی هەر نەتەوە و وڵاتێکن، لە هەمان کاتدا سەرچاوەی هەڕەشە و ئالنگاریی داهاتووی هەر وڵاتێکیشن**

**کاری حکومەت ئەوەیە وەک لایەنێکی ڕێکخەر کارئاسانی پێشکەش بکات، نەک فەرزی بکات کە خەڵک چۆن دەیانەوێت لەم وڵاتە بژین**

**فاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەی «پەرەپێدانی بەردەوام» بۆ هەر وڵاتێک، بونیادنانی ژێرخانێکی پتەوە بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و فەراهەمکردنی زەمینەی لەبارە بۆ سەرنجڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی**

**سەقامگیریی ئابووری و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان لە چوارچێوەی پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوامدا، ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان ئاستی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی**

زۆر چووەتە پێشەوە بە پێداگری شەخسی سەرۆکی حکومەت گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئێستا لە دوایین قۆناغدایە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی ببێتە حکومەتێکی دیجیتاڵی، سەبارەت بەم هەنگاوە گرنگە پێشکەشکاری پەنێلەکە بەمجۆرە پرسیارەکەی ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی کوردستان دەکات: «لەبەر ئەوەی رۆژانە وەبەرهێنەران دەبینم، شتێکم لێ بیستوون ئەگەر هەڵە بووم بۆم راست بکەوە، جارێکیان لە وەبەرهێنەرێکم بیست کە وا تۆ نایەوێت راستەوخۆ بە کاغەز مامەڵە لەگەڵ حکومەت بکرێت، حەزت لێییە هەموو گەورەی بریوە، ئەم وەرچەرخانە زۆر بە ئاسانی هاوولاتیانی پارێزگاکانی عێراق هەستی پێدەکەن و خۆیان لە میدیاکانەوە ئاماژە بەوە دەکەن ئەو مامەڵەی لە هەندێك فەرمانگەی هەرێمی کوردستان وەك فەرمانگەی «هاتوچۆ، رەگەزنامە، خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و... هتد» بە نیو کاتژمێر جێبەجێ دەکرێت، لە هەمان فەرمانگەی حکومەتی فیدراڵی بە ١٠ رۆژ جێبەجێ ناکرێت، سەبارەت بەم وەرچەرخانە گەورەیە سەرۆك وەزیرانی کوردستان بەمجۆرە ئەم وەرچەرخانەی بۆ ئامادەبووانی لووتکەی حکومەتەکان خستەڕوو.




شتێك ببێتە دیجیتاڵی، ئایا چی دەگوزەرێت لە کوردستان؟ ئایا ئەوەیە کە وەبەرهێنەران باسی دەکەن، لەگەڵ ستراتیژیەتی دیجیتاڵی چۆن دەگوزەرێت؟

**سەرەتایەکی زۆر باش**
**بۆ وەرچەرخان بەرەو سیستمی دیجیتاڵی**

بە بەراوردی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی فیدراڵی عێراق، لەگەڵ ئەوەی وەك سەرۆك وەزیران دەڵێت: «ئێمە لە سەرەتایەکی زۆر باشداین بۆ وەرچەرخان بەرەو سیستمی دیجیتاڵی»، بەڵام ئەم وەرچەرخانە لە کۆمەڵێك کەرتی گرنگی حکومەت ئێستا کاری پێدەکرێت و لەسەر ئاستی سیستمی بانکیش پرۆژەی هەژماری من هەنگاوی

« بەڵێ، بەرنامەیەکی زۆر بەهێزمان هەیە بۆ بەدیجیتاڵکردنی سیستەمەکەمان کە بوارەکانی «خزمەتگوزاری گشتی، دامەزراوە دارایی و ئابوورییەکان، کاروباری بازرگانی، یان کاروباری رۆژانە» دەگرێتەوە، هەر بۆیە لە ئێستادا چاومان لەسەر ئەوەیە کە باشترین رێگە بگرینە بەر بۆ ئەوەی زۆر بە باشی سیستەمەکەمان بکەینە دیجیتاڵی، خەڵکانی خۆمان فێر بکەین و رایانبهێنین بۆ ئەوەی بزانن چۆن ئەم سیستەمە تازەیە بەکار بهێنن. بێگومان نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، ئێمە نەوەیەکی بە تەمەنمان هەیە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی ئەم تەکنەلۆژیا تازەیە بەکار نەیەت، بەڵام ئەم هەوڵانە رامانناگرێت و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەداین بەردەوامی بە



پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە بدەین، بۆ ئەوانەی کە پێویستیان پێیەتی.

لە هەمان کاتدا سەنتەرێکی داتای زۆر پێشکەوتوومان لەسەر بنەمای شیکاریی داتا و هەژماری ئەو داتایانەی هەمانە دروست کردووە، لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین سیستمێك دروست بکەین، کە لە میانەیەوە هاووڵاتیان بتوانن بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ کاروباری ڕۆژانە و خواستەکانی خۆیان بکەن و، تەنانەت مامەڵەیان لەگەڵ حکومەتیش پێویستی بەو هەموو ڕۆتینە نەبێت، کە تووشی بێزارییان بکات.

هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە ئەو هەموو ڕێوشوێنانە ڕۆتینیانەی پێشتر دەگیرانەبەر، کەمیان بکەینەوە، هەر بۆ نموونە لەبری ئەوەی هاووڵاتیان ڕیزی درێژ بگرن بۆ ئەوەی پارەی کارەبا بدەن، یان هەر پارەیەکی دیکە کە پێویستە بیدەن، ئێستا لەگەڵ ئەم سیستمە تازە و ئەم وەرچەرخانە دیجیتاڵییە دەتوانن هەر کاتێك بیانەویت بە ڕێگەی مۆبایلەکەی دەستی بیدات، ئەمەش جۆرێکە لەو شتانەی کە خەڵك مەزندەی دەکات کە ئێمە ئێستا لە قۆناغی وەرچەرخانداین، من ناڵێم ئێمە توانیومانە هەموو شتێك بکەین، بەڵام لە سەرەتایەکی زۆر باشداین».

### ئایندەی کوردستان
### لە ماوەی ١٠ساڵی داهاتوودا

دەوڵەتمەداری سەرکەوتووی خاوەن ئەزموون تەنیا پرسیاری ئەوەی لێ ناکرێت، چۆن لە ڕابردوودا ئالنگارییەکانی تێپەڕاندووە و چۆن سوودی لە دەرفەتەکان وەرگرتووە، بەڵکو مەزندەکانیشی وەك بنەمایەك بۆ ئاینده بە گرنگ لە قەڵەم دەدرێت، لەم چوارچێوەیەدا پێشکەشکاری پەنێڵەکە بەمجۆرە پرسیار لە سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکات: «ئێمە کاتێك باسی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دەکەین، ئەوا پرسەکە بەندە بە داهاتووی زیرەکیی دەستکرد و چەندین پرسی دیکەوە، با لێرەوە قسەکانمان ئاراستەی ئەو جەماوەرە بکەین کە لەم لوتکەیە ئامادەن و ئەوانەشی بە ڕێگەی ئەنتەرنێت دەمانبینن و گوێمان لێدەگرن، ئەگەر داوا لە پایەدار مسرور بارزانی بکەین کە وێنای کوردستان لە دوای ١٠ساڵی دیکە چۆن دەبێت؟ یان ئایا خەون و تێڕوانینت بۆ نەتەوەکەت چییە؟»."

**لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمەوە یەکێك لە ئەولەوییەتەکانی بەرنامەی ئەم کابینەیە ئەوە بووە کە دەبێت ژێرخانێکی پتەو بۆ حکومەتی دیجیتاڵی بونیاد بنرێت**



### خەونی ئێمە بۆ ١٠ساڵی داهاتوو ئەوەیە کوردستان ببێتە سەرچاوەی هیوا و پەرەپێدان بۆ هەموو جیهان

لەوانەیە باشترین پەیڤ بۆ ئەم خەونە گەورەیەی بەڕێز مسرور بارزانی، ئەو وتارە مێژووییەی مارتن لۆسەر کینگ بێت کە پەیڤی من خەونم هەیە «I have a dream» کردە تایتڵی وتارە بەناوبانگەکەیی و کردی بەو نەخشە ڕێگایەی کە جیهان بگەێنێتە ئەو قەناعەتەی کە «خەونی گەورە پیاوان» مەحاڵ نییە و، ئەو خەونە چەند گەورە بێت، ئەگەر ئیرادەیەکی گەورەی لە پشتەوە بووونی هەبێت هەر دێتە دی، سەبارەت بەم خەونە گەورەیە سەرۆك وەزیرانی کوردستان بەمجۆرە لە ڕێگەی پەنێڵی لووتکەی حکومەتەکانی جیهان ڕایگەیاند:

«کوردستان وڵاتێکی جوانە، ئێمە هەوڵ نادەین کۆپی، یان لاسایی هیچ دەوڵەتێکی دیکە بکەینەوە، بەڵکو دەمانەوێت لە سەرکەوتنی نەتەوە و دەوڵەتە سەرکەوتووەکان فێر بین، بۆیە لە ١٠ساڵی داهاتوودا، کوردستان بەو شێوەیە دەبینم کە ناوچەیەکی ئارام و ئاشتی و گەشەسەندوو و پێشکەوتووە و وەك هێمای ئومێد لەلایەن زۆر کەسەوە لەم ناوچە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکرێت و، دەبینم خاوەنی ئابوورییەکی پێشکەوتووی پەرەپێدانی بەردەوام و سیستمێکی دارایی دیجیتاڵییە،وەبەرهێنانێکی پێشوومار لەناوچە جیاوازەکانی ئەم جیهانەوە هاتوونە ئەم هەرێمە و وەبەرهێنان دەکەن، سیاسەتی فرەیی کردنی سەرچاوەکانی داهات کە ئێستا پێرەوی دەکەین و ئامانجمان ئەوەیە پەرە بە کەرتە جیاوازەکان بدەین، بۆ نموونە «کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار، خوێندن، تەندروستی». گەیشتۆتە قۆناخی کۆتایی.

هیوای ئێمە ئەوەیە کە کوردستان بتوانێت بگاتە ئەو ئاستەی نەك هەر تەنیا باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی گەلەکەی خۆی بکات، بەڵکو هیوای ئێمە ئەوەیە ببێتە هەرێمێك بۆ ئومێدی خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی جیهان بەو جۆرە سەیری کوردستان بکەن، وەك دەروازەیەکی تازە بۆ هیوا و پەرەپێدان».

**دەوڵەتمەداری سەرکەوتووی خاوەن ئەزموون تەنیا پرسیاری ئەوەی لێ ناکرێت، چۆن لە ڕابردوودا ئاڵنگارییەکانی تێپەڕاندووە و چۆن سوودی لە دەرفەتەکان وەرگرتووە، بەڵکو مەزندەکانیشی وەک بنەمایەک بۆ ئاینده بە گرنگ لە قەڵەم دەدرێت**

دکتۆر محەمەد شوکری
سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەسەرمایەی زیاتر لە ٢٣ ملیار دۆلار مۆڵەتی وەبەرهێنان بە ٦٣٧ پرۆژە دراوە

**١٤٣١ پرۆژەی وەبەرهێنان بە سەرمایەی ٧٤،٨٢٠،٠١٢،٦١٤ دۆلار لە ٢٠٠٦-٢٠٢٤ مۆڵەتیان پێدراوە**

**گەشەی پیشەسازی و گەشتیاری و کشتوکاڵی وەچەرخانی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە**

**سەقامگیری و ئاسایش بنەمای سەرەکیی بووژانەوەی ئابووری و بەدەستهێنانی هەلی کارن**



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە «لووتکەی جیهانی حکومەتەکان» ئاماژەی بە دوو بنەمای سەرەکی کرد، کە بوونەتە هۆی «ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و هاندانی گەشە و پەرەپێدانی ئابووری» ئەویش ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستانە. بۆ وتووێژکردن لەسەر هەنگاوەکانی گەشەکردنی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و هاوکاریی و کارئاسانییەکانی کە پێشکەش بە وەبەرهێنەران و بزنێسکاران کراوە و بووەتە هۆی بەدەستهێنانی هەزاران هەلی کار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ساز دا.

**سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بەڕێوەبردنێکی وردی زانستییانە و واقیعبینانە توانیویەتی وەرچەرخانەکان لەناو قەیرانەکاندا دروست بکات**

**زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکان جوانترین بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەو گەشە و بووژانەوە ئابوورییەن کە لەم کابینەیەدا بەدیهات**

**دوای ئەو زنجیرە دیدار و چاوپێکەوتنانەی ڕێزدار سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە دەیان گەورە کۆمپانیای بەناوبانگی جیهان بەڵێنیان داوە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بکەن**

*** کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جیاواز لە کابینەکانی پێشووی خۆی، گرنگییەکی زۆری بە ئەنجامدانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان داوە، هەروەکو سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە لووتکەی جیهانی حکومەتەکان لە دوبەی جەختی لەسەر کردەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا تا چەند ئێوە وەکو دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان توانیوتانە ئەم کارنامە و دیدگایە جێبەجێ بکەن؟**

- لە ساڵی ٢٠١٩ـەوە لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ڕێژەی سەرمایەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان تاکو ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زۆر خێرا و پێوانەیی ڕووی لە هەڵکشان کردووە، بە ڕاددەیەك لەو ساڵەدا لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی کابینەکە لە سەرووی دوو ملیار و نیو دۆلار وەبەرهێنان بەگەڕ خراوە و لە ساڵی ٢٠٢٣ زیاتر لە ٤،٣١٥،٢٧٤،٩٣٨ دۆلار بووە، واتە بۆ سەرووی ٤ ملیار دۆلار ڕووی لە هەڵکشان کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٤دا بە بڕی ٣،٥٠٠،٣٣٠،٦٥٨ دۆلار وەبەرهێنان ئەنجام دراوە، کە تەنیا لەم ساڵەدا مۆڵەت بە ١٨٣ پڕۆژەی وەبەرهێنان دراوە، کە دەگاتە ڕێژەی ١٢،٧٠٪ی کۆی وەبەرهێنانی دەستەکە لە دامەزراندنییەوە واتە لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە، بەمەش لە ساڵی ٢٠٢٤ بەراورد بە ١٩ ساڵی دامەزراندنی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان هەر لەساڵی ٢٠٠٦ـەوە تاکو ئێستا، ساڵی ٢٠٢٤ باشترین ساڵ بووە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، کە کۆی ژمارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە ٢٠٠٦ تاکو ٢٠٢٤ دەگاتە ١٤٣١ پڕۆژە بە سەرمایەی ٧٤،٨٢٠،٠١٢،٦١٤ دۆلار.

ئەم ژمارە زۆرەی پڕۆژەی وەبەرهێنان بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە لە ٢٠١٩ـەوە تاکو ٢٠٢٤ ژمارەی ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان کە مۆڵەتیان پێدراوە، گەیشتووەتە ٦٣٧ پڕۆژە بە سەرمایەی ٢٣،١٩٤،٨١٢،٣٠٥ دۆلار، بەمەش داتا و ژمارەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە وێڕای هەموو ئەو ئاڵنگاری و بەربەست و ئاستەنگانەی لە بەردەم کارو چاکسازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانراوە، یان ڕوویداوە، هەر لە تەشەنەکردنی پەتای کۆڕۆنا و بڕینی بوودجەی هەرێمی کوردستان و سەپاندنی گەمارۆ و جەنگی ئابووری کە لە ڕوخساردا هەموو ئەم سزایانە لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دژی هەموو خەڵکی کوردستان و ئابووری و بژێوی خەڵك بووە بە هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینییەوە، هەموو ئەم پیلان و مەرامانە لە بەرانبەر خۆڕاگریی گەلی کورد و کوردستانییەکان و بوێریی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان شکستیان پێهێنرا، کە بە هەقیقەت سەرۆکێکە بڕوای پتەوی بە ڕۆحی کوردایەتی و گۆڕانکاری و وەرچەرخان هەیە. ئەمانە وایان کرد، ئیرادەی پۆڵایینی حکومەت سەرکەوێت و بۆ جیهان بیسەلمێنین کە هەرێمی کوردستان خوازیاری ئاشتی و سەقامگیرییە و بۆ هیچ کەس و وڵات و لایەنێك هەڕەشە نەبووە، بگرە فاکتەری ئاشتی و سەقامگیری بووە و گەشەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەك تەنیا بۆ گەلی کورد خێرو خۆشییە، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ناوچەکەش هەر وایە. ڕێزدار مەسرور بارزانی لە وتاری ١١ی ئەم مانگە لە کۆڕبەندی لووتکەی جیهانیی حکومەتەکان لە دوبەی، جەختی لەسەر ئەم بابەتە کردەوە کاتێك ڕایگەیاند: «ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و هاندانی گەشە و پەرەپێدانی ئابووری بینیوە..».

بۆیە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بەڕێوەبردنێکی وردی زانستییانە و واقیعبینانە توانیویەتی وەرچەرخانەکان لەناو قەیرانەکاندا دروست بکات، ئەوەتا لە زۆربەی سێکتەرەکاندا هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە چووە، هەرچەندە دەنگێکی نەیار و دژ بەکورد و کوردستانییان هەیە کە بەردەوام ویستی ئەوەیان هەبووە هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی لەناو قەیرانەکاندا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەتا لە وەبەرهێنانەدا وێڕای بوونی ناسەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقدا، بەڵام توانیومانە ئەو ژمارە زۆرەی پڕۆژەکان جێبەجێ بکەین و بە بەگەڕخستنی ئەو سەرمایە گەورەیەش هەزاران هەلی کار بەدەست بهێنین، زیادبوونی ژمارەی کۆمپانیا بیانی و

ناوخۆییەکان جوانترین بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەو گەشە و بووژانەوە ئابوورییەن کە لەم کابینەیەدا بەدیهات.

*** وەکو سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤۆس و لە کردنەوەی ماڵی کوردستان لە داڤۆس بەشدار بوویت. ئایا تاچەند لەو کۆڕبەندەی داڤۆس توانرا کۆمپانیا گەورەکان و حکومەتەکانی بەشداربوو هان بدرێن ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و وەبەرهێنان ئەنجام بدەن؟**

- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە داڤۆس داوە و لەم چوارچێوەیەشدا ماڵی کوردستانی لەو کۆڕبەندە کردەوە، تاوەکو گرنگی بە ناساندن و هاندانی گەورە کۆمپانیاکانی جیهان بدات، بۆ ئەوەی ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و لە ڕووی ئابووری و بەدەستهێنانی هەلی کارەوە کوردستان زیاتر ببووژێتەوە. بێگومان وێڕای گرنگیی دیدار و کۆبوونەوە و گفتوگۆکانی سەرۆك وەزیران لەگەڵ گەورە بازرگان و وەبەرهێنەران و سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی وڵاتان و بەرپرسانی باڵا و سەرۆکی گەورە کۆمپانیاکان و ڕێکخراوە جیهانییەکان، لەو کۆڕبەندەدا دەرفەتەکانی وەبەرهێنان بۆ دنیای دەرەوە ڕوون کرایەوە و دیمەنی جوانی کوردستان و ئاشتیخوازیی گەلەکەی بۆ دنیای پێشکەوتوو باس کرا، ئەمەش هەمووی لە چوارچێوەی هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت تاوەکو لەناو ڕۆژهەڵاتێکی پڕ لە کێشمەکێش و ئاڵۆزی و لەگەڵ هەڵکشانی بیروباوەڕی توندڕەوی و پۆپۆلیستی دەروازەیەك بۆ میانڕەوی و پێکەوەژیان و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکەی بینا بکات. بۆیە دوای ئەو زنجیرە دیدار و چاوپێکەوتنانەی ڕێزدار سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە دەیان گەورە کۆمپانیای بەناوبانگی جیهان بەڵێنیان داوە وەبەرهێنان بکەن لە هەرێمی کوردستان لە سێکتەرەکانی سیستەمی ئەلیکترۆنی و بانکی و بواری کشتوکاڵ و پشەسازی و تەندروستی و پەروەردە و خوێندن، ئەمە جگە لەوەی نزیکەی ١٠٠ چاوپێکەوتنی گەورە لە نێوان وەبەرهێنەرەکانی کوردستان لەگەڵ وەبەرهێنەران و بازرگان و بزنێسکارانی بیانی ئەنجام دراون و چەند گرێبەستێکیشی لێکەوتەوە، هاوکات بوونی ئێمە لە داڤۆس وەکو دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لەگەڵ پۆلێك لە بزنێسمان و ژمارەیەك لە وەبەرهێنە گەورەکانی کوردستان گرنگ بوو بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەڵکشانی وەبەرهێنانی کوردستان، بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبوونەوەی دەستپێکردنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و دووبارە بەهێزبوونەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی و چاوەڕوانیی واڵابوونی کەرتی وزە لە بەردەم وەبەرهێنە گەورەکان.

*** دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە دامەزراوە. ئایا لە ماوەی ١٩ ساڵی ڕابردوودا ژمارەی ئەو پڕۆژانەی مۆڵەتیان پێدراوە چەندە و چەندی جێبەجێ کراون؟**

- دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان پێداویستییەکی گرنگ بوو بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ناوخۆ و بیانی و فراوانکردنی وەبەرهێنان و بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمەکە، ئەم دەستەیە لە دامەزراندنییەوە تاکو ئێستا مۆڵەتی بە ١٤٣١ پڕۆژەی وەبەرهێنان داوە بە سەرمایەی ٧٤،٨٢٠،٠١٢،٦١٤ دۆلار، لەم ژمارەیە لە ساڵی ٢٠٢٤ زۆرترین مۆڵەت دراوە بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و ژمارەیان گەیشتووەتە ١٨٣ پڕۆژە بە سەرمایەی ٣،٥٠٠،٣٣٠،٦٥٨ دۆلار، واتە بە ڕێژەی لە ١٢،٧٩٪ی کۆی ڕێژەی ژمارەی پڕۆژەکانی هەموو تەمەنی دەستەکە، ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی دامەزراندنی دەستەکەوە لە ساڵی ٢٠٠٦ تەنیا دوو پڕۆژەی وەبەرهێنان مۆڵەتی دراوەتێ بە سەرمایەی ٤٣٨،٣٠٧،٦٣٠ دۆلار. هەروەها هەر لەم کابینەیەدا لە ساڵی ٢٠٢١ مۆڵەت دراوە بە ٧١ پڕۆژە، بەڵام بە سەرمایەیەکی زۆر گەورە کە ٨،٥٣٤،٩٧٠،٨٥٩ دۆلارە، ئەمەش سەرمایەیەکی گەورەیە کە تەنیا مەگەر لە ساڵی ٢٠١٣ پێش بڕینی بوودجەی هەرێمی کوردستان ئاستی وەبەرهێنانی کوردستان وا بەرز بووبێت و قەبارەی سەرمایەی بەم شێوەیەی بەخۆیەوە بینیبێت کە لە ١٠٩ پڕۆژە سەرمایەکەی گەیشتبووە ١٠،٤٥٠،٠٤٧،٠٨٢ دۆلار. لەلایەکی دیکەوە بە پاڵپشتیی سەرۆك وەزیران توانیمان گەندەڵی و کەمتەرخەمی لە دەیان پڕۆژەی وەبەرهێنان و

**بوونی ئێمە لە داڤۆس وەکو دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لەگەڵ پۆلێک لە بزنێسمان و ژمارەیەک لە وەبەرهێنە گەورەکانی کوردستان گرنگ بوو بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەڵکشانی وەبەرهێنانی کوردستان**

**بە پاڵپشتیی سەرۆک وەزیران توانیمان گەندەڵی و کەمتەرخەمی لە دەیان پڕۆژەی وەبەرهێنان و نیشتەجێبوون ڕابگرین و سزای توندی هەموو ئەو وەبەرهێنەرانەمان دا کە کەمتەرخەم بوون**

**لەسەر فەرمان و ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێنماییمان دەرکردووە کە ڕێژەی دەستی کاری خۆماڵی لەناو پڕۆژەکانی وەبەرهێناندا نابێت لە ٧٥٪ کەمتر بێت**



**زۆربوونی ژمارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەناو بازاڕ و لەناو پیشەوەراندا بە سەدان هەلی کاریان ڕەخساندووە و جووڵەی بۆ بازاڕ گەڕاندووەتەوە**

نیشتەجێبوون ڕابگرین و سزای توندی هەموو ئەو وەبەرهێنەرانەمان دا کە کەمتەرخەم بوون و پڕۆژەکانیان لە وادەی خۆیدا تەواو نەکردووە، یان ئامادە نەبوون دەست بە پڕۆژەکانیان بکەنەوە.

*** فرەچەشنکردنی ئابووری و جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات یەکێک لەو وەرچەرخانە گەورەیانە بوو کە لەم کابینەیەدا بەدیهات و بووە هۆی دابینکردنی هەلی کار بۆ سەدان گەنج، تا چەند هەوڵەکانی گۆڕانی وەبەرهێنان لە تاکە وەبەرهێنی بیناسازییەوە بەرەو فرەچەشنکردنی وەبەرهێنان سەرکەوتوو بوون؟**

- دیدگای سەرۆک وەزیران بوو لە کارنامە وەزارییەکەیدا جێگیر کرا و دواتر لەژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی جەنابیان توانرا بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و بازرگانی و تەندروستی و پەروەردە و بانکەکان و نیشتەجێبوون و هونەری و وەرزشی و پیشەسازیی نەوتی و خزمەتگوزاریی و چەندین بوار و کەرتی دیکە بووژانەوە بە خۆیەوە ببینێت. ئەوەتا لە کەرتی پیشەسازیی کە پێشتر بە دەیان کارگە ڕاوەستا بوون، دەستیان بە بووژانەوە کردەوە و چەندین مۆڵەتی کارکردنی نوێ بە گەورە کۆمپانیاکانی کەرتی پیشەسازیی دران، بە ڕادەیەک تەنیا لە بواری پڕۆژەی پیشەسازیی لە ساڵی ٢٠٢٤ مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە بە ٥١ پڕۆژە، بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی مۆڵەتدان بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بەپێی سێکتەرەکان و ژمارەیان ١٨٣ پڕۆژە بووە تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤ بە سەرمایەی ٣،٥٠٠،٣٣٠،٦٥٨ دۆلار کە بەم شێوەیە بووە:

پیشەسازیی: ٥١ پڕۆژە بە سەرمایەی زیاتر لە یەک ملیار دۆلار.

نیشتەجێبوون: ٢٧ پڕۆژە بە سەرمایەی نزیکەی ١،٥ ملیار دۆلار.

بازرگانی: ٤١ پڕۆژە بە سەرمایەی زیاتر لە ٣٨٧ ملیۆن دۆلار.

گەشتیاری: ٢٨ پڕۆژە بە سەرمایەی زیاتر لە ٣٢٢ ملیۆن دۆلار.

تەندروستی: ٧ پڕۆژە بە سەرمایەی نزیکەی ١٥٠ ملیۆن دۆلار.




فێرکردن: ١٥ پڕۆژە بە سەرمایەی نزیکەی ٦٤ ملیۆن دۆلار.

کشتوکاڵی: ٥ پڕۆژە بە نزیکەی ٣٧،٤ ملیۆن دۆلار .

وەرزشی: ٦ پڕۆژە بە سەرمایەی نزیکەی ٩،٥ ملیۆن دۆلار.

هونەری: ١ پڕۆژە بە سەرمایەی ٧،٨ ملیۆن دۆلار.

خزمەتگوزاری: ٢ پڕۆژە بە سەرمایەی نزیکەی ٩،٧ ملیۆن دۆلار.

لە هەموو ئەم پڕۆژانەش لەسەر فەرمان و ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێنماییمان دەرکردووە کە ڕێژەی دەستی کاری خۆماڵی لەناو پڕۆژەکانی وەبەرهێناندا نابێت لە ٧٥٪ کەمتر بێت، بەدواداچوونی توندیشمان کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە زۆربوونی ژمارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەناو بازاڕ و لەناو پیشەوەراندا بە سەدان هەلی کاریان ڕەخساندووە و جووڵەی بۆ بازاڕ گەڕاندووەتەوە، ئەمەش هەمووی لە چوارچێوەی ئەو بنەمایەوە هاتووە کە هاووڵاتیان و گەنجان و دەرچووانی زانکۆ مافی خۆیانە هەلی کاریان دەست بکەوێت. بە دابینکردنی ژینگەیەکی سیاسی و ئابووریی سەقامگیر توانرا بە سەدان هەلی کار دابین بکرێت. هەر بۆیە بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی پاراستنی ئەو سەقامگیریی و ئاسایشەدایە کە بنەما سەرەکییەکانی بووژانەوە و بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێم و بەدەستهێنانی هەلی کارە، بەپێچەوانە لە ژینگەیەکی نائارام و ناسەقامگیر لە تواناندا نییە دەرفەتەکانی هەلی کار و خۆشگوزەرانی بەدەست بهێنرێت و کێشەکانی بێکاری و هەژاری چارەسەر بکرێت.

زۆر جار ئەم دەستکەوتانە بە دڵ و خواستی نەیارانی کورد نەبووە، بۆیە دەبینین ناوبەناو کێشە و گرفت بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی لە کەرتەکانی پیشەسازیی و کشتوکاڵی دروست دەکەن، بەوەی بازگەی نافەرمی و نایاسایی لە نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ بەرهەمی برا جووتیارەکان و پیشەسازیکاران دانراون، یان کێشەی مۆڵەت

**ستراتیژیەتی حکومەت بەو ئاراستەیە بووە کارئاسانی و لێخۆشبوون و هاوکاریی زیاتری ئەو وەبەرهێنەرانە بکەین کە لە ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگای هەڵەبجە وەبەرهێنان دەکەن**

دەستەی وەبەرهێنان
فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری
بەڕێوەبەرایەتی زانیاری
باری پرۆژە: مۆڵەتی کارپێکراو
لە ڕێکەوتی : 2024-01-01 تا: 2024-12-23

هەرێمی کوردستان
سێکتەر: هەمووی
رەگەزنامەی وەبەرهێنەر: هەمووی
دەوڵەت: هەمووی
خشتەی ژمارە (1)

لایەنی پێدانی مۆڵەت : بە پێی فەرمانی دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی شارەکان

**وەبەرهێنان بە پێی شار و سەرمایە و ڕووبەر**

| پارێزگا | ژمارەی پرۆژە | سەرمایە بە دۆلار | ڕووبەر بە دۆنم | سێکتەر بۆ سەرمایە٪ |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 71 | 2,173,027,050 | 4,489.4 | 62.08٪ |
| هەڵەبجە | 1 | 27,010,000 | 383.0 | 0.77٪ |
| ناوچەی گەرمیان | 18 | 317,741,056 | 1,359.3 | 9.08٪ |
| ناوچەی ڕاپەڕین | 13 | 61,684,982 | 236.8 | 1.76٪ |
| سلێمانی | 31 | 498,692,929 | 1,115.7 | 14.25٪ |
| سۆران | 3 | 26,281,506 | 55.9 | 0.75٪ |
| زاخۆ | 10 | 20,038,707 | 39.0 | 0.57٪ |
| دهۆک | 36 | 375,854,428 | 1,728.9 | 10.74٪ |
| کۆی گشتی | 183 | 3,500,330,658 | 9,408 | 100٪ |

دەستەی وەبەرهێنان
فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری
بەڕێوەبەرایەتی زانیاری
باری پرۆژە: مۆڵەتی کارپێکراو
لە ڕێکەوتی : 2024-01-01 تا: 2024-12-23

هەرێمی کوردستان
سێکتەر: هەمووی
رەگەزنامەی وەبەرهێنەر: هەمووی
دەوڵەت: هەمووی
خشتەی ژمارە (2)

لایەنی پێدانی مۆڵەت : بە پێی فەرمانی دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی شارەکان

**وەبەرهێنان بە پێی سێکتەرەکان و سەرمایە و ڕووبەر**

| سێکتەر | ژمارەی پرۆژە | سەرمایە بە دۆلار | ڕووبەر بە دۆنم | سێکتەر بۆ سەرمایە٪ |
|---|---|---|---|---|
| بازرگانی | 41 | 387,520,148 | 774.6 | 11.07% |
| تەندروستی | 7 | 149,995,594 | 165.6 | 4.29% |
| پیشەسازی | 51 | 1,098,470,566 | 4,404.9 | 31.38% |
| خزمەت گوزاری | 2 | 9,672,912 | 55.6 | 0.28% |
| گەشتیاری | 28 | 322,279,927 | 835.9 | 9.21% |
| فێرکردن | 15 | 63,892,262 | 463.9 | 1.83% |
| کشتوکاڵی | 5 | 37,410,000 | 616.5 | 1.07% |
| نیشتەجێ بوون | 27 | 1,413,726,073 | 1,961.8 | 40.39% |
| هونەری | 1 | 7,871,538 | 0.9 | 0.22% |
| وەرزشی | 6 | 9,491,638 | 128.3 | 0.27% |
| کۆی گشتی | 183 | 3,500,330,658 | 9,408 | 100.00% |

خشتەی ڕێژەی ساڵانەی وەبەرهێنان بە پێی ژمارە و سەرمایەی پرۆژەکان

| ساڵ | ژمارەی پرۆژە | سەرمایە بە دۆلار | ڕێژە -ژمارەی پرۆژە% |
|---|---|---|---|
| 2006 | 2 | 438,307,630 | 0,14 |
| 2007 | 49 | 3,715,111,494 | 3,42 |
| 2008 | 61 | 4,345,127,457 | 4,26 |
| 2009 | 69 | 4,248,953,749 | 4,82 |
| 2010 | 91 | 4,472,094,714 | 6,36 |
| 2011 | 75 | 3,271,111,001 | 5,24 |
| 2012 | 126 | 6,026,187,575 | 8,81 |
| 2013 | 109 | 10,450,047,082 | 7,62 |
| 2014 | 70 | 3,869,891,703 | 4,89 |
| 2015 | 30 | 3,167,879,632 | 2,10 |
| 2016 | 31 | 2,880,365,935 | 2,17 |
| 2017 | 34 | 1,284,007,587 | 2,38 |
| 2018 | 47 | 3,456,114,750 | 3,28 |
| 2019 | 62 | 2,638,144,028 | 4,33 |
| 2020 | 70 | 1,977,803,248 | 4,89 |
| 2021 | 71 | 8,534,970,859 | 4,96 |
| 2022 | 96 | 2,228,288,574 | 6,71 |
| 2023 | 155 | 4,315,274,938 | 10,83 |
| 2024 | 183 | 3,500,330,658 | 12,79 |
| **کۆ** | **1431** | **74,820,012,614** | **100%** |

وەرگرتن و گرفتی دیکەیان بۆ دروست کراوە، هەروەکو چۆن لە ڕێگەی ئاژاوە و پشێوی و بۆردومان زیانیان بە کەرتی پیشەسازیی و دامەزراوەکانی ئەم کەرتە داوە، یان لە ڕێگەی نانەوەی ئاژاوە و پشێوییەوە زیانیان بە کەرتی گەشتوگوزار گەیاندووە، بەڵام مادام میللەت و گەلێك هەیە لە پشت سەرۆك و حکومەتەکەیانەوەن، ئەوا هەردەم ڕەوشی ئارامی و سەقامگیری بە چەند کەس و گرووپێکی کەم تێك ناچێت.

*** تا چەند توانراوە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەنێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا بە هاوسەنگی و دادپەروەریی دابەش بکرێت؟**

- ستراتیژیەتی حکومەت بەو ئاراستەیە بووە کارئاسانی و لێخۆشبوون و هاوکاریی زیاتری ئەو وەبەرهێنەرانە بکەین کە لە ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگای هەڵەبجە وەبەرهێنان دەکەن. دیارە وەبەرهێنان بە دوای دەستکەوت و قازانجیشەوەیە و بەردەوام ڕوو لەو پارێزگا و ناوچانە دەکات کە ئارام و سەقامگیرن و دواتر کەڵکی ئابووریی پرۆژەکەی زیاترە و ڕەواجی بۆ بەرهەم و پرۆژەکەی لەناو بازاڕ و کاری ئابووریدا دەبێت. بۆیە وەبەرهێنان بەپێی شار و ئیدارە سەربەخۆکان لە ساڵی ٢٠٢٤ بەم شێوەیە بووە: هەولێر ٧١ پرۆژە، سلێمانی ٣١ پرۆژە، دهۆك ٣٦ پرۆژە، هەڵەبجە ١ پرۆژە، ئیدارە سەربەخۆکانیش بەم شێوەیە بووە: گەرمیان ١٨ پرۆژە، سۆران ٣ پرۆژە، ڕاپەڕین ١٣ پرۆژە، زاخۆ ١٠ پرۆژە.

ئێمە ئەگەر قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا و پشێوی و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بڕینی بوودجە نەبووایە دەستکەوتی گەورەترمان بەدەست دەهێنا، لەگەڵ ئەمەشدا ئیرادەی سەرۆك وەزیران و خۆڕاگریی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر زۆربەی ئەو تەحەددا و ئاستەنگانەدا زاڵ بوو، ئارامی و سەقامگیری بەدەست هات کە بەری ئەو خۆڕاگرییە بوو، لێرەوەش هەنگاوەکانی ڕاستکردنەوەی وەبەرهێنان و بونیادنانی پرۆژە ستراتیژییەکانمان دامەزراند.




**د.ئیدریس ڕەمەزان**
شارەزای بواری وەبەرهێنان و ئابووریی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەپێی دەستوور و بڕیاری دادگای فیدراڵی نەبەستراوەتەوە بە پرسی داهاتی نەوتی و نانەوتییەوە

**لاوازبوونی فیدراڵییەت لە عێراق و هەوڵەکانی کەمکردنەوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، زیانی گەورەی بە ئابووری و داهاتی عێراق و هەرێمی کوردستان گەیاندووە. فشار و هەوڵەکانی شۆڤێنییەکان دژ بە ماف و شایستە داراییەکان و پشکی هەرێمی کوردستان تا دێت ڕوو لە زیادبوونە، لە نێوخۆشدا بە هۆی ململانێی ناعەقڵانییەوە هەندێک پەرلەمانتار و سیاسییەکان و کەسانێک کە بەئەنقەست بێت، یان بە ناشارەزایی، ڕەفتار و کردەوەکانیان زیانی گەورەی بە مافی خەڵکی گەیاندووە. لەبری ئەوەی داکۆکی لە مافە دەستووری و یاسایی و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، بە هەمان قەوان و شێوازی شۆڤێنییەکان دژایەتیی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن. گۆڤاری گوڵان بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسانە دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر ئیدریس ڕەمەزان شارەزای بواری وەبەرهێنان و ئابووریی نێودەوڵەتی ساز دا.**

# بەردەوام گرفتی سەرەکیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەند پرسی جێبەجێکردنی فیدراڵییەت و دەستوور بووە

*** بارودۆخی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە نوێیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخۆیەوە دەبینێت، تا چەند هێزە دەستڕۆیشتووە شیعەکانی لە عێراقدا وا لێ کردووە، بە عەقڵانی و هەستیارییەوە بەرانبەر ئەم گۆڕانکارییانە و بارودۆخی ئابووری و دارایی عێراق مامەڵە و هەڵسوکەوت بکەن؟**

- عێراق وڵاتێکی بەهێز نییە و شوێنەوارەکانی شەڕ و سیاسەتی ناعەقڵانی بەسەریدا زاڵە و حوکمڕانانی ئەم وڵاتە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی دەستوور و دامەزراوەیی کار بکەن، تەنانەت دامەزراوەکانی پەرلەمان و دادگا و حکومەت، نوێنەرایەتیی هەموو هەرێم و پارێزگا و پێکهاتەکان ناکەن. دوو دەیە بەسەر پەسەندکردنی دەستوور تێپەڕیوە، کەچی تا ئێستا مەرکەزییەتێک جێبەجێ دەکەن، تەنیا بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێم و دامەزراوەکانێتی. زۆرینەی سوننە و شیعە مافە سەرەتاییەکانی مووچە و بوودجە و شایستە داراییەکانی کورد ڕەت دەکەنەوە. هێزە باڵا دەستڕۆیشتووە شیعەکان لەژێر ئەجندەی دەرەکی و ئێران بەتایبەتی مامەڵەی سیاسی و ئابووری لەگەڵ هەرێمدا دەکەن. خۆ ئەگەر باسی بارودۆخی ئابووریی عێراق بکەین، ئەوا چاوەڕوانی چی دەکرێت لە دەوڵەتێکی ڕەیعی پشتبەستوو بە داهاتی ناجێگیری نەوت کە زیاتر لە ٩٠٪ی بوودجەکەی پشتی بەم داهاتە نەوتییە بەستووە و وڵاتێکی بەرهەمهێن و وەبەرهێن نییە. ئەوان بێ گوێدانە ئەو گۆڕانکارییە گەورە و وەرچەرخانە مێژووییانەی کە لە سووریا و لوبنان و ناوچەکەدا ڕوو دەدات، بەتایبەتی لەگەڵ دەستبەکاربوونی ترەمپ و لاوازبوونی هەژموونی شیعە و ئەگەری زۆری دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی و بگرە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێوەگلانی عێراق بە شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە، هەر لەسەر ڕق و کینەیان بەرانبەر

بە کورد بەردەوامن. هاوکاریی ئێران دەکەن لە فرۆشتنی بە قاچاخی نەوتەکەی و خۆدزینەوە لە گەمارۆکانی ئەمریکا و ئاودیوکردنی دۆلار و سپیکردنەوەی پارە و گەندەڵی و جێبەجێنەکردنی ڕاسپاردە و مەرجەکانی ئەمریکا بەردەوامن. ئێران توانیویەتی لە ڕێگای عێراقەوە خۆی لەو گەمارۆ و باجانە بدزێتەوە، کە خراونەتە سەری، ئەمە لە کاتێکدا عێراق بە دەست کۆمەڵێك کێشە و پرسی مەترسیدارەوە دەناڵێنێت، لەوانە کێشەکانی هەژاری و بێکاری و هەڵاوسان و خراپبوونی ڕەوشی پەروەردە و تەندروستی و کێشەکانی پیسبوونی ژینگە و کەم ئاوی و دەیان کێشە و گرفتی دیکە. ئەمە لە وڵاتێکدا کە دەوڵەمەندە بە سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی و بەهای بەرمیلێك نەوتیش لە سەرووی ٧٥ دۆلارەوەیە

*** حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی جیاواز لە حکومەتەکانی دیکە هەوڵی ئەوەی دا کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان ناوەند و هەرێم چارەسەر بکات، بەتایبەتی لە پرسی نەوت و بودجە و مووچەدا، ئایا تاچەند لەم هەوڵانەدا سەرکەوتوو بووە؟**

- بەردەوام فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دەربازکردنی عێراق و ئابوورییەکەی بووە لەو دەستتێوەردان و ئەجندە دەرەکییانەی ئێران، کە زیانی گەورەی بە ئابووری و دارایی عێراق گەیاندووە، بەردەوامیش گرفتی سەرەکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەند پرسی جێبەجێکردنی فیدراڵییەت و دەستوور بووە. بەداخەوە ڕێگایان نەدا، حکومەتەکەی سوودانی لە چوارچێوەی فیدراڵییەت و دەستووردا ئەم پرسانەی نەوت و بوودجە و مووچە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە، بەردەوام ئیجتیهادات بۆ فیدراڵییەت و دەستوور دەکەن و پشکی هەرێم لە بوودجە بە بیانوو و پاساوی نابەجێ بڕدراوە، یان کەم کراوەتەوە. ئەمە لەکاتێکدا گۆڕانکارییەکان خێرا و کتوپڕ و چاوەڕواننەکراون و ڕەنگە فشاری زیاتر لەسەر عێراق دروست بکرێت، بۆ دەربازبوون لە میلیشیا چەکدارەکان و چیتر ڕێگا بە دەستتێوەردانی دەرەکی لەم وڵاتە نەدرێت. خۆ ئەگەر کورد یەك بێت و حکومەتێکی بەهێز دابمەزرێت، ئەوا دەنگی داواکاریی و فشارەکانی سەر عێراق لەلایەن ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەهێزتر دەبێت و دەنگی نانیشتمانپەروەری و کەسانی هەلپەرست و بەرژەوەندیخواز ڕوو لە کەمی و کزی دەکات.

*** پرسی مافە دارایی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بوودجە و نەوت و مووچەدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بژێوی خەڵکەوە هەیە. نوێنەرانی کورد تاچەند توانیویانە لە بەغدا لەئاست ئەم مافە دەستووری و یاساییانەی خەڵك و مووچەخۆراندا بن؟**

- جێگای داخە هەندێك لایەنی سیاسی و پەرلەمانتار بە شێوەیەك ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن، زیانیان بە خەڵکی کوردستان و مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێم گەیاندووە. ئەوان یەکگرتوویی و تەباییان نەپاراستووە، بەپێی ویست و خواستی نەیارانی کورد لە بەغدا ڕەفتار دەکەن و لێدوان دەدەن. ڕق و کینی حزبی و ئایدیۆلۆژییەکانیان تێکەڵ بە ئەرك و کاری نوێنەرایەتییەکەیان کردووە، جارێکی دیکەش جێگای داخە زۆر لە پەرلەمانتارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لاوازن و کاروبارەکانیان بە باشی بەڕێوە نابەن و بە شێوەیەکی سادە گفتوگۆ و دانوستانەکان بەڕێوە دەبەن. بە ڕا و بۆچوونی من، نەبوونی فلتەری نیشتمانپەروەریی و نەتەوەیی و شارەزایی بۆ دیاریکردنی پاڵێوراو بۆ پەرلەمانی عێراق و تەنانەت بۆ پۆستە حکوومییەکانیش هەڵەیەکی گەورەیە، ڕەنگە لە کوردستان ئینتمایەکی حزبی و ئایدیۆلۆژیایەکت هەبێت، بەڵام نابێت لەبەغدا جگە لە نیشتمانپەروەریی و نەتەوەیی هیچی دیکەت هەبێت، بە پێچەوانەوە ئەو زیان و ڕۆڵێکی نەرێنیی دەبێت، کە ئێستا دەیبینین. لە کاتێکدا لە خولەکانی دیکەی پەرلەماندا کەسانی شارەزا و پسپۆڕ هەبوون کە خاوەنی زانیاری و شارەزایی بوون. من وەکو ئابووریناس و شارەزایەکی ئابووری، باش دەزانم هێزە شیعە و تەنانەت سوننەکانیش لەژێر فشاری شۆڤێنییەت و ئەجندەی دەرەکی، ناچارن، یان قەناعەتیان وایە بەو شێوازە ڕەفتار بکەن، بەڵام سەیرە کورد دەنگ بە پەرلەمانتارێك بدات بە ئاوازی ئەوانە ڕەفتار بکات و لێدوان بدات. ئەوەتا ئەو دادگا فیدراڵییەی دەنگە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد ساڵانێکە دەڵێن بە سیاسی

**هەندێک لایەنی سیاسی و پەرلەمانتار بە شێوەیەک ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن، زیان بە خەڵکی کوردستان و مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێم دەگەیەنن**

**عێراق وڵاتێکی بەهێز نییە و شوێنەوارەکانی شەڕ و سیاسەتی ناعەقڵانی بەسەریدا زاڵە و حوکمڕانانی ئەم وڵاتە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی دەستوور و دامەزراوەیی کار بکەن**

**هێزە باڵا دەسترۆیشتووە شیعەکان لەژێر ئەجندەی دەرەکی و ئێران بەتایبەتی مامەڵەی سیاسی و ئابووری لەگەڵ هەرێمدا دەکەن**

کراوە و دادگاکە نادەستوورییە و دژی کورد بڕیار دەدات، کەچی ئێستا هەر ئەو لایەنە سوننانەی پێشوازیان لە بڕیارەکانی دژی کورد دەکرد، ئێستا بە دادگایەکی سیاسی و نادەستووری دایدەنێن.

*** دوای دوو ساڵ دواجار بەپێی هەمواری یاسای بودجە ڕێگا درا هەرێمی کوردستان دەست بە هەناردەکردنی نەوت بکاتەوە. ئایا ئەمە تا چەند بۆ بەرژەوەندیی لایەنی دارایی و ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان گرنگە؟**

- باوەڕ ناکەم هیچ کەس و لایەنێك لەگەڵ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان نەبێت، بەڵام ئەوانەی پێیان وابێت کۆتایی بە پاساو و بیانووەکانی عێراق دێت، گوایە هەرێم بەشدار نییە لە داهاتی نەوتی، ئەوا بە هەڵەیەکی مێژووییدا ڕۆشتوون. ئەوە هەرێم نییە کە نایەوێت نەوتەکە بڕوات و داهاتی نەوتی نەچێتە بەغدا، خۆ هەر هیچ نەبێت موستەحەقاتی کۆمپانیاکان و وەبەرهێنان لە هەرێم دەبووژێنێتەوەو هەلی کار بۆ سەدان گەنج دابین دەکات و پیشەسازیی نەوتیش بە پاڵاوتگەکانەوە دەبووژێتەوە، بەڵام هەر ئەو لایەنانەی کێشە و گرفتیان لەنێوان ئاساییبوونەوەی دۆخەکەی نێوان هەرێم و مەرکەز دادەنا، هەر ئەوان دەیان کێشە و گرفتی دیکە دەدۆزنەوە، هەر خۆی بەستنەوەی پێدانی مووچە بە داهاتی نەوتی و نانەوتی پێشێلکارییەکی دەستووری و یاسایی و بگرە لە پابەندییەکانی دادگای فیدراڵیشە کە هیچ مەرج و پاساوێکی لەبەردەم ناردنی مووچە دانەناوە. هەر کاتێك ئومێدێك بە چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان هەبووبێت، دەیان کێشەی دیکە خوڵقێنراوە. ئەوانە چاویان بە پێشکەوتنەکانی هەرێم هەڵنایەت و دەیانەوێت شکستەکانی خۆشیان لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بەم ململانێ ناتەندروستەوە بە لاڕێدا ببەن و خۆڵ بە چاوی خەڵکەیان بکەن. ئەمڕۆ عێراق موڵکی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە بەتایبەتی ڕۆڵی کورد و دەستپێشخەریی هێزە کوردستانییەکان زۆر گرنگ بووە.

*** بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بۆ ئەوەی چیتر ڕێگا نەدرێت بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی برسیکردنی خەڵکی کوردستان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و لەنێوخۆشدا زۆر لایەنی شیعە کار نەکەن بۆ تێکدانی بارودۆخی ئارامی و سەقامگیریی نێوخۆی هەرێم، پێشنیارت چییە؟**

- هەرچەندە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەیوەندی بە کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و نێوخۆییەوە هەیە، لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگە ڕووبدات، یان بارودۆخی نێوخۆی عێراق و یەکڕیزی و تەبایی دوو هێزی جوگرافیایی پارتی و یەکێتی و تا چەند هێزە سیاسییەکان گوێبیستی سەرۆك بارزانی دەبن، بەڵام خۆ دەکرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دیبلۆماسی بە هاوشێوەی ئەوەی ئێستا هەردوو بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ دەنێن، هێزێکی دیبلۆماسی کۆبکەنەوە بۆ پاڵپشتیکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد و فشارخستنە سەر بەغدا بۆ پێدانی ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان، بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی عەقڵییەتی ناعەقڵانیی شیعەگەرایی ئاخنراو بە ئەجندەی دەرەکی. عێراق و ناوچەکە پێویستیان بە فیکر و ئاراستەی بۆچوونی مسعود بارزانی هەیە لە یەکڕیزیی و تەبایی و لێبووردەیی و بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵچوون و شەڕ و ئاشووب. ناوچەکە لە لێواری گۆڕانکاریی گەورەدایە، کەچی ئێمە تازە بە تازە سەرقاڵی پۆپۆلیستی و دروشم و لێدانی یەکترین، لەم هەفتەیەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوو لووتکەی (کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان و لووتکەی حکومەتەکانی جیهان) بەشدار بوون تاوەکو بە عێراقییەکان و جیهانیش بڵێن، ئەوە هەرێمی کوردستانە لەناو جەرگەی کێشمەکێش و ئاڵۆزییەکانی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە هێز و بازووی ئێوەیە ئەم پێگە جیهانییە بپارێزن کە بە ڕۆڵەی گەلی کورد دەرکەوتووە و ئومێدی زۆری لەسەر هەڵدەچنرێت. لەم قۆناغەدا ئیدارەی ترەمپ باش دەزانێت پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی کورد و قەوارەی هەرێمی کوردستان کلیلی ڕاگرتنی باڵانس و سەقامگیریی عێراق و ناوچەکەیە، چیتر هەرێمی کوردستان پەراوێز ناخرێت و عەقڵییەتی تاکلایەنانە و شۆڤێنی لە عێراقدا جێگای نابێتەوە.

**بەردەوام فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دەربازکردنی عێراق و ئابوورییەکەی بووە لەو دەستتێوەردان و ئەجندە دەرەکییانەی ئێران**

**جێگای داخە زۆر لە پەرلەمانتارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لاوازن و کاروبارەکانیان بە باشی بەڕێوە نابەن و بە شێوەیەکی سادە گفتوگۆ و دانوستانەکان بەڕێوە دەبەن**

**عێراق و ناوچەکە پێویستیان بە فیکر و ئاراستەی بۆچوونی مسعود بارزانی هەیە لە یەکڕیزیی و تەبایی و لێبووردەیی و بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵچوون و شەڕ و ئاشووب**

ستروٚن ستیڤنسوٚن
نووسەر و وانەبێژی پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ڕەنگە دۆخی نوێی سووریا پەیوەندییەکانی ئێران و ڕووسیا بەرەو ململانێ ببات

ستروٚن ستیڤنسوٚن، سەرۆکی کۆمەڵەی ئەورووپییە بۆ ئازادیی عێراق و، پێشتر ئەندامی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا و نوێنەری سکۆتلەندا بووە بۆ ساڵانی ١٩٩٩-٢٠١٤ و سەرۆکی شاندی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا بووە بۆ عێراق لە ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٤، و نووسەر و وانەبێژی نێودەوڵەتییە لە بواری پرسەکانی پەیوەست بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. بۆ گفتوگۆ لەسەر پەرەسەندن و وەرچەرخانەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانی هاوکێشەکانی هێز لەم ناوچەیە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

## دیمانەی تایبەت



*** ئاشکرایە کە لە ماوەی ڕابردوودا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەسەندن و وەرچەرخانی گەورەی بە خۆیەوە بینی، کە هەندێکیان بوونە هۆی ئەوەی هاوکێشەی هێز لە ناوچەکەشدا بگۆڕن. سەرەتا دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا ئێوە چۆن لە دۆخی نوێی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن؟**

- ئێوە ئاماژەتان بە هاوکێشەی هێز کرد، کە من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد هۆکارێك بوو بۆ دابەشبوونەوەی هێز لە ناوچەکەدا، بە چەشنێك کە ئەم دۆخە نوێیە کاریگەریی هەیە لەسەر دەستڕۆیشتوویی ئێران لەسەر سیاسەتی عێراق و لەسەر هێزەکانی حەشدی شەعبی. لەم ڕووەوە من پێم وایە ئێران بۆ پارێزگاریکردن لە هیلالی شیعە دەیەوێت کارەکان لە عێراقدا چڕ بکاتەوە و وەك پارسەنگێك دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا زیاتر بکات، بەڵام سەرباری ئەوەی کە ڕەنگە ئێران بیەوێت پشتیوانییەکانی خۆی بۆ ئەم هێزانەی عێراق زیاتر بکات، و بیەوێت برەو بە ڕۆڵیان بدات لە نێو عێراقدا بۆ ئەوەی بەردەوامی بە گوشارەکانی دژ بە ئەمریکا و کاریگەریی سوننەکان بدات، بەڵام بێتوانایی لە ڕزگارکردنی بەشار ئەسەددا، دوای ئەوەی چەندان ملیار دۆلاری لەو وڵاتەدا خەرج کرد و چەندین ژەنەڕاڵ و ئەندامی سوپای پاسدارانیشی تێدا لەدەست دا، ئاماژەیەکی نیگەرانکارە بۆ گرووپە وەکالەتییەکانی نێو عێراق و دەبێتە هۆی ئەوەی لەم ڕووەوە متمانەیان کەمتر ببێتەوە.

*** ئێوە زیاتر باسی ڕۆڵ و دەستڕۆیشتوویی ئێرانتان کرد لە پەیوەندی بە عێراقەوە، بەڵام ئایا هاوکێشەی هێز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نێو هێزە هەرێمایەتییەکاندا چی**

**ئێران بۆ پارێزگاریکردن لە هیلالی شیعە دەیەوێت کارەکان لە عێراقدا چڕ بکاتەوە و وەک پارسەنگێک دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا زیاتر بکات**

**کەوتنی بەشار ئەل ئەسەد بە تەواوەتی کاریگەریی لەسەر دەستڕۆیشتوویی ئێران لە سووریا هەبوو و بووە هۆی ئەوەی نەتوانرێت هاوکاریی بۆ حزبوڵڵا دابین بکرێت**

**ڕەنگە ئێران پتر ڕێچکەی ڕووبەڕووبوونەوە بگرێتەبەر بەوەی نمایشی هێزی خۆی بکات، بەڵام من باوەڕم وایە گرتنەبەری ڕێچکەیەکی لەم چەشنە دەرئەنجامی پێچەوانەی دەبێت لە بەرانبەر ئیدارەی دۆناڵد ترەمپدا**

**تورکیا ئەم دۆخە نوێیەی سووریا بە دەرفەت دەزانێت بۆ بەرفراوانکردنی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە باکووری سووریا**

**لێهاتووە و چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد لە سووریا دەرهاویشتە و لێکەوتەی گەورەی لەسەر هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هێزە هەرێمایەتییەکانی دیکەدا، وەك عەرەبستانی سعودیە، تورکیا، ئیسرائیل. ئێمە دەزانین سووریا لە سەردەمی بەشار ئەل ئەسەد هاوپەیمانێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئێران، ڕێڕەوێکی وشکانیی دەستەبەر دەکرد بەرەو لوبنان و بۆ حزبوڵڵا، کە ئەمانە وەکیلی سەرەکیی ئێران بوون لە ناوچەکەدا. کەوتنی بەشار ئەل ئەسەد بە تەواوەتی کاریگەریی لەسەر دەستڕۆیشتوویی ئێران لە سووریا هەبوو و بووە هۆی ئەوەی نەتوانرێت هاوکاریی بۆ حزبوڵڵا دابین بکرێت. ئێران بە بێ سووریا، خۆی گۆشەگیرتر بەدی دەکات لە نێو جیهانی عەرەبدا، بەتایبەتی کە هاوبەشێکی ستراتیژیی لەدەست داوە لە پەیوەندی بە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئیسرائیل و بەرهەڵستیکردنی دەستڕۆیشتوویی سعودیە لە ناوچەکەدا. بەڵام من پێم وایە ڕەنگە ئێران هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ برەودان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی لە ناوچەکەدا، وەك حوسییەکان لە یەمەن، یان هەندێ گرووپ و لایەنی نێو عێراق، ئەویش بۆ ئەوەی قەرەبووی زیانەکانی سووریا بکاتەوە، هەروەها ڕەنگە ئێران پتر ڕێچکەی ڕووبەڕووبوونەوە بگرێتەبەر بەوەی نمایشی هێزی خۆی بکات، بەڵام من باوەڕم وایە گرتنەبەری ڕێچکەیەکی لەم چەشنە دەرئەنجامی پێچەوانەی دەبێت لە بەرانبەر ئیدارەی دۆناڵد ترەمپدا. هەروەها سعودیەش وەك ڕکابەرێك لە ئێران دەڕوانێت و کەوتنی ئەسەدیشی بە دەرفەت زانیوە بۆ کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران و پشتیوانیکردن لە سەرکردایەتیی نوێی سووریا، کە پتر خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی کەنداودا دەگونجێنێت. لە هەمان کاتدا، تورکیا کە دژ بە ئەسەد بوو، بەڵام هاوسەنگیی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی خۆی دەپاراست، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە گرووپە کوردییەکانەوە، تورکیا ئەم دۆخە نوێیەی سووریا بە دەرفەت دەزانێت بۆ بەرفراوانکردنی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە باکووری سووریا، لەگەڵ ئەوەشدا بە وریاییەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆ ئەوەی ناسەقامگیری تەشەنە نەسەنێت، چونکە تورکیا دەیەوێت، هەر بۆشاییەکی دەسەڵات کە دروست دەبێت، خۆی پڕی بکاتەوە، کاریش دەکات بۆ برەودان بە هێزی خۆی وەك هێزێکی هەرێمی و میانگیرێکی سەرەکی و دەیەوێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر نیگەرانییە ئەمنییەکانی پەیوەست بە کوردی سووریاوە چارەسەر بکات. خۆ ئەگەر باسی ئیسرائیلیش بکەین، ئەوا خۆشحاڵە بە لاوازبوونی میحوەری ئێران-سووریا-حزبوڵڵا، بەڵام لە هەمان کاتدا بە وریاییەوە دەڕوانێتە هەر نادڵنیاییەك کە ڕەنگە لەم دۆخە نوێیەی سووریاوە بکەوێتەوە، لەبەر ئەوە لە ئامادەباشیی سەربازی و هەواڵگریدا دەبێت بۆ هەر هەڕەشەیەك کە بێتە ئاراوە.

*** ئەی چۆن لە گۆڕانکارییەکانی نێو خودی سووریا و هەنگاوی سەرکردایەتیی نوێی ئەم وڵاتە دەڕوانیت؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، من دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە سووریا بۆ چەندین دەیە بوو هاوپەیمانی بنەڕەتیی ئێران بوو، ڕێڕەوێکی وشکانی و زەمینی دەستەبەر دەکرد بۆ ئەوەی ئێران بتوانێت چەك و هاوکاری بگەیەنێتە حیزبوڵڵا لە ڕێگەی سووریاوە، بەم شێوەیە ئێران برەوی بە دەستڕۆیشتوویی خۆی دەدا لە ناوچەی شامدا، بەڵام ڕووخانی ئەسەد ئەو ڕێڕەوی هاوکارییەی پچڕاند و بووە هۆی ئەوەی ئێران کاریگەریی لە لوبنان و دەرەوەی لوبنانیش کەم ببێتەوە، واتە بە نەمانی ئەسەد، ئێران لە ڕووی هەرێمایەتییەوە لە پێگەیەکی کەمتر بەهێزدایە و هاوبەشێکی گرنگی لەدەست داوە، کە هاوسنوورە لەگەڵ هەر یەکە لە ئیسرائیل و لوبنان و عێراق، ئەمەش ئاڵۆزی بۆ پلانی ستراتیژیی ئێران دروست کردووە لە هەوڵەکانیدا بۆ دروستکردنی فشاری زیاتر لەسەر ئیسرائیل و برەودان بە دەستڕۆیشتوویی خۆی لە لوبناندا. ئێستاش و بۆ ئەوەی بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان، ئەوا لەبەر ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا دەکەن، ئەوا بە

دڵنیاییەوە سەرکردایەتیی سووریای دوای ئەسەد مەیلی پتر بۆ ئەو هێزانە دەبێت کە بەرهەڵستی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دینامیکییەتی ناوچەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. کەواتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی زیاتری سەرکردایەتیی نوێی سووریا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ئەوا فشارەکانی سەر ئێران زیاتر دەبن.

*** چۆن لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا دەڕوانن، بەتایبەتی ئەم دوو وڵاتە زۆر دەستڕۆیشتوو بوون لە نێو سووریادا، لە ئێستاشدا هەنگاویان هەڵگرتووە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوانیان؟**

بە دڵنیاییەوە ئەو دۆخە نوێیە لە سووریا دروست بووە و هاتنە ئارای سەرکردایەتییەکی نوێ لەو وڵاتەدا، بووەتە هۆی ئەوەی نەخشەیەکی جیۆپۆلەتیکی نوێ لە ناوچەکەدا دروست بێت، کە کاریگەری هەیە لە سەر پەیوەندییەکانی ئێران و ڕووسیا. ئێمە دەزانین لە ڕووی مێژووییەوە ڕووسیا و ئێران لە بەرەیەکدا بوون لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی ستراتیژیی هاوبەشیان هەیە، بەتایبەتی کە هەردوولا خواستی ئەوەیان هەیە، دەستڕۆیشتوویی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا سنووردار بکەن، ئەم

مەسەلەیەش هانیان دەدات بۆ ئەوەی بەردەوام هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن، تەنانەت دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەدیش، بەڵام ئێمە دەزانین ئەو دژوارییانەی ڕووبەڕووی سەرۆك ڤلادمیر پوتین بوونەتەوە لە شەڕە نارەواکەی لەگەڵ ئۆکرانیا، بارگرانییەکی لەسەر ئەم پەیوەندییانە دروست کردووە. دواتر ئاشکرایە کە هەم ڕووسیا و هەم ئێرانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دەستتێوەردانیان لە دۆخی سووریادا کرد، بەرژەوەندییەکانیشیان بەرجەستە دەبوو لە پاراستن و پاڵپشتیکردن



لە هاوبەشێکی گرنگ، پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە سەربازییەکانیان، بۆ نموونە: بنکەی دەریایی ڕووسیا لە تەرتووس و بەرەنگاربوونەوەی گرووپە توندڕەوەکان، بەڵام من پێم وایە دۆخی نوێی سووریا دەبێتە هۆی ئەوەی ئاراستەی پەیوەندییەکانیان بەرەو ململانێ بچێت، بەتایبەتی کە هەردوولادا دید و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە بۆ ئایندەی سووریا. دەستڕۆیشتوویی ئێران لە سووریادا پتر لە ڕێی پشتیوانیکردنەوە بوو لە گرووپە چەکدارە شیعەکان و دروستکردنی ڕێڕەوی زەمینی بوو بۆ درێژکردنەوەی دەسەڵاتەکەی بۆ نێو لوبنان (لە ڕێی حزبوڵڵاوە)، لە کاتێکدا ڕووسیا ڕێچکەی تەوەربەند لەسەر پتەوکردنی دەسەڵاتی نێو سووریای گرتەبەر، واتە زیاتر هەوڵی دا،

**سەرکردایەتیی سووریای دوای ئەسەد مەیلی پتر بۆ ئەو هێزانە دەبێت کە بەرهەڵستی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دینامیکییەتی ناوچەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت**

**لەگەڵ نزیکبوونەوەی زیاتری سەرکردایەتیی نوێی سووریا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ئەوا فشارەکانی سەر ئێران زیاتر دەبن**

## پرۆفیسۆر ولیەم ولفۆرس بۆ گوڵان:

# ترەمپ بانگەشەی کارامەیی گەیشتن بە ڕێککەوتنەکان دەکات و ئێستاش دەرفەتێکی لەباری بۆ دروست بووە

ولیەم ولفۆرس، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە کۆلێژی دارتموس، تایبەتمەند و پسپۆڕی چەند بوارێکی دیاریکراوە وەك: تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە زیاتر پەیوەست بوون بەو هەلومەرجە ڕاگوزەرییەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیدا تێدەپەڕێت، کە ڕەنگە بتوانین بڵێین لە زۆر ڕووەوە نادڵنیایی باڵی بەسەردا کێشاوە، بگرە زەحمەتە کە بتوانرێت بە وردی و دەقاودەق ئەوە دەستنیشان بکرێت، کە ئەم ناوچەیە بەرەو چ ئاقار و ئاراستەیەك دەڕوات. لە هەمان کاتدا تەوەرێکی دیکەی ئەم دیدارە بریتی بوو لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئەگەری دەستپێکردنی گفتوگۆیەکی جددی بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە و بۆ گەیشتن بە ئاگربەست، بەتایبەتی کە ترەمپ بەردەوام بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە دەتوانێت ڕێککەوتن بەدی بهێنێت و کۆتایی بە شەڕ بهێنێت.

# دیمانەی تایبەت



*** هەروەك ئاشكرایە كە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغ و وەرچەرخانێكی گەورەدا تێدەپەڕێت، ئەوەتا گۆڕانكاری و پێشهاتی پێشبینی نەكراو و پەرەسەندنی چاوەڕوان نەكراو ڕوو دەدەن، لە هەمان كاتدا ئیدارەی نوێی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە سەرۆكایەتی دۆناڵد ترەمپ، پێشنیار و بیرۆكەی نوێ و نا تەقلیدی دەخاتەڕوو بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ئەم ناوچەیە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە كەرتی غەززەوە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ڕەنگە من نەتوانم بە دیاریكراوی ئەوە دەستنیشان بكەم كە ڕەوتی ڕووداوەكان بەرەو كوێ دەچن، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ڕوونە، ئەوەیە كە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ كەسانێك لەخۆ دەگرن، كە بە تەواوی پشتیوانی ئیسرائیلن، هەر بۆ نموونە، باڵیۆزی دەستنیشانكراوی ئەمریكا بۆ ئیسرائیل. بەڵام من پێم وایە ئەگەر ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بیەوێت ئاشتی بەرپا بكات و ئاگربەستەكەی كەرتی غەززە بەردەوام بێت، ئەوا پێویستە لە هەمان كاتدا گوشار لەسەر ئیسرائیلیش دروست بكات، ئەگەرچی لە ئێستادا ئەم مەیلە بەدی ناكرێت. كەواتە ڕوون نییە ئەو بیرۆكانەی هەیەتی، چۆن دەبنە هۆی ئەوەی دۆخێك دروست ببێت كە ببێتە مایەی گۆڕینی ڕەوت و ڕەوڕەوەی ڕووداوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. واتە ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت بیخەمەڕوو، ئەوەیە كە كێ دەزانێت دۆناڵد ترەمپ بە چ ئاراستەیەكدا هەنگاو هەڵدەگرێت، چونكە ڕاستە زۆر باس لەوە دەكرێت كە دۆناڵد ترەمپ بانگەشەی ئەوە دەكات كە كارامەیە لە بەدیهێنانی ڕێككەوتنەكان و ڕێچكەی بزنێس ئاسای مامەڵەكردنەكانیدا، كە من پێم

وایە ترەمپ دەرفەتێکی باشی لە بەردەمدایە ئەگەر سوود لەو دۆخە وەربگرێت، کە لە دوای دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەدی هاتووە، کە مایەی تاسان بوو، بۆ ئەوەی کار بە ئاراستەی بەدیهێنانی ڕێککەوتنێکی گەورە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیا نیم، ئایا تەواو توانا و تێڕوانینی ستراتیژیی خۆی بەم ئاراستەیەدا چڕ دەکاتەوە، یان نا.

*** هەر لە پەیوەندی بە یەکێك لە پرسە گەورەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، دەمانەوێت پرسیار لە بارەی پەیوەندییەکان، یان بارگرژیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران بکەین. ئایا پێتان وایە بارگرژییەکانی نێوانیان خاو دەبنەوە و ئەگەری ئەوە دروست دەبێت، کە بگەنە ڕێککەوتنێك، یان دۆخەکە بەرەو هەڵکشان و ڕووبەڕووبوونەوە دەچێت لە نێوانیاندا؟**

- تا ئێستا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت کار لەسەر ئەوە بکات کە ئێران دووبارە بخاتەوە ژێر سیاسەتی ئەو پەڕی گوشار، بەتایبەتی کە لە ئێستادا ئەو تێڕوانینە دروست بووە کە ئەمریکا لە پێگەیەکی بەهێزتردایە لە بەرانبەر ئێراندا، ئەویش دوای ئەوەی ئیسرائیل توانی ئەدایەکی باش بنوێنێت لە شەڕەکانی لەگەڵ ئەو گرووپە چەکدارانەدا کە ئێران پشتیوانیی لێ دەکردن، ئەویش بە پێچەوانەی پێشبینیی زۆر کەس بوو لەم ڕووەوە. لەم ڕوانگەیەوە هەندێك کەس مەزندەی ئەوە دەکەن کە بارودۆخەکە لەبارە بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ هەڵوێستێکی سەختتر بگرێتەبەر لە ئاست ئێراندا.

*** ئەگەر باس لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بکەین، ئەوا لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و ئێستاش دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لە کۆشکی سپی، هەمیشە دۆناڵد ترەمپ ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر لە سەرۆکایەتیدا بووایە ئەم شەڕە ڕووی نەدەدا و ئێستاش کار بۆ ڕاگرتنی دەکات، بەتایبەتی کە باس لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك ڤلادیمیر پوتین دەکات، پێتان وایە ئاراستەی ئیشکردنی ترەمپ لەم ڕووەوە چۆن دەبێت؟**

- ئەوە ڕاستە کە خودی دۆناڵد ترەمپ و بەرپرسەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی هەمیشە ڕەخنە لە ئیدارەی پێشوو، بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن دەگرن لە مامەڵەکردنی لەگەڵ شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا. بەڵام هەر چۆنێك بێت تا ئێستا ئەو بڕیارەمان بەدی نەکردووە کە ئیدارەی نوێ بڕیاری ئیدارەی پێشوو بە ڕێگەدان بە ئۆکرانیا بە بەکارهێنانی مووشەکی دوورهاوێژی ئەمریکا و بە ئامانجگرتنی قووڵایی خاکی ڕووسیا هەڵبوەشێنێتەوە، ڕەنگە هۆکارەکەش ئەوە بێت کە خودی دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت لەم ڕووەوە ڕێککەوتنێك بەدی بهێنێت و، لەم ڕوانگەیەوە نایەوێت پێگە و دەستی ئۆکرانیا لاواز بکات لەو گفتوگۆیانەی کە ئەگەر لەبارەی شەڕەکەوە لەگەڵ ڕووسیادا ئەنجام بدرێت. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی کە گوتران، ئەوا منیش مەزندەی ئەوە ناکەم کە ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ دەست بۆ دەستبەجێ ڕاگرتنی هاوکاری و پشتیوانییەکانی بۆ ئۆکرانیا ببات، بەتایبەتی کە پشتیوانییەکی بەهێز هەیە لە نێو خودی ئەمریکا بۆ ئەوەی پشتیوانییەکان بۆ ئۆکرانیا بەردەوام بن. کەواتە ڕەنگە دروست بێت کە بڵێین بەم نزیکانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست نابات بۆ دەستهەڵگرتن لە ئۆکرانیا و جێی ناهێڵێت بۆ ڕەحمەتی سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادیمیر پوتین).

*** با زیاتر لەسەر ئەم پرسە بمێنینەوە و ئاماژە بەوە بکەین کە هەمیشە دۆناڵد ترەمپ بانگەشەی ئەوەی دەکرد (بەتایبەتی لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا) کە دەتوانێت زۆر بە خێرایی ئەم شەڕە ڕابگرێت، تەنانەت باسی لەوەش دەکرد، کە ئەگەر سەرکەوتوو بێت، ئەوا پێش دەستبەکاربوونی شەڕەکە ڕادەگرێت، ئێستاش ئێوە پێتان وایە بەلای کەمەوە بەم نزیکانە دەستبەرداری پشتیوانییەکان بۆ ئۆکرانیا نابێت؟ ئایا دەکرێت بڵێین بەم نزیکانە ئەم شەڕە ڕادەوەستێت و ئاگربەست ڕادەگەیەنرێت؟**

- ئێمە دەبێت لە ڕوانگەی ئەو هەموو بانگەشە و گوتارانەی دۆناڵد ترەمپەوە لە

**ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ کەسانێك لەخۆ دەگرن، کە بە تەواوی پشتیوانی ئیسرائیلن**

**دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت کار لەسەر ئەوە بکات کە ئێران دووبارە بخاتەوە ژێر سیاسەتی ئەو پەڕی گوشار**

**هەندێك کەس مەزەندەی ئەوە دەکەن کە بارودۆخەکە لەبارە بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ هەڵوێستێکی سەختتر بگرێتەبەر لە ئاست ئێراندا**

**مەزەندەی ئەوە ناکەم کە ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ دەست بۆ دەستبەجێ ڕاگرتنی هاوکاری و پشتیوانییەکانی بۆ ئۆکرانیا ببات**



بارەی ڕاگرتنی شەڕەکە لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا، لەو هەوڵانە بڕوانین کە ئیدارەکەی بەم ئاراستەیەدا دەیانگرێتەبەر، هەرچەندە دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕاستە ئیدارەکەی دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت بانگەشەکانی بە گرتنەبەری هەنگاوی کرداری پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام نابێت ئەوەش نادیدە بگیرێت کە دەستپێکردنی پرۆسەی گفتوگۆ و گەیشتن بە دەرئەنجامی کۆتایی، یان گەیشتن بە ڕێککەوتن دوو شت و بابەتی لێك جیاوازن. دواتر دەبێت ئەوەش بڵێین کە هێزەکانی ڕووسیا لە بەرەکانی شەڕدا لە هەندێ ناوچە و ڕووەوە لە پێشڕەویدا بوون، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەنگە سەرۆکی ئەو وڵاتە، ڤلادیمیر پوتین، خۆی بە ناچار نەزانێت بۆ ئەوەی سازشی گەورە و سەخت بکات لە بەرانبەر ئۆکرانیا، بەتایبەتی لەو بەرانەدا کە لە پاشەکشەدا بوو. کەواتە لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێ کرا، ئەوا من بە زەحمەتی دەزانم کە سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) بتوانێت ڕێککەوتنێکی باش بەدی بهێنێت لە بارەی ئەم شەڕەوە، بەتایبەتی ئەگەر خوازیاری ئەوە بێت کە لە ماوەیەکی کەم و نزیکدا ئەم جەشنە ڕێککەوتنە ئەنجام بدات. خۆ ئەگەر ئەمەش کارێکی کردەنی نەبێت، ئەوا ڕەنگە هەنگاوی ژیرانە ئەوە بێت کە کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئۆکرانیا بکات، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵ و کۆششەکان بە ئاراستەی خستنەگەڕی پرۆسەیەکی جدیی گفتوگۆدا بخاتەگەڕ.

دڵشاد ئەنوەر
توێژەر و ڕۆژنامەنووس لە دەنگی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# دەبێت لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لەلایەن سەرۆکی حکومەت یان وەزیری ناخۆ سەرۆکایەتی بکرێت



# بازرگانی ماددەی هۆشبەر بە نێودەوڵەتی کراوە، لە هەندێ وڵاتی وەکو سووریای پێشوو دەستی باڵاترین دەسەڵاتی حکومەتی تێدا بوو

# یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان پێویستی بە هەموارکردنەوە و سزای لەسێدارەدان هەیە

بۆ ئەوەی بزانین مەترسیی ماددەی هۆشبەر لەسەر کۆمەڵگە چییە و ئێستا بازرگانیکردنی بەو جۆرە هۆشبەرانە لە هەرێم لە چ ئاستێکە، هەروەها ئەو یاساییەی بۆ بەرنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر دانراوە، ئایا تا چەند بەپێی پێویستە؟ ئایا چۆن و کێ دەتوانن ڕۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەسەر ماددەی هۆشبەر هەبێت، بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسانە و چەند پرسی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دڵشاد ئەنوەر توێژەر و ڕۆژنامەنووس لە دەنگی ئەمریکا ئەنجام دا.

*** مەترسیی ماددە هۆشبەرەکان و ئالوودەبوونی گەنجان و بازرگانی پێکردنی چییە و مەترسیی قاچاخچێتی بەم ماددە ژەهراوییە لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر لەسەر هەرێمی کوردستان مەترسیەکی جدییە، ئێستا هەرێمی کوردستان بووەتە ترانزێت، یان ڕێرەوی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر کە پێشتر لە ئێران و سووریا و ئەفغانستان و پاکستان بەرەو ئەورووپا دەچوو، هەر وڵاتێکیش بووە ڕێرەوی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر، ئەوە پشکێکی گەورەی مەترسییەکانی ئەو بازرگانییەی بەردەکەوێت. پێش ساڵی ٢٠٠٥ هەرێمی کوردستان و عێراق دوو ناوچەی زۆر پاك و خاوێن بوون لە ڕووی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، بەڵام دوای ٢٠٠٥ وردە وردە بە قۆناغبەندی ماددەی هۆشبەر فراوان بوو و گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئێستا بەداخەوە دۆخەکە لە تەقینەوەدایە، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین، لە ساڵی ٢٠٠٧ لە شارەکانی (سلێمانی و هەولێر و دهۆك) تەنیا ٣٨ کەس لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیر کرابوون، کەچی لە ئێستادا لە سلێمانی زیاتر لە هەزار کەس و لە هەولێر و دهۆکیش لەوە زیاتر نەبێت، کەمتر نییە، کە لەسەر ئەو ماددە مەترسیدار و ژەهراوییانە لە چاکسازییەکانن و، کەم ڕۆژ هەیە هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بازرگانێك دەستگیر نەکەن، تەنانەت

**هەرێمی کوردستان بووەتە ترانزێت، یان ڕێرەوی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر کە پێشتر لە ئێران و سووریا و ئەفغانستان و پاکستان بەرەو ئەورووپا دەچوو**

ئەم ماددە هۆشبەرە زۆر بە ئاسانی دەست دەکەون و بەکارهێنەرانیشی زۆر زیادی کردووە. ئەو ماددە هۆشبەرانە وەکو دەزانین مەترسیی زۆر و ترسناکیان هەیە. ئەگەر ماددەی هۆشبەر لە رووی ئاسایشەوە بەرت پێ نەگرت و فراوان بوو، ورد وردە بەکارهێنەرانی دەبنە باند و لەو کاتەدا بەرژەوەندییەکانیان تێکەڵ بە یەکتر دەبێت و ئاسایش و سەقامگیریی وڵات تێکدەدەن و، دەبنە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و زۆر کەس ناچار دەکەن، ماددەی هۆشبەر بڵاو بکەنەوە، لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە ماددەی هۆشبەر ئەگەر کەوتە ناو هەر خێزانێك و هەر کەسێك ئالوودەی بوو، ئەو خێزانە ژیانیان تێکدەچێت، هەندێك جار بووەتە هۆی ئەوەی ئالوودەبوویەکی ماددەی هۆشبەر کۆمەڵکوژیی خێزانی ئەنجام بدات، زۆر جاریش کاریگەریی ئالوودەیی ماددەی هۆشبەر دەگاتە دەوروبەری خێزان و خزم و دراوسێیەکانیان زەرەرمەند دەبن. لەلایەکی دیکەوە ماددەی هۆشبەر لە هەر وڵاتێك بڵاو بووەوە، بە جۆرێك لە جۆرەکان پشێوی دروست دەبێت و لەو کاتەدا تاك هەست بە سەقامگیری ناکات، مەترسییەکی دیکە ئەوەیە کە ئالوودەبووی ماددەی هۆشبەر تووشی شیزۆفرینیا دەبێت، لەو کاتەدا هەموو کاتێك لە گومان دەژی، هەر بۆیە بیر لە پیلان و تاوانی کوشتن و کۆمەڵکوژیی دەوروبەری دەکاتەوە. دەتوانین لەبارەی مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر ئاماژە بەوە بکەین، کە زۆر گشتگیرە بۆیە دەتوانرێت لە تووشبووی شێرپەنجە مەترسیدارتری دابنێین، هەروەها ماددەی هۆشبەر مەترسییەکی دیکەی لە رووی ئابوورییەوە هەیە، ئالودەبوون وادەکات بۆ دەستکەوتنی ماددە هۆشبەرەکە کاریگەریی خراپ لەسەر خێزانەکەی دروست بکات، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ژەهرە کە کوشتن و دزی و کار و کردەوەی بێڕەوشتی لێدەکەوێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ماددەی هۆشبەر ئێستا بووەتە چەکێکی زۆر مەترسیدار کە وڵاتان لە دژی یەکتر بەکاری دەهێنن. خۆشبەختانە دۆخی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان لە دەست دەرنەچووە و پێش تەقینەوەیە و دەتوانرێت هەنگاوی باش بنرێت بۆ بەرنگاربوونەوە و ڕێگریی لە زیاتر بڵاوبوونەوەی، دەبێت هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ زۆر چاوکراوەتر و وردتر بن، بازرگانەکان زۆر بە نهێنی کار دەکەن و هەندێکیان لەو بازرگانانە لە فێڵ و خۆشاردنەوە لە دەزگا ئەمنییەکان شارەزاترن.

*** بنبڕکردنی ماددە هۆشبەرەکان جگە لەوەی پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، تا چەند گرنگە بکرێتە پرسێکی گشتگیر و مامۆستایانی ئایینی و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکاران تێیدا بەشدار بن؟**

- بنبڕکردنی ماددەی هۆشبەر پرسێکی تەواو نیشتمانییە و مەترسیەکە لەسەر کۆی نیشتمان و کۆمەڵگە و لە تاك لە خوارەوە بۆ خێزان و لە خێزانەوە بۆ شار و لە شارەوە بۆ کۆمەڵگە و پرسێکی زۆر گەورەیە و پرسێکی وا نییە کە خەمساردانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەپێچەوانەوە پرسێکە دەبێت زۆر بە جددی وەربگیرێت و پرسێکە لەسەر ئاستی تاك چ لەسەر ئاستی خێزان و زانکۆ و مزگەوت و ناوەندەکانی توێژینەوە و دامودەزگاکانی ئەمنی و لە ئاستی هەموو چین و توێژەکان تا دەگاتە حکومەت و میدیاکان، هەمووی دەبێت بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ، تاوەکو بە هەموویان بتوانن بەرنگاریی دەستەجەمعی مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر ببنەوە، وەك یەك تیم و گرووپ.

*** لێرە لەوێ باس لەوە دەکرێت کەسانی دەسترۆیشتوو لە ناو حزب و لایەنە سیاسییەکان و چەکدار، قاچاخچێتی و بازرگانی بەو ماددەی هۆشبەر دەکەن، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لەبەر ئەوەی ماددەی هۆشبەر و بازرگانی پێوەکردنی پارەی زۆر و قەبەی تێدایە و هێنان و بردن و ئاڵوگۆڕی ئەو ماددەیە پرۆسەیەکی قورس و گەورەیە، بۆیە زۆر جاران کەس و بەرپرسانی دەسترۆیشتوو و لەو بازرگانییانە تێوەدەگلێن، یان کارئاسانی بۆ بازرگانەکانی ماددەی هۆشبەر دەکەن، بەتایبەتی لە هێنان و بردنی ماددەکەدا، هەروەها بەپێی زانیاریی چەند لایەنێکی پەیوەندیدار لەناو چاکسازییەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان، کڕین و فرۆشتن و بەکارهێنانی ماددەی

**لە ساڵی ٢٠٠٧ لە هەر شارێکی (سلێمانی و هەولێر و دهۆک) تەنیا ٣٨ کەس لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیر کرابوون، کەچی لە ئێستادا لە سلێمانی زیاتر لە هەزار کەس و لە هەولێر و دهۆکیش لەوە زیاتر نەبێت، کەمتر نییە**

**ئەگەر ماددەی هۆشبەر لە رووی ئاسایشەوە بەرت پێ نەگرت و فراوان بوو، ورد وردە بەکارهێنەرانی دەبنە باند و لەو کاتەدا بەرژەوەندییەکانیان تێکەڵ بە یەکتر دەبێت و ئاسایش و سەقامگیریی وڵات تێکدەدەن**

**هەندێک جار بووەتە هۆی ئەوەی ئالوودەبوویەکی ماددەی هۆشبەر کۆمەڵکوژیی خێزانی ئەنجام بدات**

**ماددەی هۆشبەر ئێستا بووەتە چەکێکی زۆر مەترسیدار کە وڵاتان لە دژی یەکتر بەکاری دەهێنن**



هۆشبەر هەیە، کەسانی ئالۆدەبوو، یان بەکارهێنەران، پاش ئەوەی لە گرتووخانە چاکسازییەکان ئاسایی بوونەوەتە، یان بە هەر جۆرێك بێت ئازاد کراون، کە هاتوونەتە دەرەوە، دوو بارە بۆ هەمان کار گەڕاونەتەوە، ئەزموونی زیاتریشی لە ناو گرتووخانەکان لە تۆمەتبارە بازرگان و بەکارهێنەرەکان دەست کەوتووە، بۆیە پێویستە لە چاکسازییەکان زیاتر چاودێریی وردی تۆمەتبارە بازرگان و بەکارهێنەرەکانی ماددەی هۆشبەر بکرێت و، زۆر پێویستە بازرگانەکان لەگەڵ بەکارهێنەرانی هۆشبەر لە یەکتر جیا بکرێنەوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بە جددی لە چاکسازییەکان مامەڵەی تەواو و واقیعی لەگەڵ تۆمەتبارانی ئەو پرسە نەکراوە و، هەموو ئەوانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، گومانی زۆر هەیە کە خەڵکانی چەکدار و دەستڕۆیشتوو بەتایبەتی سەرۆك عەشیرەت و هۆزە عەرەبەکانی عێراق هاوکار و تێوەگلابن لە بازرگانیی ماددەی هۆشبەر. لەلایەکی دیکەوە بازرگانیی ماددەی هۆشبەر بازرگانییەکی نێودەوڵەتییە و لە هەندێ وڵاتدا وەکو دیتمان سووریا هەرەمی سەرەوەی دەسەڵات ئەو بازرگانییەیان کردووە. لە ئێستادا بازرگانی ماددەی هۆشبەر بۆ نموونە ئەگەر لە سێ بار، تەنیا یەکیانی ڕزگار کردبێت، ئەوا چەندین ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت و، لەلای ئەو جۆرە بازرگانانە گیرانی کەس و ماددەکان گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە خۆی سەلامەت و پارێزراو بێت.

*** ئایا ئەو یاسایەی بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەو مەترسییە دانراوە، ئایا پێویستی بەوەیە هەموار بکرێتەوە و سزاکان زۆر توندتر بکرێن، بەتایبەتی لەسەر بازرگانەکانی ماددەی هۆشبەر؟**

- سزاکانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێم و عێراقدا جیاوازن، لە هەرێمی کوردستان سزای لە سێدارەدان جێبەجێ ناکرێت، لە ڕابردوودا لە عێراق بە دەیان بازرگانی ماددەی هۆشبەر سزای لە سێدارەدانی لەسەر جێبەجێ کراوە، بۆیە دەبێت یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. لەلایەکی دیکەوە زۆر جار بازرگانی ماددەی



**پێویستە لە چاکسازییەکان زیاتر چاودێری وردی تۆمەتبارە بازرگان و بەکارهێنەرەکانی ماددەی هۆشبەر بکرێت و، زۆر پێویستە بازرگانەکان لەگەڵ بەکارهێنەرانی هۆشبەر لە یەکتر جیا بکرێنەوە**

هۆشبەر گیراوە، کەچی ئەو بازرگانە خۆی بە ئالوودە و تووشبوو بە ماددەی هۆشبەر دەناسێنێت، چونکە سزای بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر قورسە، بەڵام ئالوودەبوو پاش ماوەیەکی دیاریکراو ئازاد دەکرێت، کە دێتە دەرەوەش ڕاستەوخۆ دەست بەکارە بازرگانی و نارەوایەکانی بە ماددەی هۆشبەر دەکاتەوە، ئەمەش کێشەیەکی دیکەیە ڕووبەڕووی دەزگا و هێزە ئەمنییەکانمان دەبێتەوە. من لەگەڵ ئەوەم ئەو کەسەی بازرگانی ماددەی هۆشبەرە بە بەڵگەوە تاوانەکەی بەسەردا چەسپا، سزاکەی تا ئەو پەڕی توند بێت و تەنانەت بگاتە سزای لەسێدارەدان و سزاکەشی بەسەر جێبەجێ بکرێت. چونکە ئەوە کەسە دوژمنی نیشتمان و نەتەوە و کۆمەڵگە و هەموو تاک و خێزانەکانمانە و شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە و حوکمداریش دەخاتە بەر مەترسییەکی زۆر گەورە. پێویستە وەکو بەرچاوڕوونییەک ئاماژە بەوە بکەین، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووە لە عێراق (٢٠٠) باند و تۆڕی بازرگانی ماددەی هۆشبەر گیراون، ئەو باندانەش بێگومان لە هاوردەکردن بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵی گەورەیان هەبووە.

**گومانی زۆر هەیە کە خەڵکانی چەکدار و دەستڕۆیشتوو بەتایبەتی سەرۆک عەشیرەت و هۆزە عەرەبەکانی عێراق هاوکار و تێوەگلابن لە بازرگانیی ماددەی هۆشبەر**

*** ڕێکارەکانی چارەسەر چین و تا چەند دروستکردنی سەنتەرێك بۆ شیاندنەوەی ئالوودەبووان گرنگە؟**

- دەبێت سەرەتا حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك پلان و ڕێوشوێن بگرێتەبەر، یەکێك لە ڕێوشوێنەکان لێژنەیەکی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەرمان هەیە، ئەو لێژنەیە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، دەبێت ئەو لێژنەیە بدرێتە دەست وەزارەتی ناوخۆ، یان دەزگای ئاسایش بە چڕی و پێویستە سەرۆکی لێژنەکە وەزیری ناوخۆ، یان سەرۆکی دەزگای ئاسایش، یان سەرۆکی حکومەت خۆی بێت.



**زۆر جار بازرگانی ماددەی هۆشبەر گیراوە، کەچی ئەو بازرگانە خۆی بە ئالوودە و تووشبوو بە ماددەی هۆشبەر دەناسێنێت**

ئەوەی سەرۆکایەتی دەکات، دەبێت کەسێکی دەستڕۆیشتوو و خاوەن بڕیار بێت، تاوەکو بە بەردەوامی کۆبوونەوەی دەوری ئەنجام بدەن و سەرۆکی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە کەسێکی مەدەنی بگۆڕێت بۆ خودی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، یان وەزیری ناوخۆ، یان بەرپرسێکی باڵای ئاسایش، هەروەها پرسی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان تەنیا سپاردراوە بە ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لە کاتێکدا دەبێت لە کۆی هێزە جیاوازەکان ژوورێکی عەمەلیات دروست بکرێت و هەموو ئەو هێزانە بەردەوام چرکە بە چرکە ئاگاداری یەکتری و هەماهەنگ بن، هاوکات لە ئاستی وەزارەتەکانەوە هەر لە وەزارەتی تەندروستییەوە تا پەروەردە و خوێندنی باڵا و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕێنمای دەربکەن بۆ ناوەندەکانی خوێندن و سەرجەم دەزگا جۆراوجۆرەکان و وۆرك شۆپ و سیمینار ببەستن لەسەر مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر و چۆنیەتی بەرنگاربوونەوەی، ئەمانەش بۆ هۆشیاریی هەموو کۆمەڵگە بێت. واتە بە هەموو لایەن و وەزارەت و دامودەزگاکان هەوڵێکی دەستەجەمعی بدەین بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەسەر ماددەی هۆشبەر، هاوکات پێویستە لە ناو شارەکاندا ناوەندی بچووکمان هەبێت بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ماددەی هۆشبەر و توندوتۆڵکردنی بازگەکان، بەتایبەتی بازگەکانی نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراق و سنوورەکانیش یەکێکە لەو کار و پێویستییانەی بۆ ڕێگری لە بازرگانیکردنی ئەو مادده مەترسیدارە، لەلایەکی دیکەوە پێویستە نەخۆشخانە، یان سەنتەرێکی تایبەتمەند لە هەر شارێکی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت بۆ شیاندنەوەی ئەو کەسانەی کە ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون.

**لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووە لە عێراق (٢٠٠) باند و تۆڕی بازرگانی ماددەی هۆشبەر گیراون، ئەو باندانەش بێگومان لە هاوردەکردن بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵی گەورەیان هەبووە**



**مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی**

جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان بۆ گوڵان:

# پێشنیار کراوە ساڵانە چوار جار لە مزگەوتەکانی کوردستان وتاری هەینی لەسەر مەترسییەکان و خۆپاراستن لە ماددەی هۆشبەر بێت

# پێویستە مەترسی و کاریگەرییەکانی ماددەی هۆشبەر بکرێتە پڕۆگرام و لە قۆناغەکانی خوێندندا بخوێندرێت

**بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان بووەتە دیاردەیەکی زەق، کە سەدان کەس ئالوودەی بوون، یان بازرگانیی پێوە دەکەن، لەسەر ئەم پرسە و بۆ زانینی مەترسییەکانی لە ڕووی شەرع و ئایینی ئیسلامەوە، هەروەها بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی زانایان و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر ئەم ژەهرە مەترسیدارە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان ئەنجام دا.**

*** ئەوەی تێبینی دەکرێت ئێستا لە جیهاندا دوو ناوچە بوونەتە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر، یەکەمیان دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینە، ئەوی دیکە دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامییە، بە هەر دوو مەزهەبی سوننە و شیعەوە، ئایا بۆچی لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی بە هەر دوو «کۆنگرەی جیهانی ئیسلامی و مەرجەعییەتی شیعە» فەتوایەکی یەکگرتوو لەسەر حەرامکردن و قەدەغەکردنی ماددەی هۆشبەر نادرێت؟**

- ماددەی هۆشبەر مەترسیدارترین شتە لەسەر ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەك، وەکو کوردەواری دەڵێت لە کیمیاباران و هەموو ئەو کارە نامرۆڤانەی لە دژی مرۆڤ دەکرێت مەترسیدارترە، بێگومان ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەو ناوەی ماددەی هۆشبەر باسی نەکردووە، هەرچەندە باسی مەی (مشروب)ی وەکو عەرەق و بیرە و جۆرەکانی دیکەی کردووە، بەڵام هەموو جۆرە مەشرووبەکانیش پێیان دەگوترێت هۆشبەر و لە کۆنەوە هەر هەبوون، ئەگەرچی ماددەی هۆشبەر لە وڵاتی ئێمەدا هەنووکەییە و مەیەکان وەکو بیرە و عەرەق و جۆرەکانی لە هەموو وڵاتانی دنیا قەدەغە و قاچاخ نییە، بەڵام ماددە هۆشبەرەکان لە هەموو دنیا بە وڵاتانی ئیسلامی و نائیسلامییەوە قەدەغە و قاچاخە، هەروەها لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامی پیرۆزەوە ماددەی هۆشبەر لە هەموو شتێك مەترسیدارترە، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێسا و یاسای خۆی هەیە، سەرەڕای ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە خودای گەورە دەفەرموێت: «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ». لەم ئایەتەدا خواردنەوەی مەی و ماددەی هۆشبەرەکانیش کە لە عەرەق و بیرە زۆر مەترسیدارترن، حەرامی کردووە و خودای گەورە بەو شێوەیە لەو ئایەتەدا ئاماژەی پێ کردووە.

**مەیەکان وەکو بیرە و عەرەق و جۆرەکانی لە هەموو وڵاتانی دنیا قەدەغە و قاچاخ نییە، بەڵام ماددە هۆشبەرەکان لە هەموو دنیا بە وڵاتانی ئیسلامی و نائیسلامییەوە قەدەغە و قاچاخە**

یەکەم: مەشرووبەکان زۆر پیسن پڕ بە ماناکەی.

دووەم: کاری شەیتانییە کە کاری شەیتانیش دەزانین قەت کاری باش و لە بەرژەوەندیی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە نییە.

لە سێیەم هەنگاویشدا هاتووە: پاش ئەوەی کە ئەو وەسفە خراپەی مەی دەکات، دەڵێت: «لێی دوور بکەونەوە»، هەروەها ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش وەکو قاعیدەیەکی شەرعی کە پێی

دەگوترێت ئسووڵی فیقهـ و پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «کل مسکر حرام»، واتە هەر شتێك هۆشبەر بێت، ئەوە حەرامە، حەرامیش حوکمێکی خوایە و نە کەس دەتوانێت دەستکاریی بکات بەوەی زیاد، یان کەمی بکات، ماددەی هۆشبەر هەم لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە زۆر مەترسیدارە و سزای زۆر توندی لەسەرە، هەم لە ڕوانگەی دنیایش، ئەگەر تەماشای ماددەی هۆشبەر بکەین ئەوە پێش هەموو شتێك مرۆڤایەتی خۆی لە دەست دەدات، چونکە مرۆڤبوون تەنیا مانای ئەوە نییە کە نان و چای بخوات، مرۆڤایەتی و مرۆڤبوون ئەوەیە کە مرۆڤ عەقڵ و هۆشی لای خۆی بێت و عەقیدە و باوەڕی بە کەلتوور و ڕەمزەکانی خۆی بمێنێت. ئەوانەی تووشی ئەو ماددە ژەهراوییە حەرامە دەبن، پێش هەموو شتێك ڕەوشت لەدەست دەدەن و باکیان بە هیچ شتێك نامێنێت، هەرچییەك بەلایانەوە بکرێت، ئەوە لایان ئاساییە و، دین و بیرکردنەوە لە خودا و لە دنیا و بوون و هەر فەرزێك کە لەسەریان ئەرکە، لایان نامێنێت، کەسی ئالوودە بە ماددەی هۆشبەر لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیی بە کەسەوە نامێنێت و بیری نیشتمانی و نەتەوەییش لەدەست دەدات، ئەمەش بۆ ئێمەی کورد زۆر مەترسیدارە، چونکە ئێمە هێشتا نەبووینەتە خاوەن دەوڵەتی خۆمان. دەبێت بزانین کە دوو شت ئێمە بەرەو دەوڵەتداری دەبات: یەکەمیان دینە کە دینەکەت داوات لێ دەکات کار بۆ دەوڵەتی خۆت و پارێزگاری لە خاکت بکەیت. دووەمیش عەقڵییەت و عەقیدە و هزر و باوەڕبوون بە دەوڵەت و نەتەوەی خۆت وات لێ دەکات کە تۆ کار بکەیت و هەوڵ بدەیت بۆ دەوڵەتداری، هەر بۆیە ئەو کەسانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر دەبن، وەکو ئاژەڵیان لێ دێت، لەو کاتەدا ئەوە غەدرێکی زۆر گەورەیە کە مرۆڤ لە خۆی دەکات، چونکە خودای گەورە بەو هەموو توانا و گەورەییەی خۆی دەفەرموێت: «ولقد کرمنا بنی ادم»، واتە ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە، لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕووی ئابوورییشەوە ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر بارودۆخی ئابووریی خۆیان و خێزانیان وێران دەکەن و کێشە و گرفت و سەرقاڵیش بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەبێت، چونکە بۆ دەستکەوتنی بڕێکی زۆر کەم لە ماددەی هۆشبەر ئالوودەبووان لە لایان هیچ نییە، ئەگەر چەندین کەس بکوژن و دەست بۆ دزیکردنیش دەبەن. لێرەدا دەگەینە ئەوەی هەندێ بابەت پێویستی بە فەتوادان نییە، لەبەر ئەوەی زۆربەی فەتواکان بۆ شتێکی تازەیە کە قسەی لەسەر نەکرابێت، بەڵام قەدەغە و حەرامیی مەی و ماددەی هۆشبەر (١٤٠٠) ساڵ پێش ئێستا ئایینی ئیسلام کۆتایی پێ هێناوە، بۆیە دەتوانین بڵێین، چۆن نوێژکردن فەرزە، هەرواش پێویست ناکات زانایانی ئیسلام بچن فەتوایەك بدەن و بڵێن دەبێت هەموو کەس نوێژ بکات، ئەوە ماددەی هۆشبەریش حەرام و قەدەغەیە، بۆیە پێویستی بە فەتوادان نییە.

*** بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر بە هەموو جۆرە دەستکرد و سرووشتییەکانەوە بووەتە دیاردەیەکی زۆر سەیر لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئایا چۆن هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر دەست پێ بکرێت؟ ئایا مامۆستایانی ئایینی دەتوانن چ ڕۆڵێك لەم هەڵمەتەدا بگێڕن؟**

- بە حوکمی ئەوەی لە ڕێکخراوی زانایانی ئیسلامیین، ئەو بابەتانە زۆر دێتە لامان و ئاگادارین و هەفتانە یەکێك لە مامۆستاکانی ئێمە دەچێتە چاکسازییەکان (زیندانەکان)، لە یەکێك لەو مامۆستا بەڕێزانەم پرسی: ئەوانەی لە چاکسازییەکانن کێن؟ لە وەڵامدا ئاماژەی بەوەدا کە ٦٠٪ ی ئەوانەی ئێستا لە زیندانەکانن بە نموونە لە هەولێر، لەسەر ماددەی هۆشبەر گیراون، چ ئەوانەی بازرگانییان پێوە کردووە، چ ئەوانەی بەکاریان هێناوە و ئالوودە بوون. لە حەقیقەتدا ئەو ڕێژەیە زۆرە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، چونکە پێش بیست ساڵ لە کوردستان و شارێکی وەکو هەولێر یەك کەسیشمان لەسەر ماددەی هۆشبەر زیندانی نەکراوە، کەچی ئێستا ڕۆژانە ئەو باس و خواسە هەیە و بە شێوەیەکی ئاسایی خەڵك قسەی لەسەر دەکات، هەر بۆیە بۆ ڕێگری لەو ژەهرە کوشندە و مەترسیدارە، پێویستمان بە دروستکردنی بەربەستێکی قایم و تۆکمە هەیە، تا نەهێڵین زیاتر تەشەنە بکات. دەبێت هەوڵ بدرێت ئەوەی ئالوودەش بووە واز بهێنێت و ببێتەوە بە کەسێکی ئاسایی، ئەمەش بەو شێوەیە دەبێت:

ماددەی هۆشبەر هەم لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە زۆر مەترسیدارە و سزای زۆر توندی لەسەرە

مرۆڤبوون تەنیا مانای ئەوە نییە کە نان و چای بخوات، مرۆڤایەتی و مرۆڤبوون ئەوەیە کە مرۆڤ عەقڵ و هۆشی لای خۆی بێت و عەقیدە و باوەڕی بە کەلتوور و ڕەمزەکانی خۆی بمێنێت

ئەوانەی تووشی ئەو ماددە ژەهراوییە حەرامە دەبن، پێش هەموو شتێک ڕەوشت لەدەست دەدەن و باکیان بە هیچ شتێک نامێنێت

کەسی ئالوودە بە ماددەی هۆشبەر لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیی بە کەسەوە نامێنێت و بیری نیشتمانی و نەتەوەییش لەدەست دەدات

ئەو کەسانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر دەبن، وەکو ئاژەڵیان لێ دێت، لەو کاتەدا ئەوە غەدرێکی زۆر گەورەیە کە مرۆڤ لە خۆی دەکات

یەکەم: ئەوەی ئالوودە و تووشی ماددەی هۆشبەر بووە، هۆشیار بکرێتەوە، ئەمەش بەوە دەبێت وەکو ئەوەی کە مەلا بەڕێزەکانمان هەفتانە یەکێکیان دەچنە چاکسازییەکان و لەسەر مەترسیی ماددەی هۆشبەر بۆ تووشبووان قسە دەکەن، چونکە ئەو ماددەیە خۆکوژییە و خودای گەورە جگە لەوەی حەرامی کردووە، قبووڵیشی نییە کەس بە دەستی خۆی خۆ بکوژێت، وەکو ئەوەی خوا دەفەرموێت: «ولا تقتلوا انفسکم».

دووەم: دروستکردنی نەخۆشخانە، یان سەنتەرێکی گونجاو بۆ چارەسەری پزیشکی و دەروونیی ئەو کەسانەی ئالوودە و تووشی ماددەی هۆشبەر بوون.

سێیەم: لەسەر حکومەتی کوردستان پێویستە لە چوارچێوەی یاسادا بە جددی سنوورێك بۆ ئەو دیاردە نامۆیە بە کوردستان دابنێت. کاتی خۆی لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر وەکو ڕەشنووسمان بۆ ڕەوانە کرا، ئێمە سەرنجمان لەسەری هەبووە و دەستنیشانمان کرد، لە حەقیقەتدا یاساکەمان ڕەت کردەوە، چونکە بە پێویستمان زانی سزای بازرگانان و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر تا ئاستێکی زۆر توند بێت.

چوارەم: پێویستە گەورەترین سزا بۆ بەکارهێنەران و بازرگانەکان دابنرێت، لە لایەکی دیکەوە دەبێ بازرگانانی ماددەی هۆشبەر لە چاکسازییەکاندا لە تۆمەتبارەکانی دیکە جیا بکرێنەوە، بەتایبەتی لە بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر و، سزاکانی ئەو بازرگانانە بگاتە سزای ئەو تۆمەتبارانەی کە خەڵکیان کوشتووە.

پێنجەم: لەسەر مامۆستایانی ئایینی پێویستە ڕۆڵی گەورە و کاریگەری خۆیان ببینن، ئەویش بەوەی لە وتارەکانی ڕۆژی هەینی و کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری تایبەتدا لەسەر مەترسیی ماددەی هۆشبەر لەسەر کەسەکان و کۆمەڵگە و خێزان. قسە بکەن.

شەشەم: خێزان دەبێت ڕۆڵی خۆیان بە ئیجابی ببینن، لەوەی کە کەسێك لە ئەندامی خێزانەکەیان تووشی ئەو ژەهرە بووە. ئێمە لە زۆربەی بۆنە و یاد و کۆڕەکانماندا ئەگەر وتاری یەکێتیی زانایانی ئیسلام، یان مامۆستای ئایینیی تێدا بێت، یەکێك لەو خاڵانەی ئاماژەی پێ دەکەین، ئەوە مەترسیی ماددەی هۆشبەرە و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەیەتی. هەروەها ئێمە بۆردێکی وتاری هەینیمان لە وەزارەتی ئەوقاف هەیە، کە چەندین مامۆستای زانا و بەتوانا وتاری هەینی دادەنێن، لە یەکێك لە وتارەکانی هەینی چەند هەفتەیەك پێش ئێستا، هەموو مامۆستایان لە مزگەوتەکانیانەوە لەسەر ئەو دیاردە مەترسیدار و ژەهراوییە قسەیان کرد. بە پێویستی دەزانم و پێشنیاریش کراوە، ساڵانە



**هەندێ بابەت پێویستی بە فەتوادان نییە، لەبەر ئەوەی زۆربەی فەتواکان بۆ شتێکی تازەیە کە قسەی لەسەر نەکرابێت، بەڵام قەدەغە و حەرامیی مەی و ماددەی هۆشبەر (١٤٠٠) ساڵ پێش ئێستا ئایینی ئیسلام کۆتایی پێ هێناوە**

**پێش بیست ساڵ لە کوردستان و شارێکی وەکو هەولێر یەک کەیسیشمان لەسەر ماددەی هۆشبەر زیندانی نەکراوە، کەچی ئێستا ڕۆژانە ئەو باس و خواسە هەیە و بە شێوەیەکی ئاسایی خەڵک قسەی لەسەر دەکات**

لایەنی کەم چوار جار لە وتارەکانی هەینیدا قسە لەسەر مەترسیی ماددەی هۆشبەر بکرێت.

***   لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانە دەیان کیلۆ ماددەی هۆشبەر لە بازگەکاندا لە دەستی ئەو کەسانە دەگیرێت کە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەرەوە دەکەن، بەڵام هەتا ئێستا نەمانبینیوە یەکێك لەو بازرگانە بێویژدانانە لە چوارچێوەی یاسادا سزای شایستەی خۆی وەربگرێت، کە زۆر کەس «سزای لەسێدارەدان» بە پێویست دەزانن، بۆ ئەوانەی قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر دەکەن، ئایا تا چەند گرنگە یاسای لەسێدارەدان ئەم تاوانبارانە بگرێتەوە؟**

- سزای لەسێدارەدان واتە کوشتنی مرۆڤێك، ئەوە قسەی لەسەرە، بەتایبەتی لە لایەنی مافی مرۆڤەوە بۆی هەیە قبووڵی نەکەن، بەڵام لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە مەسەلەی لەسێدارەداندا (واتە کوشتنی مرۆڤێك، یان حوکمی هەتا هەتایی) ئەوە لێرەدا من شەخسی ناتوانم ئەو بڕیارە بدەم، چونکە ئەوە بڕیارێکی دینی و شەرعییە، بەڵام ئەگەر حکومەت هەستا بەو بابەتە و داوای لە ئێمە وەکو مەلایانی کوردستان و ئەنجومەنی باڵای فەتوا کرد وەکو لایەنی شەرعی، کە ئایا ئێمە دەتوانین کابرایەکی بازرگان بە ماددە هۆشبەر سزای لەسێداردانی بدەین، ئەو کات ئەنجومەنی باڵای فەتوای ئێمە ئامادەیە وەڵامێکی ڕاست و بێ دوودڵی و شەرعییانە بداتەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە شتێك بدەم ئەویش ئەوەیە لە کاتێکدا هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و ناوخۆ کەسێك، یان گرووپێك بە بڕێك ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیر دەکەن، بۆ نموونە پێنج کیلۆگرام ماددەی هۆشبەریان دەستگیر کردووە، ئەوە پێویستە دوای لێکۆڵینەوە و ددانپێدانانی تۆمەتبارەکان، ئەوە ماددە هۆشبەرانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، پێویستە لە پرۆسەیەکی ئاشکرا و شەفافدا بە بەرچاوی خەڵك و کەسانی پەیوەندیدار و شارەزاوە بسووتێنرێت و ئەو ژەهرە لەناو ببرێت.

***   وەك دەزانن ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر، هەموو کارێك دەکەن لە پێناوی ئەوەی ئەو ماددە هۆشبەرەیان دەست بکەوێت، بۆ ئەمەش سڵ لە هیچ کارێکی خراپ ناکەنەوە، کە بەداخەوە لە ئێستادا وەکو ڕاپۆرتەکان باسی دەکەن، قوتابخانەکانی دواناوەندیشی گرتووەتەوە و لە هەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ ئالوودەبوو هەیە. ئایا کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم پەتایە لەسەر پچڕانی شیرازەی خێزان، نەمانی ئینتمای نیشتمانی و...هتد، چۆن دەبینیت؟**

- من ئەو ماددە هۆشبەرە بە بەڵا و کارەساتێکی زۆر گەورە دەبینم، تەنیا بۆ ئەوە دروست کراوە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانی و خزمایەتی و کوڕ و باوکایەتی بە تەواوی لە بناغەوە هەڵبکێشێت، هەروەها من ماددەی هۆشبەر بە پیلان و دوژمنکارییەکی گەورەی دەزانم کە دوژمنان دەرهەق بە ئێمەی کورد پیادەی دەکەن، بەتایبەتی لەو قۆناغەی ئێستا کە بە شێوەیەکی سەقامگیر لە سایەی حکومەتی کوردستان و سەروەریی یاسادا دەژین، دوژمنانی ئێمە زۆرن و نییانە کوردی خۆش بوێت، بەتایبەتی لە لایەن وڵاتانی هەرێمایەتییەوە پیلانی زۆر مەترسیدارمان لەسەرە و بە هەموو جۆرە چەکێك لێمان دەدەن، یەکێك لەو چەکە زۆر مەترسیدار و هێواشانەش ماددەی هۆشبەرە، کە ئێستا لە کوردستان زۆر تەشەنەی کردووە و، بووەتە دیاردەیەکی ڕۆژانە و نکۆڵیی لێ ناکرێت. هەر چەندە هێزە ئەمنییەکانمان بە هەموو توانا و زیرەکی و چاوکراوەییەوە بەدواداچوونی وردی بۆ دەکەن، بەڵام دوژمنان لێرە و لەوێ مەبەستی ناحەزی ژەهراوییان دەپێکن، مەبەستی سەرەکییان کەمبوونەوەی هەست و بیر و هزری نەتەوەیی و نیشتمانیمان و بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگەکەیە بۆ دۆڵێکی زۆر نشێو و هەڵدێر، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم، مەترسی و کاریگەرییە خراپەکانی ئەو ژەهرە بکرێتە پرۆگرامی خوێندن، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەییدا بخوێندرێت، بۆ ئەمەش ئەرکەکە دەکەوێتە سەر حکومەت و وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان کە خەمێك لەو پێشنیارە بخۆن. هاوکات پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ قسە و کاری لەسەر ئەو بابەتە هەبێت، چونکە ماددەی هۆشبەر هەیانە دەچێندرێت و هەشە بە سرووشتی دەڕوێت، بەلای منەوە هەموو حکومەت پەیوەندیدارە بەو بابەتە و دەبێت قسە و کار و هەوڵی هەبێت بۆ پێشگرتنی و نەهێشتنی ئەو ماددە مەترسیدارە.

**لەسەر حکومەتی کوردستان پێویستە لە چوارچێوەی یاسادا بە جددی سنوورێك بۆ ئەو دیاردە نامۆیە بە کوردستان دابنێت**

**پێویستە گەورەترین سزا بۆ بەکارهێنەران و بازرگانەکان دابنرێت، لە لایەکی دیکەوە دەبێ بازرگانانی ماددەی هۆشبەر لە چاکسازییەکاندا لە تۆمەتبارەکانی دیکە جیا بکرێنەوە**

**ئەوە ماددە هۆشبەرانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، پێویستە لە پرۆسەیەکی ئاشکرا و شەفافدا بە بەرچاوی خەڵك و کەسانی پەیوەندیدار و شارەزاوە بسووتێنرێت و ئەو ژەهرە لەناو ببرێت**

**لە لایەن وڵاتانی هەرێمایەتییەوە پیلانی زۆر مەترسیدارمان لەسەرە و بە هەموو جۆرە چەکێك لێمان دەدەن، یەکێك لەو چەکە زۆر مەترسیدار و هێواشانەش ماددەی هۆشبەرە**

# گەرەنتیی هاوسەنگیی نێوان زۆرینە و کەمینە لە بڕیاری سیاسیدا



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەوەی لە جیهانی سیاسەتی گشتیدا جێگیر و نەگۆڕە، ئەوەیە کە دیموکراسی لە وڵاتە شارستانییەکاندا حوکمڕانی و جڵەوگیریی زۆرینەی سیاسی، یان ڕەگەزی، یان تائیفی، یان نەتەوەیی و تاکڕەوییەتی نییە لە بەڕێوەبردنی هەموو دامەزراوە و دەزگا سیاسی و دارایی و کارگێڕییەکان و بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بەڵکو دیموکراسی ددانناننە بە بەهای خودیی هەموو هاووڵاتییەك لە کۆمەڵگەدا و دەستەبەرکردنی هەموو ئەو مافانەی کە کەرامەت و مافەکانی دەپارێزن، لە بەشداریی کاریگەرانەی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی لە سیستەمی سیاسیدا. دیموکراسی واتە بەشداریی زۆرینەی هاووڵاتییان لە دامەزراوەکانی حوکمڕانیدا لە ڕێگەی نوێنەرە شەرعییەکانیانەوە، بە هەڵبژاردنی دادپەروەرانە و بێگەرد و شەفافەوە.

پراکتیزەکردنی دیموکراسی پێویستی بە بوونی هاوسەنگییەکی دادپەروەرانە هەیە لە نێوان ماف و ئەرکەکانی زۆرینەی سیاسی و ماف و ئەرکەکانی کەمینەی سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی دامەزراندنی حکومەتێکی هۆشەنگ و دادپەروەرانە. ئەم هاوسەنگییە هاندەری شەفافیەت و بێگەردییە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکومەتدا، چونکە ڕێگە دەدات هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەبێت لە دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا، کە ئەمەش مافەکانی کەمینەی سیاسی دەستەبەر دەکات و دەسەڵات و کۆنترۆڵ و زاڵبوونی زۆرینەی سیاسی تێدەپەڕێنێت.

زۆرجار دەوترێت کە حوکمڕانیی زۆرینەی سیاسی، شیاو و بەتوانا دەبێت بۆ بەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، چونکە تەنیا ئەو دەتوانێت بەرنامەکانی گەشەپێدان و چاکسازی، بەبێ هیچ بەربەستێك جێبەجێ بکات، بەڵام ئەوە تەنیا بەوە بەدی

**دیموکراسی ددانناننە بە بەهای خودیی هەموو هاووڵاتییەک لە کۆمەڵگەدا و دەستەبەرکردنی هەموو ئەو مافانەی کە کەرامەت و مافەکانی دەپارێزن**

دێت، ئەگەر ڕۆڵی کەمینەی سیاسی ڕەت بکرێتەوە، لە چاودێریکردنی ئەدای حکومەت و لێپرسینەوە. چونکە کەمینەی سیاسی ئەوەیە کە دەستکەوت و هەڵەکان هەڵبسەنگێنێت، زۆرینەی سیاسی هەمیشە جێگرەوە و چارەسەر پێشکەش دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکان، کە یارمەتیی زۆرینەی سیاسی دەدات بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوەکەی، هەروەها کەمینەی سیاسی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پاراستنی مافەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کە بە روونی نوێنەرایەتییان لە دامەزراوەی یاساداناندا نییە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە سرووشتی پەیوەندیی نێوان زۆرینەی سیاسی و کەمینەی سیاسی، پێشتر و ئێستاش تەوەری بایەخی بیرمەند و هەڵسووڕێنەرانی سیستەمە سیاسییەکانە لە زۆربەی سیستەمە پەرلەمانییەکاندا، بەتایبەتیش لایەنەکانی کارلێککردن و هاوکاریکردن، یان سازان، یان ناکۆکی، یان حاڵەتەکانی ململانێ و جەمسەربەندی، هەروەها توێژینەوەکان تایبەتن بە میکانیزمەکانی مافی کەمینەکان، هەروەها ئاستی هۆشیاریی سیستەمی سیاسی، چ پەرلەمانی بێت، یان سەرۆکایەتی، یان نیمچە سەرۆکایەتی.

دیارە کە لە سیستەمە پەرلەمانییەکاندا زۆرینەی سیاسی ڕووبەرێکی فراوانی دەسەڵاتی یاسادانانی لایە بۆ پەسەندکردنی یاسا و بڕیارەکان کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بن، ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەمینەی سیاسی بێ بەش بکرێت لە لێپرسینەوەی دەسەڵاتی یاسادانان لە ڕێی ئەندامێتی لە لیژنەکانی پەرلەماندا.

لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا، ڕۆڵی کەمینەی سیاسی لە ئاستی پێویست نییە، چونکە نارەزایی زۆرینەی سیاسی کۆنترۆڵی هەموو کایەکانی سیستەمی حوکمڕانی دەکات، لەوانە هەر دوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن.

لە سیستەمی نیمچە سەرۆکایەتیدا، تا ڕاددەیەك هاوسەنگی هەیە لە نێوان زۆرینە و کەمینەی سیاسی لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینە زۆربەی جومگەکانی حوکمڕانییان بەدەست دەبێت.

لە واقیعدا، وەدیهێنانی هاوسەنگیی نێوان زۆرینە و کەمینەی سیاسی، پشت بە ئاستی پابەندبوونی زۆرینە دەبەستێت بە کۆمەڵێك بەها و پرەنسیپ لە مامەڵەکردندا لەگەڵ کەمینەی سیاسی بە پێی ئەم بنەما گرنگانە:

١- پابەندبوونی زۆرینە بە بنەماکانی شەفافیەت و دادپەروەری و یەکسانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەی سیاسی ڕێزگرتن لە بیروڕا و هەڵوێستەکانی کەمینە.

٢- پابەندبوونی بە فەراهەمکردنی کەشی گونجاو بۆ گفتوگۆی بنیادنەرانە و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوون و پەراوێزنەخستنی ڕۆڵی کەمینە لە دروستکردنی بڕیارگەلی گونجاودا.

٣- دابینکردنی زانیاری و داتای پێویست بۆ کەمینە، سەبارەت بە جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەکانی و ڕاوێژکردن لەگەڵیدا لەبارەی ئەو یاسایانەی کە دەردەچن.

٤- دابینکردنی پشتگیریی دارایی و کارگێڕی و تەکنیکی بۆ کەمینەی سیاسی و چەسپاندنی پرەنسیپەکانی هاوکاریکردن و بەشداریکردن لە بنیادنانی کۆمەڵگەدا.

ئەو پرسیارەی جێی مشتومڕە، ئەوەیە چۆن هاوسەنگییەك لە نێوان کەمینە و زۆرینەی سیاسیدا ڕابگیرێت، هەروەها پاراستنی مافەکانی کەمینە و دڵنیابوونەوە لە دروستیی ئامراز و میکانیزمە یاساییەکان کە ڕێگە بە کەمینە دەدەن، بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری بکەن لە دارشتنی دیمەنی سیاسی و ئابووری، ئەمەش لە ڕێگەی بەشدارییەکی کاریگەرەوە بەدی دێت لە پرۆسەی یاسادانان و دەرکردنی بڕیارەکان و چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت.

لە ڕاستیدا، پاراستنی هاوسەنگیی نێوان زۆرینە و کەمینە یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانی سیستەمێکی دیموکراسیی دروست، چونکە لە ڕێگەی ئەم هاوسەنگییەوەیە کە کەمینە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بەهێزتر بکات، پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆی مسۆگەر بکات، کۆبوونەوەی دادپەروەری و یەکسانی بەدەست بهێنێت و سەروەریی یاسا بەرز ڕابگرێت، گرنگیی ئەم هاوسەنگییە لە بەهێزکردنی سەقامگیریی سیاسی و بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوامدایە.

**پراکتیزەکردنی دیموکراسی پێویستی بە بوونی هاوسەنگییەکی دادپەروەرانە هەیە لە نێوان ماف و ئەرکەکانی زۆرینەی سیاسی و ماف و ئەرکەکانی کەمینەی سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی دامەزراندنی حکومەتێکی هۆشمەند و دادپەروەرانە**

**کەمینەی سیاسی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پاراستنی مافەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کە بە روونی نوێنەرایەتییان لە دامەزراوەی یاساداناندا نییە**

**لە سیستەمە پەرلەمانییەکاندا زۆرینەی سیاسی ڕووبەرێکی فراوانی دەسەڵاتی یاسادانانی لایە بۆ پەسەندکردنی یاسا و بڕیارەکان کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بن، ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەمینەی سیاسی بێ بەش بکرێت لە لێپرسینەوەی دەسەڵاتی یاسادانان لە ڕێی ئەندامێتی لە لیژنەکانی پەرلەماندا**

**لە سیستەمی نیمچە سەرۆکایەتیدا، تا ڕاددەیەک هاوسەنگی هەیە لە نێوان زۆرینە و کەمینەی سیاسی لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینە زۆربەی جومگەکانی حوکمڕانییان بەدەست دەبێت**

لەنێو ئەو گەرەنتییە بنەڕەتییانەی کە دەوڵەتە دیموکراسییەکان گرتوویانەتەبەر بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان کەمینە سیاسی و زۆرینەکاندا، بەم شێوەیە ڕێگری دەکەن لە قەڵەمڕەوی ڕەهای زۆرینە بەسەر دەسەڵاتەکاندا، کە بریتین لە:

یەکەم: گەرەنتییە دەستوورییەکان: کە لە دەستوورەکانی زۆربەی دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا دەقی ڕوونیان تێدایە کە گەرەنتیی ئەوە دەکەن کەمینەی سیاسی هەموو مافەکانی خۆی بەکاربهێنێت بۆ بەشدارییەکی کاریگەر لە پرۆسەی یاسادانان و چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

دووەم: یاساکانی هەڵبژاردن کە گەرەنتی بەشداریی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەکەن لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە و شەفافدا.

سێیەم: سیستەمێکی ناوخۆیی پەرلەمانی، کە ئەم خاڵانە لەخۆ دەگرێت:

١- پێدانی ماف بە کەمینەی سیاسی بۆ پێشکەشکردنی یاسا و پێشنیارەکان، یان هەمواركردنیان.

٢- دەستەبەریی نوێنەرایەتیکردنی کەمینە لە هەموو لێژنەکانی پەرلەماندا بەپێی ژمارەی نوێنەرەکانی.

٣- پێدانی سەرۆکایەتیی هەندێك لە لێژنە سەرەکییەکان بە کەمینە لە چاودێری و یاسادانانەدا.

٤- پێدانی دەرفەتی پێویست بە کەمینە بۆ ورووژاندنی پرسیارەکان و لێپرسینەوە لە وەزیرەکان.

٥- ڕێگەدان بە کەمینە بۆ داواکردنی پێکهێنانی لێژنەکانی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە.

٦- پێدانی ماف بە کەمینە کە داوای دواخستنی دەنگدان بکات، لە هەندێك یاسا و بڕیار.

ئاساییە کە زۆربەی دەستوورەکان، چ لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بن، یان پێشکەوتوودا، ئەم میکانیزمە دەستووری و یاساییانەیان تێدا بێت، بەڵام گرنگییەکە لە جێبەجێکردنیاندایە، نەك تەنیا بەدەستهێنانی دیموکراسی بە دەرکردنی فەرمان و یاساکان، بەڵکوو جێبەجێکردنی ئەو شتانەی کە ئەو دەستوور و یاسایانە مەبەستیانە، ئەمەش ڕێگری دەکات لە زاڵبوونی کەمینە سیاسییەکان بەسەر بڕیار و یاسا و یاساکاندا، کە کاریگەریی دەبێت لەسەر هەموو دامەزراوەکانی سەروەری و ناسەروەرییەکانی ناو سیستەمی سیاسی.

لەو سۆنگەوە، پێویستە کەمینەی سیاسی پشت بە دەستەبەرییە دەستووری و یاساییەکان ببەستێت و دوایان بکات، دەبێت پابەندیش بێت بە جێبەجێکردنیان بە ڕێگەی ئاشتییانە و یاساییەوە، چ بە پەنابردن بۆ تانەدان لەبەردەم دادگاکاندا لە بڕیار، یان سیاسەتە نادەستووری و ڕەگەزپەرستییەکانی حکومەت، یان بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان و مانگرتن و چالاکیە جەماوەرییەکان، هەروەها کۆکردنەوەی پشتیوانیی جەماوەر، هاوکات کەمینە دەتوانێت پەنا بباتە بەر ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و پشتیوانییان بەدەست بهێنێت لە داواکردن و جێبەجێکردنی دەستوور و یاساکان و بەدەستهێنانی یەکسانی و دادپەروەری. هەروەها کەمینە دەتوانێت ڕاپۆرت ئامادە بکات لەسەر باردۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەگەڵ ئاشکراکردنی ناڕاستیی بانگەشەکانی سیستەمی سیاسیی قۆرخکار لە هەموو کایەکانی سیستەمەکەدا. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە پشتگیریکردنی کەمینەی سیاسی و ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ پشتگیریکردنی مافەکانی کەمینە سیاسییەکان.

پوختەی مەبەست پاراستنی مافی کەمینەی سیاسییە لە قەڵەمڕەویی زۆرینەی سیاسی و دەستەبەریی پیادەکردنی دیموکراسییەکی کارا و گشتگیر لەپاڵ پێویستیی جێبەجێکردنی کۆمەڵێك ڕێوشوێنی یاسایی و ڕێکار، کە زەمانەتی پاراستنی مافەکانی کەمینەی سیاسی دەکەن، دڵنیا دەبنەوە لە بەشداریی کاریگەریان لە پرۆسەی یاسایی و سیاسیدا، ڕێگری دەکەن لە سەپاندنی دەسەڵاتی زۆرینە بەسەر بڕیارەکاندا، بیروباوەڕ و کەلتووری سیاسی بەتایبەتی بۆ زۆرینەی سیاسی، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان زۆرینە و کەمینە لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و وەدیهێنانی دیموکراسییەکی کارا کە مافەکانی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بپارێزێت.

**پاراستنی هاوسەنگیی نێوان زۆرینە و کەمینە یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانی سیستەمێکی دیموکراسیی دروست، چونکە لە ڕێگەی ئەم هاوسەنگییەوەیە کە کەمینە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بەهێزتر بکات**

**پێویستە کەمینەی سیاسی پشت بە دەستەبەرییە دەستووری و یاساییەکان ببەستێت و دوایان بکات، دەبێت پابەندیش بێت بە جێبەجێکردنیان بە ڕێگەی ئاشتییانە و یاساییەوە**

**کەمینە دەتوانێت پەنا بباتە بەر ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و پشتیوانییان بەدەست بهێنێت لە داواکردن و جێبەجێکردنی دەستوور و یاساکان و بەدەستهێنانی یەکسانی و دادپەروەری**

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە پشتگیریکردنی کەمینەی سیاسی و ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ پشتگیریکردنی مافەکانی کەمینە سیاسییەکان**

# قەتیسبوونی گەرمی

قەتیسبوونی گەرمی بریتییە لەو زیادەیەی کە لە تێکڕای جیهانیی پلەکانی گەرمیدا دێتە ئاراوە و، بە هۆی گازەکانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن و میسان و ئۆکسیدی نیترۆز و ئۆکسیدی نایترۆجین، دەبێتە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا. هەرچەندە هەزاران ساڵ لەمەوبەریش هەسارەی زەوی بە چەندین ماوە و کاتی گەرمبوون و ساردبوونەوەدا تێپەڕ بووە، بەڵام لە ماوەی سەدەی بیستەمدا دیاردەی قەتیسبوونی گەرمی، زۆر بە خێرایی بۆ ئاستی نەبینراو لە ڕابردوو بەرز بووەتەوە، ئەوەش بەهۆی زۆر بەکارهێنانی سووتەمەنیی بەردین لە ژیانی ڕۆژانەی تاك و کۆمەڵگەدا، بۆیە بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی هەمووان بۆ مەترسییەکان، زانایانی ئەم بوارە ئەم دیاردەیەیان بە «گەرمبوونی جیهان» ناو لێناوە.

## قەتیسبوونی گەرمی چۆن ڕوو دەدات؟

قەتیسبوونی گەرمی کاتێك ڕوودەدات، کە گازە گەرمکارەکان چینێك لە بەرگەهەوادا دروست دەکەن و ڕێگە بە هاتنی گەرمیی خۆر دەدەن بۆ زەوی، بەڵام ڕێگە نادەن گەرمیی گەڕاوە لە زەوییەوە بگاتە دەرەوەی ئەو چینە دروستبووە لە بەرگەهەوادا.

زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی سووتەمەنیی بەردیندا بووەتە هۆی چڕبوونەوەی گازە گەرمکارەکانی وەك دووانە ئۆکسیدی کاربۆن و میسان بۆ ئاستێك کە بووەتە هۆی قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا، بەتایبەت لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە پلەکانی گەرمی لەسەر ئاستی جیهاندا بۆ زیاتر لە (١,١) پلەی سەدی بەرز بووەوە، ئەم بەرزبوونەوەیەش پەیوەستە بە چڕیی گازە گەرمکارەکان لە بەرگەهەوادا کە (٤١٧) بەش لە یەك ملیۆنی تێپەڕاند لە دووانە ئۆکسیدی کاربۆن لە ساڵی (٢٠٢٢)، لە کاتێکدا بریتی بوو لە (٢٨٠) بەش لە یەك ملیۆن لە ساڵی (١٧٥٠) و ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم.

ئەگەر ئاستی چڕیی ئەم گازەش بەرزتر بێت لە (٣٥٠) بەش لە یەك ملیۆن بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەوسا جیهان بەرەو گۆڕانێکی توندی کەشوهەوا هەنگاو دەنێت، بۆ خۆلادانیش لەم ئەگەرە، پێویستە خێراتر ڕوو لە سەرچاوەکانی وزەی خاوێن و نوێبووەوە بکرێت، لەبری زۆر بەکارهێنانی سووتەمەنیی بەردین.

هەرچەندە زەوی وەك یەك هەسارە دێتە ناسین، بەڵام لە ڕووی گەرمبوونەوە جیاوازیی هەیە و هەندێك ناوچە لەوانی دیکە زیاتر ڕوو لە گەرمبوونن، لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەم، بارودۆخی جوگرافی: هەندێك ناوچە زیاتر ڕووبەڕووی مەترسییەکانی گۆڕانی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

کەشوهەوا دەبنەوە، بەهۆی بارودۆخی جوگرافیی وەك نزیکییان لە بیابان، نزمییان لە ئاست ڕووی دەریاوە، کەمیی تێکڕای باران بارین، بۆ نموونە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بە تێکڕایەك گەرم دەبن، کە دەکاتە دوو ئەوەندەی تێکڕای جیهانی، ئەمەش بە جۆرێك لە جۆرەکان هەڕەشەیە لەسەر دانیشتووانی ناوچەکە.

دووەم، گەیشتن بە دەرامەت و سەرچاوەکان: بەهۆی نەبوونی دارایی پێویست دەوڵەتە هەژارەکان نەیانتوانیوە بگەنە ئاستێك بۆ وەڵامدانەوەی ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، بەتایبەت لە بواری خۆگونجاندندا، هەرچەندە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان لە ساڵی ٢٠٠٩وە بەڵێنی ١٠٠ ملیار دۆلاری ساڵانەیان دابوو، هەتا دەگەنە ساڵی ٢٠٢٠ بەڵام پابەندی ئەو بەڵێنەیان نەبوون، هەرچەندە باس لە ڕێگەچارەی دیکەش کراوە و دەکرێت بۆ پارەدارکردنی پڕۆژەکانی پەیوەست بە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەواوە، بەڵام ئەو ڕێگەچارانەش جێبەجێ نەکراون.

### هۆیەکانی قەتیسبوونی گەرمی

یەکەم: هۆیە مرۆییەکان:

١. لەناوبردنی دارستانەکان و ڕووبەری سەوزایی.

٢. زیاد بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوەی کارکردوو بە سووتەمەنیی بەردین.

٣. پێکهاتەکانی کاربۆن، کلۆر، فلۆر لە ڕێگەی ئامێرەکانی ساردکەرەوەوە.

٤. شۆڕشی پیشەسازی و زیادبوونی دەرهەویشتە گازییە گەرمکارەکان لە کارگە گەورە و زۆرەکانەوە.

دووەم: هۆیە سرووشتییەکان

١. دووکەڵی گڕکانەکان.

٢. بە هەڵمبوونی ئاوی ڕووبەرە ئاوییەکان و مانەوەی لە بەرگەهەوادا.

٣. گازە گەرمکارەکانی دوای توانەوەی بەستەڵەکەکان.

٤. گازە کاربۆنییەکانی دوای سووتانی دارستانەکان.

### بەشێك لە ڕێگەچارەکانی قەتیسبوونی گەرمی

١. سنووردانان بۆ سەرچاوەکانی دەرهەویشتەی گازە گەرمکارەکان.

٢. سنووردانان بۆ زۆریی هۆکارەکانی گواستنەوەی زیانبەخش.

٣. جیاکردنەوەی ڕێڕەو بۆ پایسکل و ڕێڕەو بۆ پیادە.

٤. زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی.

٥. جیاکردنەوە و ڕاکێشانی کاربۆن لە بەرگەهەوا.



## د. سەید ئەکرەم کەپرانی:

# مینبەر دەتوانێت گۆڕانکاری گەورە بخوڵقێنێت و کاریگەری ئەرێنی لەسەر هزری تاکەکانی کۆمەڵگە دروست بکات

**د. سەید ئەکرەم کەپرانی مامۆستا لە کۆلێژی یاسا/ ئەندامی لیژنەی ئاشتەوایی سەر بە دادگای هەولێر/ مامۆستای ئایینی، لە دیمانەیەکی گۆڤاری گوڵاندا تیشکدەخاتە سەر چەند پرسێکی کۆمەڵایەتی و ئاماژە بەوە دەکات بەپێی داتای ساڵانە نزیکەی ٢٠٪ ی کەیسەکان لە لیژنەی ئاشتەوایی، بە ئاشتبوونەوە کۆتایی دێت و ئەوەش دەخاتەڕوو کە بەشێکی زۆری باوك و براکان کچ و خوشکەکانیان لە میرات بێ بەش دەکەن، تەنانەت بۆ ئەوەی سامانەکەیان تەنیا بۆ خۆیان بێت ڕێگە نادەن کچەکانیان هاوسەرگیری بکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** لیژنەی ئاشتەوایی تاچەند توانیویەتی ڕێگری لە پچڕانی شیرازەی خێزان بکات؟**

- بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەبارەت بە لیژنەی ئاشتەوایی. من لە ساڵی ٢٠١٥وە ئەندامی ئەو لیژنەیەم، لیژنەیەکی باڵایە، لە پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك مادده و بڕگەی یاسایی بۆ دانراوە، بەپێی داتای ساڵانە نزیکەی ٢٠٪ ی کەیسەکان لە لیژنەی ئاشتەوایی، بە ئاشتبوونەوە کۆتایی دێت، ئەگەرچی ڕێژەکە کەمە، بەڵام هەوڵێکی جددی هەیە کە کاری ئەم لیژنەیە لە سەرەتای ئیشەکاندا بێت، بەو مانایەی کاتێك کێشەیەك لە ناو خێزان دروست دەبێت سەرەتا سەردانی ئەو لیژنەیە بکەن پاشان ئەگەر پێویستی کرد بنێردرێن بۆ

دادگا، بەڵام لە ئیستادا لە کۆتاییان داناوە.

سەردانیکردنی هاوسەرەکان بۆ لای ئێمە لە ڕێگەی دادگاوەیە و دادوەر بڕیار دەدات، و ئەگەر هەست بکات تروسکایەك بۆ ئاشتبوونەوە هەیە ئەوا ڕەوانی لای ئێمە دەکرێن، بەڵام هەندێك کێشە بە بنبەست گەیشتووە ئەوانە ڕەوانەی لیژنەی ئاشتەوایی ناکرێن، چونکە پێشتر بڕیاری پێشوەختەیان داوە.

ئەم لیژنەیەش لە مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی کۆلێژی یاسا و توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێك دێت، هەر یەکە و لە پسپۆڕی خۆی قسە لەسەر کەیسەکان دەکات، ئامانجی لیژنەی ئاشتەوایی ئاشتکردنەوەی خێزان و نزیك کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، لەگەڵ ئاشنا کردنیان بە دەقە شەرعی و یاسایی و عورفییەکان.

*** وەك تێبینی دەکرێت، کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی شکۆی خێزانیان خستووەتە ژێر پرسیار، وەکو مامۆستایەکی زانکۆ خوێندنەوەت لەسەر ئەم بابەتە چییە؟**

- جێگەی داخە کۆمەڵێك کێشە هەن کە بوونەتە مایەی لێکترازانی تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت ئەندامانی خێزان. ئەویش بەهۆی زۆر بوون و بەکارهێنانی حەب و حەشیش و ماددە هۆشبەرەکان کە وەکو ڤایرۆسێکی نەگریس لەناو گەنج و پیر و ژن و پیاو بڵاو بووەتەوە، ئەوەش بووە بە مایەی کێشە و پەرتەوازەیی خێزان، یەکێکی تر لە کێشە باوەکان مەترسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، بەتایبەت تیکتۆك کە پەردەی شەرم و شکۆ و حەیای لابردووە، هۆکارێکە بۆ بوونی ئەو هەموو پەیوەندییە نابەجێیانەی نێوان کوڕ و کچ، ناردنی وێنە و ڤیدیۆی یەکتر و هەڕەشە لە یەکتر کردن، هەروەها بوونی ئەو هەموو کافێ و باڕ و مەساجخانەیە بە ناڕاستەوخۆ کێشەی بۆ کۆمەڵێك خێزان دروست کردووە، بۆ نموونە پیاو تا درەنگانی شەو لە دەرەوە کات بەسەر دەبات کە دەگەڕێتەوە ماڵەوەش خێزانەکەی ئەمەی پێ قەبوڵ ناکرێت و دەبێتە کێشە، کێشەیەك تا ئاستی تەڵاق و جیابوونەوە.

هاوکات یەکێك لە کێشە باوەکانی ئەمڕۆی ناو دادگاکان ناپاکی هاوسەرییە، جیابوونەوە و لێکترازانی بەشێکی خێزانەکان بەرهەمی ناپاکییە، بە داخەوە گەیشتین بە ڕۆژێك کە نرخ و بەهای خێزان نەماوە، پیاو زۆر بە ئاسانی ژنی خۆی تەڵاق دەدات، ئافرەتیش بە هەمان شێوە بە شتێکی سادە دەروانێتە تەڵاق، لە کاتێکدا خوای گەورە هەڵوەشانەوەی خێزانەکانی پێ ناخۆشە، تێکچوونی خانە و لانەکانمان بە دڵی شەیتانەکانە. لە سەردەمی باوك و باپیرانمان ڕێژەی تەڵاق زۆر کەم بووە، پیاو پێی عەیب بوو ژنی خۆی تەڵاق بدات، ئەو کات شەرم و شکۆ هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو شکۆ و شەهامەتە کەم بووەتەوە، بەشێکی دیکەی کێشەکان هێنانی ژنی دووەمە کە ئافرەتەکە ئەمە بە زوڵم دەزانێت، بەڵام ئەوە زوڵم نییە بەو مەرجەی پیاوەکە عەدالەتی هەبێت و هاوسەنگی نێوانیان ڕابگرێت و جیاوازی لە نێوانیان نەکات.

*** لە ڕوانگەی شەرعەوە ئەو بابەتانە چۆن هەڵدەسەنگێنن و چارەسەریان چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە شەرعی خوا ئاشتی و خۆشگوزەرانی خەڵکی دەوێت، کۆمەڵێك دەق لە قورئان و سوننەتدا جەخت لە تەبایی و خۆشی ژیان دەکەنەوە، گرنگترینیان ڕێز و حورمەت، تەبایی، خۆشەویستی. دەست پاکی دەم پاکی، گرنگیدان بە ماڵ و منداڵ و پشتگوێ نەخستنیان. دین و شەرع بۆ خۆشگوزەرانی ئێمەیە بە ئەندازەی پابەندبوونمان بە دەقەکانەوە خۆشبەختی بە دەست دەهێنین.

*** بۆ ئاشتەوایی خێزان مامۆستایانی ئایینی تاچەند دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنییان هەبێت و شکۆی خێزان بپارێزن؟**

- بە دڵنیاییەوە مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵێکی باشیان لەو بوارەدا هەیە، ئەویش بەو پێیەی کە زۆرینەی خەڵك مۆسڵمانن و ڕێز لە مامۆستایانی ئایینی دەگرن، پێموایە مینبەر دەتوانێت گۆڕانکاری گەورە بخوڵقێنێت و کاریگەری ئەرێنی لەسەر هزری تاکەکانی کۆمەڵگە بە گشتی دروست بکات. هەر کاتێك ئێمە وەکو موسڵمان دەستمان بەو ئاکارە جوان و شاکارە ناوازانەی ئەم دین و شەرعەوە گرت، ژیانی ڕۆژانەمان خۆش دەبێت، خانە و لانەی هەموومان پارێزراو دەبێت، هاوکات ڕووبەڕووی کەمترین کێشەی کۆمەڵایەتی دەبینەوە.

*** لە شەرعدا زوڵم کردن لە ئافرەت بە هەموو جۆرەکانییەوە تاچەند قبوڵکراو و ڕێگەپێدراوە؟**

- زوڵم کردن بە هیچ شێوەیەك بۆ هیچ کەسێك ڕەوا نییە، ئینجا ئەگەر پیاو زوڵم لە هاوسەری خۆی بکات بێگومان قورسترە و بە هیچ شێوەیەك ڕەوا نییە، چونکە ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن و بە یەکەوە جوانن، ئەگەر کێشەیەکیش هەبوو دەتوانن لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەری بکەن، ئەگەر نەیانتوانی دەکرێ دوو کەس لە کەسە نزیکەکانیان بکەن بە ناوبژیوان لە نێوانیان ئەویش بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکانیان. بەداخەوە لە ئێستادا بەشێکی زۆری باوك و براکان کچ و خوشکەکانیان لە میرات بێ بەش دەکەن، تەنانەت بۆ ئەوەی سامانەکەیان تەنیا بۆ خۆیان بێت ڕێگە نادەن کچەکانیان هاوسەرگیری بکەن، ئەوانەش هەمووی پێچەوانەی شەرعی خوای گەورەیە.

پێش هاتنی ئیسلام زوڵمێکی زۆر لە ئافرەت دەکرا، ئافرەت کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا و وەکو کاڵا سەیر دەکرا، تەنانەت لە پاش مردنی هاوسەرەکەی بۆ منداڵەکانی دەبوو بە میرات. بەڵام کاتێك ئیسلام هات بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە سەیری ئافرەتی کرد و شکۆی بۆ گێڕایەوە، بەهەشتی لە ژێر پێی دایك دانا، پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت دەربارەی ڕێزگرتنی هاوسەر دەفەرموێت باشترینتان ئەوانەن کە بۆ خێزانەکەی باشە، منیش باشترینتانم، چونکە لەگەڵ خێزانەکانم باشم.

**ماددە هۆشبەرەکان وەکو ڤایرۆسێکی نەگریس لەناو گەنج و پیر و ژن و پیاو بڵاو بووەتەوە، ئەوەش بووە بە مایەی کێشە و پەرتەوازەیی خێزان**

**بوونی ئەو هەموو کافێ و باڕ و مەساجخانەیە بە ناڕاستەوخۆ کێشەی بۆ کۆمەڵێك خێزان دروست کردووە**

**پێش هاتنی ئیسلام زوڵمێکی زۆر لە ئافرەت دەکرا، ئافرەت کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا و وەکو کاڵا سەیر دەکرا**

# ١٨ ی شوبات

## ڕۆژێکی درەوشاوە لە مێژووی پڕ سەروەری گەنج و لاوی کورد

هەردوو ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ساڵی١٩٥٣ دامەزراون، هەر لەگەڵ دامەزراندنیشیان، بوونە بەشێکی گرنگ لە خەباتی پیشەیی و جەماوەریی ئەو قۆناغەی کوردستان و تاوەکو ئێستاش لەگەڵ ڕەوت و سەردەمە جیاوازەکان خۆیان گونجاندووە. یەکێتیی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کورستان، دوو قوتابخانەن بۆ دروستکردنی دەیان سەرکردەی کوردستان و بە درێژایی مێژووی تەمەنی ئەم دوو ڕێکخراوە، ئەوەیان سەلماندووە و بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە، بە بێ جیاوازیی ڕەگەزی، تاکی کارامە و بەتوانا پێبگەیەنن. هەر بۆ نموونە لەیلا قاسم یەکەم ئافرەتی کورد بوو کە لە ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەسەر بیروبۆچوونە ڕەواکانی لە سێدارە درا، ئەو خانمە شۆڕشگێڕە لە قوتابخانەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان فێری خەبات و تێکۆشان بوو. لە ساڵیادی دامەزراندنی ئەم دوو ڕێکخراوە گەنج و لاوی کورد ڕۆڵی هەردوو ڕێکخراو لە پێگەیاندنی کادیری کارامە و نیشتمانپەروەر بەرز دەنرخێنن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئاواز شێرزاد کادیری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، لە دەستپێکی قسەکانیدا دەڵێت: «٧٢ ساڵ بەسەر یادی دامەزراندنی هەر دوو ڕێکخراوی لاوان و قوتابیان تێپەڕ دەبێت، کە لەسەر دەستی ڕێبەری نەتەوەییمان (بارزانی نەمر)لە ساڵی ١٩٥٣ وەك پێویستی واقعی ئەوکاتی قۆناغی ڕزگاریخوازی گەلی کورد هاتنە کایەوە.

ئەم دوو ڕێکخراوە تێکۆشەرە بە درێژایی مێژووی دامەزراندنیان بەردەوام لە هەوڵ و خەبات دابوون، ئەویش بۆ خزمەت کردنی چینی لاوان و قوتابیان و پێگەیاندنی دەیان کادری بە توانا کە ئەمڕۆ لە ناوەندەکانی بڕیاردان خزمەت بە دامەزراوەکانی حکومەت دەکەن، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیان وەك دوو قوتابخانەی پێگەیاندن، وەك دوو دامەزراوەی گرنگی پارتیمان لە بەرگی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لەسەر بنەمای هزری نەتەوەیی و ئازادی و زانستدۆست چەندین ڕۆڵەی ئەم وڵاتە پێبگەینن».

ڕێباز جۆڵا کادری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بەمجۆرە باس لە ڕۆڵی هەردوو ڕێکخراو لە پێگەیاندنی کادیران دەکات و دەڵێت: «بە شانازییەوە قوتابی ئەم قوتابخانەیەم، لە ساڵیادی دامەزراندنیاندا پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی ئەم دوو قوتابخانەیە دەکەم هیوادارم هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بن و ڕێچکەی خزمەت بە گەل و نیشتیمان بەرنەدەن. یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە ڕێنوێنی و پاڵپشتی بارزانی نەمر لە ١٨ی شوباتی ساڵی ١٩٥٣ دامەزراوە، لە سەرەتادا لەگەڵ یەکێتیی قوتابیان یەك ڕێکخراو بوون، بەڵام دوای ڕاپەڕین دووبارە بوونەتە دوو ڕێکخراوی جیا و درێژەیان بە خەباتی مەدەنی خۆیان داوە، تا ئێستا (٨) کۆنگرەیان بەستوە و کە دوا کۆنگرەی لەژێر ناوی (پێشمەرگە) بوو لەساڵی ٢٠١٨ لەشاری هەولێر و لە ئێستادا سەرقاڵی کۆنگرەی نۆیەمن، جێگەی باسە جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمویەتی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان قوتابخانەی پێگەیاندنی کادیرانە، وتەکەی جەنابی سەرۆك دوای ئەوە دێت کە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان چەندین کادیری پێگەیاندووە کە ئێستا هەم لە سێکتەری حکومی و هەم لە سێکتەری حزبی خزمەت بە کوردستان دەکەن و جێ پەنجەیان دیارە، جێگەی باسە کە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەمیشە لەگەڵ ئێش و ئازاری خەڵکی کوردستان بووە و لە هەموو قۆناغەکان ڕۆڵی بەرچاو و کارای هەبووە، تەنانەت لە پرسە نیشتمانییەکانیش ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، هەر بۆیە جەنابی بارزانی نەمر فەرموویەت (لاوان شوورەی پۆڵاینن بۆ پاراستنی کوردستان).

ئەم دوو قوتابخانەیە بۆ هەموو قۆناغەکان پێویست و گرنگن بە تایبەت کە دەبینین دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ چارەگە سەدە بەسەر مێژووی دروست بوونیان، بەڵام بە هەمان ڕوحیەتی جاران بەردەوامن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەکو خۆرێکی پڕشنگدار دەگەشێنەوە».

ڕێزان محەمەد کادیری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە شانازییەوە قوتابی ئەم ڕێبازەین و هەموومان پەروەردەی ئەم قوتابخانەیەین، چونکە یەکێتیی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پێگەیاندنی گەنج و لاوی کورد هەیە، قوتابخانەیەکی گرنگن بۆ دروستکردنی نەوەیەکی هۆشیار و خاوەن کەسایەتی بەهێز کە بتوانن خزمەتی کۆمەڵگە و نیشتمان بکەن. ئەم دوو قوتابخانەیە لە ڕووی پەروەردەییەوە لە پرۆسەی خوێندن پشتگیری قوتابیان دەکەن، هەروەها هانی سەرکەوتن و داهێنان دەدەن، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پرۆگرامی چالاکی جۆراوجۆر پێشکەش بە توێژی گەنجان دەکەن و گیانی هاوکاری و کارکردنی بەکۆمەڵ پەرەپێدەدەن، هاوکات پەیوەندی نێوان قوتابیان بەهێز دەکەن و ئاراستەی دروست بە بیرکردنەوەی گەنجان دەدەن. هاوکات لە ڕووی کەسایەتییەوە متمانە بەخۆبوون لای تاکەکان دروست دەکەن و توانای سەرکردایەتی پەرەپێدەدەن، وا لە گەنج دەکەن بەرپرسیارێتی فێر بێت و کەسایەتی سەربەخۆ دروست بکات.

ئەو ئاکارانە وا لە گەنج دەکەن ئامادە بێت بۆ داهاتوو فێری ناساندنی دەرفەتەکانی کار و خوێندن و پێشکەشکردنی ڕێنمایی پیشەیی و هاندان بۆ داهێنان و خۆپێگەیاندن لە گشت بوارەکاندا ئەنجام بدات، ئەمەش وایکردوە گەنجانمان پۆل پۆل ڕوو لەو دوو قوتابخانەیە مەزنە بکەن. لە کاتێکدا کوردستان لەژێر ململانێی دەستی دەرەکی و سیاسەتی نارێکی وڵاتانی دیکەدایە و لە ئێستادا گەنجانی کورد زیاتر لە هەموو کات پێویستە ڕۆڵی خۆیان ببینن بۆ ڕێگریکردن و نەهێشتنی هەر فکر و عەقلییەتێکی شۆڤێنی و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئارامی و ئاسایش و یەکگرتوویی کوردستان و دەستبردن بۆ قووتی میللەت».



ئاواز شێرزاد:

**ئەم دوو ڕێکخراوە تێکۆشەرە بە درێژایی مێژووی دامەزراندنیان بەردەوام لە هەوڵ و خەبات دابوون**



ڕێباز جۆڵا:

**ئەم دوو قوتابخانەیە بۆ هەموو قۆناغەکان پێویست و گرنگن، بە تایبەت کە دەبینین دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ چارەگە سەدە بە هەمان ڕوحیەتی جاران بەردەوامن**



ڕێزان محەمەد:

**هەردوو ڕێکخراو ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پێگەیاندنی گەنج و لاوی کورد هەیە، قوتابخانەیەکی گرنگن بۆ دروستکردنی نەوەیەکی هۆشیار کە بتوانن خزمەتی کۆمەڵگە و نیشتمان بکەن**

## کەژاڵ نادری:

# پشتگیریی هاوسەرەکەم بووە هۆکاری ئەوەی تەواوی خێزانەکەم متمانە بە پێشکەوتنەکانم بکەن



کەژاڵ نادری خانمێکی دەسترەنگین و پڕ ئەزموونی شارە جوانەکەی سنەیە، ئەو خاوەنکاری خۆیەتی و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەزموونی خۆی لە کاری دەستی و کابانیدا بە بینەرەکانی ئاشنا دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

کەژاڵ نادری تەمەنی ٣٤ساڵە و لە دایکبووی سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ئێستادا لە سنە نیشتەجێیە، دەرچووی زانکۆیە بەشی ئەندازیاری کشتوکاڵی، خێزاندارە و دایکی کچێکی پێنج ساڵانە، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە چیرۆکی سەرکەوتنەکانی بۆ خوێنەران دەگێڕێتەوە.

"ماوەیەك لە گوڵخانەیەك کارم کرد، بەڵام بۆ من کارێکی سەخت بوو نەمتوانی بەردەوام بم، من هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزم لە هونەر و کاری ڕاگەیاندن بوو، بەڵام دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخسا لە بواری میدیا کار بکەم، دوای هەموو ئەوانە بڕیارمدا لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە پەیجێك دابنێم و لەو پەیجەوە بەهرە و تواناکانم بەرجەستە بکەم، وەکو خانمێك هەستم دەکرد کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دڵڕاوکێیەکی زۆر لەسەر کارکردنی ژنان هەیە، هەر لەبەر ئەوەش سادەترین و بچووکترین کار لە لایان گرانە و زۆر بە سەختی کارەکانیان بەڕێوەدەچن، هەوڵمدا لە ڕێگەی دەرکەوتن و کارکردن ئەو دڵڕاوکێیەم نەهێڵم، من هەموو شتەکانی ژیانم بە سادەیی وەرگرتووە و بە وزە وە کار دەکەم، هیوا و ئومێدم بە ژیان زۆرە و ئامانجم بۆ سەرکەوتنی زیاتر هەیە، هەمیشە حەزم کردووە ژنێکی سەرکەوتوو بم و بەرپرسیارێتییەکانم لە ئەستۆ بگرم و تواناکانم بخەمەڕوو، لەبەر ئەوە پێم خۆش نەبوو کە تەنیا ژنێکی کونجی ماڵەوە بم».

ئەو خاتوونە سەبارەت بە زەرورەتی کارکردنی خانمان گوتی: «بە بۆچوونی من لەم بارودۆخەی ئێستادا پێویستە ژن و پیاو وەکو یەك بۆ خۆپێگەیاندن هەوڵ بدەن، تاوەکو بتوانن لە ژیانێکی باشتر و شایستەتردا بژین، لەم سۆنگەیەوە ویستم خاوەنکار و داهاتی خۆم بم، بەڵام بەهۆی کەمی دەرفەتی کار لە دەرەوە نەمتوانی کارێکی گونجاو پەیدا بکەم، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەمیشە حەزم کردووە کارێکی سەربەخۆ بکەم و دەرفەتی کار بۆ کەسانی دیکەش بڕەخسێنم، نەوەك لەبەر دەستی کەسانێك کارمەندێك بم، دواجار ساڵ و نیوێك پێش ئێستا بڕیارمدا لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە بە خستنەڕووی فێرکاری خواردنی تەندروست خزمەت بکەم، کە چۆن بتوانین بە کەمترین تێچوو خواردن بۆ خانەوادە و میوان دروست بکەین، بەداخەوە بەهۆی ئەوەی بارودۆخی ئابووریمان باش نییە، خەریکە لە ئێران بنەماڵەکان لە یەکتر دوور دەکەونەوە و میوانداری زۆر کەم بووە، لەم ڕوانگەیەوە دەمەوێ بە خەڵك بڵێم کە ئێمە دەتوانین بە شێوازێکی سادە و ساکار لەسەر سفرەیەکی سادە لە دەوری یەك کۆببینەوە».

کەژاڵ نادری سەبارەت بە ئامانجی داهاتووی دەڵێت: «ئامانجم لە کارکردن و دەرکەوتن ئەوەیە کە ئەوەی دەیزانم فێری خەڵکیشی بکەم تاوەکو هەمووان لە خۆشگوزەرانیدا بژین، جگە لە فێرکاری خواردن و شیرینی هەر کارێك کە سەلیقە و هونەری پێویست بێت سەرنجم ڕادەکێشێت و بەدوایدا دەچم».

کەژاڵ نادری سەبارەت بە ڕێگری و بەربەستەکانیش گوتی: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەربەست و ڕێگری زۆرن بۆ ئافرەتێك کە بیەوێت بێتە دەرەوە و کار بکات، من سەرەتا بە خانەوادە و دەوروبەرم ڕاگەیاند کە ئامانجم لە کارکردن ئەوەیە کاریگەری جوان و باش لەسەر کۆمەڵگە دروست بکەم، دەمەوێ هەم ژیانی خۆم باشتر بکەم هەم ژیانی ئەو کەسانەش کە چاو لە من دەکەن و بە شوێن هەنگاوەکانم دا دێن، سەرەتا خێزانەکەم زۆر کۆك نەبوون لەگەڵ دەرکەوتن و کار کردنم، بەڵام کاتێك کارەکانی منیان بینی کە چەند بایەخ بە کلتوور و نەریتی کوردی دەدەم، کە چەند گرنگی بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی دەدەم، کە بە جلوبەرگی نیمچەڕووت دەرناکەوم، ئەوکات تێڕوانینیان گۆڕا و بوونە پاڵپشتم بەتایبەت هاوسەرەکەم، هەر ئەو پشتگیرییەی هاوسەرەکەم بووە هۆکاری ئەوەی کە تەواوی خێزانەکەم متمانە بە پێشکەوتنەکانم بکەن، لە پاڵ ئەم کارەمدا کاری دۆبلێری و میدیاییش دەکەم».

لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: «پرۆژە و پلانم بۆ داهاتوو زۆرە، پێم خۆشە پاڵپشتی لە هەموو ئەو خانمانە بکەم کە پێویستیان بە دەستگرتن و هاوکاری کردنە، هەر خانمێك کە دەستی بە کارکردن کردووە، بەپێی توانا و بێ بەرامبەر هاوکاریم کردووە و دڵگەرمیم پێ بەخشیوە تاوەکو کارەکەی بەرەو پێش بچێت، هیوادارم کە ئەوەندە هێز و توانایەم هەبێت بتوانم پاڵپشتی لەو خانمانە بکەم کە بەهرەیان هەیە بەڵام بوێری ئەوەیان نییە دەست بە کارەکەیان بکەن، هەموو خەونم ئەوەیە لە داهاتوویەکی نزیك ببمە ئەو کەسەی کە دەرفەتی کار بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیان بە کارکردنە بڕەخسێنم».

**هەمیشە حەزم کردووە ژنێکی سەرکەوتوو بم و بەرپرسیارێتییەکانم لە ئەستۆ بگرم و تواناکانم بخەمەڕوو، پێم خۆش نەبوو تەنیا ژنێکی کونجی ماڵەوە بم**

**هەر خانمێك کە دەستی بە کارکردن کردووە، بەپێی توانا و بێ بەرامبەر هاوکاریم کردووە و دڵگەرمیم پێ بەخشیوە تاوەکو کارەکەی بەرەو پێش بچێت**

**هیوادارم کە ئەوەندە هێز و توانایەم هەبێت بتوانم پاڵپشتی لەو خانمانە بکەم کە بەهرەیان هەیە بەڵام بوێری ئەوەیان نییە دەست بە کارەکەیان بکەن**

شەریهان بەكلرۆ بۆ گوڵان:

# ئافرەت لە كارە هونەرییەكانمدا گوزارشت لە هێز و لاوازی، تەحەدا و قوربانیدان دەكات











شەریهان بەکلرۆ شێوەکارێکی خەڵکی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانە، لە ساڵی ٢٠١٦وە نیشتەجێی ئەڵمانیایە. هاوکات لەگەڵ خوێندنی فەلسەفە، هونەری لە پەیمانگای «فەتحی محەمەد» بۆ هونەر، لە حەلەب خوێندووە، ئەمەش ڕەهەندێکی فیکریی قووڵی بەخشیوە بە کارەکانی.

تابلۆکانی شەریهان تایبەتمەندن بە ورووژاندنی پرسیارەکانی ناسنامە، ئافرەت، کاریگەرییەکانی مرۆڤ لەسەر سرووشت. سەرەتا کارەکانی بە وێنەکێشانی جوانی سرووشت و ژێر دەریا دەست پێکرد، بەڵام زوو گۆڕا بۆ «جوانکارییەکانی ناشیرینی»، کە تێیدا کاریگەرییە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕەفتاری مرۆڤ دەخاتە ڕوو، لە ڕێگەی تابلۆگەلێکەوە کە فەوزا و کەڵەکەبوونەکان بە شێوازێکی تایبەت و ڕەنگدانەوەیی دەردەخەن.

لە کارە نوێیەکانیدا، تیشك دەخاتە سەر پرسی ئافرەتان، و ململانێیەکانی ناوەکی و دەرەکییان بە شێوازێکی بینراو دەنوێنێت، کە هێز و ئالنگارییەکانیان ڕەنگ دەداتەوە. شەریهان بەشداری لە چەندین پێشانگەدا لە سوریا، سوید و ئەڵمانیا کردووە، و ئێستا کارەکانی لە مۆزەخانەی ئافرەتان لە شاری بۆن نمایش دەکرێن.

*** هۆکار چییە تێکەڵبوونێك لە ڕووی بابەتی لە تابلۆکانتاندا هەستی پێ دەکرێت؟**

- لە تابلۆکانمدا هەوڵ دەدەم جیهانێکی پڕ لە ئاڵۆزی بگەیەنم، کە نزیکە لە ڕەنگدانەوەی واقیعی هاوچەرخ. ژیانی ئەمڕۆ سادە نییە، بەڵکو کۆمەڵێك ئاڵۆزییە کە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن، جا چ لەسەر ئاستی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی یان تەکنەلۆژی، تابلۆکانم ئەم ئاژاوەگێرییە بە شێوەیەك دەردەبڕن کە ڕەنگدانەوەی ئەو دووانەیە کە ڕۆژانە تێیدا دەژین. لە کاتێکدا ئێمە ئاواتەخوازین شتەکان کۆنترۆڵ بکەین، خۆمان دەبینینەوە کە لەناو گێژەڵوکەی پێشهاتە خێراکان و زیادبوونی تەحەدیاتەکاندا گیرمان خواردووە، ئەم تێکەڵییە ئامانجی ئەوەیە کە وەرگر بە قووڵی بیر لەو پرسە فرەییانە بکاتەوە کە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، جا پەیوەندییان بە پیسبوون، زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانەوە هەبێت، یان لەدەستدانی پەیوەندییە مرۆییەکان. ئەو پەیامانەی هەوڵ دەدەم بیگەیەنم، ڕەنگدانەوەی ئەم گرژییە بەردەوامەی نێوان مۆدێرنیتە و دارمانی ژینگەیی و کۆمەڵایەتییە، کە پاڵنەرێکی سەرەکییە لە پشت ئەم ئاڵۆزییە بەئەنقەستەیە لە کارە هونەرییەکانمدا.

*** تابلۆکانتان بەزەیی و خۆشەویستی بۆ ژینگە نیشان دەدەن، ئایا هونەر دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی لە پاراستنی ژینگەدا بگێڕێت؟**

- من باوەڕم وایە دەبێ هونەر دەنگێکی بەهێز بێت لە داکۆکیکردن و پاراستنی ژینگەدا. تابلۆکانم نەك تەنیا لە ڕوانگەی نارەزایەتییەوە تیشك دەخەنە سەر پرسە ژینگەییەکان، بەڵکو لە ڕوانگەی تێڕامانەوەشەوە لەسەر دەرئەنجامە وێرانکەرەکان ئەگەر هەنگاوی بەپەلە نەگرینەبەر. بۆ نموونە، تابلۆکان کە کۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی جێهێڵراو، یان مۆبایلە کۆنەکان نیشان دەدەن، هەوڵ دەدەن سەرنج بۆ ئەو قەیرانە تەکنەلۆژییە ڕابکێشن کە ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، کە مەترسییەکی گەورە لەسەر ژینگە دروست دەکات.

هونەر دەتوانێت ئیلهامبەخش بێت بۆ خەڵك، بۆ ئەوەی هەنگاو بنێن و ڕێگەیەکیان پێ بدات بۆ پەیوەندیکردن بە سرووشتەوە بە شێوەیەکی سۆزداری و جوانکاری. من پێم وایە هونەر تەنیا ئامرازێکی دەربڕین نییە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ ئاگادارکردنەوەی مرۆڤەکان لە واقیعی جیهان، و بیرۆکەی چارەسەرەکان. هونەر دەتوانێت کاریگەریی لەسەر دەروون و دڵ هەبێت.

*** هۆکار چییە لە کارەکانتدا قەرەباڵغییەکی زۆر هەیە؟**

- قەرەباڵغی لە وشەسازیی هونەری مندا ڕەنگدانەوەی ئەو ئاژاوە سەرسەختەیە کە لە جیهانی هاوچەرخدا دەوری ئێمەی داوە. ئەم «گونجاندنە فەرهەنگییە» هەستی من دەردەبڕێت کە لە دەریایەکی تەحەدادا نوقم بووم. کاتێك سەیری شارە گەورەکان یان دیمەنە وێرانەکان دەکەم، هەست دەکەم هەموو شتێك ئەوەندە تێکەڵاو و ئاڵۆزە، وەك ئەوەی لە جیهانێکی پڕ لە سیگناڵی دژ بە یەك و پەیامی ناڕووندا بژین.

هونەر بۆ من ڕێگەیەکە بۆ پێشکەشکردنی وێنەیەکی ڕوونتر، بەڵام بە شێوەیەك کە ڕێز لەو ئاڵۆزییە بگرێت کە دەوری ئێمەی داوە. من هەوڵ نادەم لە تابلۆکانمدا چارەسەری ڕاستەوخۆ یان وەڵامی ڕوون بخەمە ڕوو، بەڵکو زیاتر بانگهێشتی بینەر دەکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم ئاژاوەگێڕییەدا کارلێك بکات، و بیر لە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی خۆی بکاتەوە لەناو ئەم سیستمە پێکەوەلکاوەدا. هەر وشەیەك یان توخمێك لە تابلۆکانمدا مانایەك هەڵدەگرێت و بەشدارە لە دروستکردنی ئەزموونێکی بینراودا کە هاندەری بیرکردنەوە بێت لەسەر ئەو بڕە زۆرەی زانیاری و ئالنگاریەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

*** ئایا گوتاری هونەری کاریگەریی هەیە لە جەنجاڵیی ژیانی هاوچەرخدا؟**

- جیهانی ئەمڕۆ زۆر خێرایە، بەڵام گوتاری هونەری هێشتا کاریگەریی تایبەت و گرنگی خۆی هەیە. لە ڕاستیدا هونەر دەتوانێت لەم سەردەمە تایبەتەدا ڕۆڵێکی گەورەتری هەبێت. لە کاتێکدا مرۆڤەکان لە گێژەڵوکەیەکی فشار و گرژیدا دەژین،



هونـەر دەتوانێـت ڕێگەیـەك بێـت بـۆ وەسـتان و بیرکردنـەوە، تابلۆکانـم هـەوڵ دەدەن ساتێکی بێدەنگـی و هێمنـی لـە نـاو جەنجاڵیـی ژیانـدا دروسـت بکـەن، سـاتێك کـە بینـەر بانگهێشـت دەکات بـۆ ئـەوەی بیـر لـە مانـای ئـەو تەحەددایانـە بکاتـەوە کـە ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە، چ ژینگەیـی، کۆمەڵایەتـی، یـان کەسـی بێـت.

هونـەر هێـزی ئـەوەی هەیـە کـە خێرایـی جیهانـی دیجیتاڵـی بشـکێنێت، و مرۆڤـەکان ڕابکێشـێتە نـاو ساتێکی تێڕامانـی بینـراو و فیکرییـەوە، لـە جەنجاڵـی ژیانـدا هونـەر دەبێتـە بانگەوازێـك بـۆ بەرخـۆدان، مـەرج نییـە لـە ڕێگـەی نارەزایەتییەکـی بـەرزەوە بێـت، بەڵکـو لـە ڕێگـەی ئیلهـام و تێڕامانێکـی قووڵـەوە دەبێـت. کەواتـە، پێموایـە هونـەر تەنانـەت لـەم سـەردەمە ئاژاوەگێڕەشـدا کاریگەریـی دەمێنێتـەوە و ڕەنگـە بـە تێپەڕبوونـی کات گرنگتـر بێـت.

*** بـەڕای ئێـوە لـە گوتـاری جوانیناسـی لـە تابلـۆدا، ڕەنـگ گرنگتـرە یـان وردەکاری؟**

-وردەکاری و ڕەنـگ ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەگێـڕن لـە دارشـتنی گوتـاری جوانیناسـی لـە بەرهەمەکانمـدا. وردەکاری مانـا ئاراسـتە دەکـەن و پەیامەکـە پێناسـە دەکـەن، لـە کاتێکـدا ڕەنـگ ئەزموونـی سـۆزداریی بینـەر بـەرز دەکاتـەوە. زۆرجار وردەکاری لە تابلۆکانمدا واتـای بەهێـزی هەڵدەگرێت، وەك کەڵەکەبوونی مۆبایل یـان ئۆتۆمبێلی جێهێڵدراو، کـە ئاماژەن بۆ پیسبوونی ژینگـە. ئەمانـە کاردەکـەن بـۆ بەرزکردنـەوەی هەسـتی دڵەڕاوکـێ یـان هیـوا، بـۆ نموونـە، بەکارهێنانـی ڕەنگـی کاڵ وەك خۆڵەمێشـی و ڕەش، ڕەنگدانـەوەی ئـەو دڵەڕاوکـێ و گێژاوەیـە کـە هەسـتی پـێ دەکـەم سـەبارەت بـە داهاتـووی ژینگەیـی، لـە کاتێکـدا لەوانەیـە ڕەنگـە گەشـاوەترەکانی وەك پرتەقاڵـی یـان زەرد پەیامێکـی هیـوا هەڵبگـرن، یـان لانیکـەم، بانگهێشـتنامەیەك بـۆ ڕەچاوکردنـی ئەگـەری گـۆڕانـکاری بـن. لـە کۆتاییـدا وردەکاری و ڕەنـگ پێکـەوە کاردەکـەن بـۆ دروسـتکردنی کاریگەرییەکـی تـەواو بینـراو و چەمکئامێـز.

*** دەتوانیـت بـە کارکـردن لـە بـواری هونـەردا فێـری کاری نـوێ ببیـت؟**

- بەڵـێ، هونـەری جـوان تەنیـا ڕێگەیـەك نییـە بـۆ دەربڕینـی خـۆم، بەشـێکی جەوهەرییـە لـە ناسـنامە و ژیانـم. هەمـوو ڕۆژێـك لـە ڕێگـەی ئـەو تابلۆیانـەوە دروسـتی دەکـەم شـتێکی نـوێ دەربـارەی خـۆم و جیهـان فێـر دەبـم، ڕەنگدانـەوەی هەسـتەکانم و ترسـەکانم و هیواکانمـن. هونـەر دەرفەتێکـم پـێ دەبەخشـێت کـە بـە شـێوەیەکی قووڵتـر لـە خـۆم و جیهانـی دەوروبـەرم تێبگـەم، ئاوێنەیەکـە ڕەنگدانـەوەی گەشەسـەندنی کەسـایەتی و فیکـری منـە، فێـری ئارامـی و کۆڵنـەدان و کراوەیـی بـۆ بیرۆکـەی نـوێ دەبـم. هەروەهـا کارلێککـردن لەگـەڵ خەڵـك، چ لـە ڕێگـەی پێشـانگە، یـان گفتوگـۆ، دەرفەتێکـم پـێ دەدات کـە دیدگای نـوێ لەبـارەی کارەکانـم و ئـەو بابەتانـەی کـە باسـیان دەکـەم، فێـر ببـم، هونـەر بـۆ مـن گەشـتێکی بەردەوامـی فێربـوون و گەشـەکردنە، ئەمـەش وا دەکات ژیانـم چـالاك و ئیلهامبەخـش بێـت.

*** ئافـرەت لـە کوێـی کارە هونەرییەکانتـدا جێـی دەبێتـەوە؟**

- ئافرەت لـە کارە هونەرییەکانـی منـدا نـەك تەنیا وەك ڕەمزێك، بەڵکو وەك توخمێکی ناوەندین کە گوزارشت لـە هێـز و لاوازی، تەحـەدا و قوربانیـدان دەکات. لـە زۆرێـك لـە تابلۆکانمـدا ئافـرەت بەشـێکی جەوهـەری گێڕانەوەیـە، چ ڕاسـتەوخۆ بێـت یـان ڕەمـزی. مـن ئافـرەت وەك ئاوێنەیەکـی کۆمەڵگـە دەبینـم و ڕۆڵـی لـە هونـەردا ڕەنگدانـەوەی ئـەو تەحەددایانەیـە کـە لـە ژیانی ڕۆژانـەدا ڕووبەڕوویان دەبێتـەوە، جا پەیوەندییان بـە ناسـنامە، دەسـەڵات، یـان ئازادییـەوە هەبێـت.

لـە یەکێـك لـە تابلۆکانـدا ئافرەتـان لـە سـاتەوەختە جیاوازەکانـی هێـز یـان تەسـلیمبووندا دەردەکـەون، ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی ئـەو ململانـێ بەردەوامەیـە کـە ئافرەتـان لـە جیهانێکـی پڕ لـە دژایەتیدا تاقیـی دەکەنـەوە. لـە تابلۆکانمدا ڕەنـگ و هێما بـەکار دەهێنم بـۆ بەهێزکردنـی ئـەم بیرۆکەیـە، لەگـەڵ ڕەنگـی کاڵ هەندێك جار دەربڕینـی ئازار و تەحەدداکانـە، لەکاتێکدا ڕەنگـە سـووکەکان ڕەنگدانـەوەی هیـوا و هێـزن.

بـۆ مـن ئافـرەت نوێنەرایەتیـی هێـز لـە بەرامبـەر ناخۆشـیەکاندا دەکات، و توخمێکـی جەوهەرییـە لـە بەرگریکـردن لـە ژینگـە و کۆمەڵگـە. ئافـرەت تەنیـا بابەتێکی هونەری نییـە، بەڵکو هاوبەشی گۆڕانکاری و چاکسازییە، کە هەندێك جار وەك هێمای سرووشت، هەندێك جار لە ئیستغلالکردن ماندوو و هەندێك جار بەهێز و توانـای نوێبوونـەوەی هەیـە، نیگاری دەکێشم، ئـەم فرەڕەهەنـدە ڕەنگدانـەوەی دیدگای کەسـیی منـە بـۆ ڕۆڵـی ئافرەتـان لـە جیهانـدا.



شێوە عارف

یاریزانی تۆپی پێی ئافرەتانی سۆران:

# سوپاس بۆ خودای گەورە تیمەکەمان توانای بردنەوەی هەیە و لە داهاتووشدا هەوڵی بەرەوپێشچوون دەدەین




کەرکووک خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەهرەمەند و بەتوانایە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، کە ئاست و توانایان بەرزە لە وەرزشە جۆراوجۆرەکاندا. لەم شارەدا گرنگیی زۆر بە یاری تۆپی پێی کچان دەدرێت، بەشێك لە یاریزانانی ئەو شارەش بۆ دەرەوەی یانەکانی شارەکەی خۆیان یاری دەکەن و جێدەستیان دیارە. یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی شارەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش، کچە یاریزان «شێوە عارف»ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٨ی پارێزگای کەرکووکە و ئێستا یاریزانی یانەی ئافرەتانی سۆرانە لە خولی نایابی کچانی یانەکانی کوردستان. پێشتریش یاریی بۆ یانەکانی چیای شاری سلێمانی و پێنجوێن و هەڵبژاردەی لاوانی عێراقی بۆ خوار ١٨ ساڵ کردووە. ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجام دا.

*** چۆن بوو بڕیارت دا یاریی تۆپی پێ هەڵبژێریت؟**

- چونکە ئاشقی ئەو وەرزشەم و شەڕی دۆڕان و بردنەوە وای کردووە هەرگیز لێی بێزار نەبم.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە کە زیاتر کێبڕکێیە؟**

بێگومان هەمیشە هەوڵی بوون بە باشترین و براوە، وای کردووە ئەم یارییە بەچێژتر ببێت.

*** بۆچی یاریی تۆپی پێ لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- هۆکارەکەی بۆ بەشێك لە ڕاگەیاندنەکان دەگەڕێنمەوە کە گرنگی بە تۆپی پێی کچانی کوردستان نادەن، زیاتر گرنگی بە تۆپی پێی پیاوان دەدرێت.

*** هەست ناکەیت ئەم یارییە بۆ ئاستی کچان لە شارەکانی کوردستان پێشوازیی باشی لێ نەکراوە؟**

- بێگومان بەراورد بە تۆپی پێی کوڕان وەرزشی کچان گرنگییەکی بەرچاوی پێ نادرێت، ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی کچان بە شێوەیەکی زۆر نەیەنە نێو ئەم یارییە.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی تۆپی فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان ؟**

- لە وەرزشی کچاندا یاریی فوتساڵ بەراورد بە تۆپی پێ زیاتر گرنگی پێ دەدرێت، نەك لە یاریگەی گەورەی یازدە یاریزانی، فوتساڵ زیاتر بایەخی هەیە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- ڕاگەیاندن کاریگەریی زۆری هەیە بۆ بەناوبانگکردن و ناساندنی تۆپی پێی وهاندانی خانمان لە کوردستان بۆ ناو ئەم یارییە جوانە، بۆیە دەبێ بە هەمووان هاوکار و پاڵپشت بین بۆ ئەوەی کچانی زیاتر ڕوو لەم یارییە بکەن.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- لە ئێستادا تەنیا چاومان لەسەر خولی کوردستان و بردنەوەیە، کە سوپاس بۆ خودای گەورە تیمەکەمان توانای بردنەوەی هەیە و لە داهاتووشدا هەوڵی بەرەوپێشچوون دەدەین و پشت بەخوا هەموو شتێك ئاسانە.

*** لە دوو خولدا بەشداری دەکەیت لە کوردستان و عێراق، کامەیان بەهێزترە؟**

- خولی عێراقی زیاتر کێبڕکێی تێدایە و بەهێزترە.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- گرنگییەکی کەم بە یاریزانەکان دەدرێت و لە زۆر شار هیچ هاندەرێك نییە، کە بێگومان تۆپی پێ بە هاندەرەوە جوان دەبێت، ئێمە وەکو یانەی ئافرەتانی سۆران سوپاسی هاندەرەکانمان دەکەین هەوڵی بردنەوەیان بۆ دەدەین.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو وەرزشکارێك؟**

- لە ئێستادا خەونم بردنەوەی خولی کوردستانە و چاومان تەنیا لەسەر ئەوەیە.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی دیکەی عێراقی؟**

- بەڵێ لە چەندین یانە گرێبەستم پێشکەش کراوە.

*** یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی چ هەستێکت پێ دەبەخشێت؟**

- توانیم لەگەڵ لاوانی هەڵبژاردەی عێراق بەشداربم و ئەو ماوەیە ماوەیەکی جوانی وەرزشیم بوو، زانیم کە ئەو هەوڵانەی داومە بەفیڕۆ نەچووە، بێگومان بە یارمەتی خودا هەموو شتێك جوانە و هەستێکی خۆشم هەبوو.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گوڵان خزمەتێکی زۆری وەرزشی ناوخۆ دەکات، سوپاس بۆ مامۆستاکانم حەمید جەزا و مامۆستا سەمیرە دەکەم کە زۆر یارمەتیان داوم.



# سەرنجێک لەسەر کامێراکان

**جیهانی کامێرا تا ڕادەیەکی زۆر کەوتە ژێر کاریگەری مۆبایلەوە، مۆبایل وای کرد گرنگی و بایەخی کامێرا کەمبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کاری پیشەیی دەکەن کامێرا لەبری مۆبایل بەکار دێنن.**






## کامێرای ئەکشنی جۆری GoPro Hero 11 Black

کامێرای GoPro Hero 11 Black یەکێکە لە کامێرا ئەکشنەکان، کامێراکە ڤیدیۆ بە کوالیتی 5.3Kدەگرێت، بە کوالیتی 4K وێنە دەگرێت. تایبەتمەندییەکی دیکەی کامێراکە ئەوەیە کە سیستەمی HyperSmooth هەیە، و لەو کاتەدا دیمەنەکە زۆریش خێرایە، بۆ نموونە ڕاکردنی گیاندارێك، یان كەسێك لە كاتی وەرزش كردندا وێنە بەبێ لەرزین دەگرێت. ئەو تایبەتمەندییە بۆ گرتنی وێنەی وەرزشی و هەروەها دیمەنەکانی راو گرنگە. لە رێگای بلوتوس و وای-فای بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت. کامێراکە بچووکە کێشی تەنیا ١٥٤ گرامە.




## کامێرای ئەکشنی DJI Pocket 2

کامێرای DJI Pocket 2 کامێرایەکە گیمباڵی سێ لایەنەیە، بۆ تۆمارکردنی وێنە بە کوالیتی بەرز بەرهەم هاتووە. دیزاینی کامێرایەکە زۆر سەرنج ڕاکێشە. بە کوالیتی ٦٤ میگاپیسکل وێنە دەگرێت. دەتوانێت وێنە بە کوالیتی بەرز بگرێت، ئاوێنەی کامێراکە گۆشەی ٩٣ هەیە، ئەوەش وادەکات لەو شوێنانەی کە ڕووناکی کەمیش هەیە وێنەی باش بگرێت.

کامێرای ئاماژە بۆ کراو توانای ئەوەی هەیە بە کوالیتی 4k فیلم و وێنە بگرێت. لە میمۆری ٢٥٦ گیگابایت سوود وەردەگرێت. کامێراکە زیاتر بلاگەر و یۆتیوبەرەکان سوودی لێوەردەگرن.

# ی ئەکشن

**لێرەدا سەرنجێك لەسەر چەند کامێرای ئەکشنی دەخەینەڕوو و بەراوردێك لەنێوان کامێراکان دەکەین.**

## کامێرای ئەکشنی جۆری Insta360 One RS Twin

کامێرای ئەکشنی جۆری Insta360 One RS Twin یەکێکە لە کامێراکانی ئەکشنی پێشکەوتوو، دوو هاوێنەی هەیە و دەگۆڕدرێن. بە کوالیتی 4K فیلم هەڵدەگرێتەوە. سیستەمی FlowState تێدایە کە بۆ گرتنی وێنەی جوڵەدار دەبێت و وا دەکات بەبێ لەرزین و تێکچوون وێنە بگرێت. لە قوڵایی ٥ مەتر لە ژێر ئاودا فیلم وێنەدەگرێت، بۆ هەڵگرتنی فیلیمی دۆکۆمێنتاری ژێر دەریا زۆر گرنگە. میمۆری یەك ترابایتی دەخوێنێتەوە.




## ڕۆبۆت و ژیریی دەستکرد

لە سەردەمی ژیری دەستکردا، ڕۆبۆتەکان گۆڕانێکی گەورەیان بەسەرداهات و پاڵپشتکران بە ژیریی دەستکرد هەر لە ڕێگای ژیری دەستکردەوە دەتوانن فەرمانەکان وەربگرن و جێبەجێی بکەن.

یەکێك لەم ڕۆبۆتانە ڕۆبۆتی Nono1 ChatGPT-4یە، ڕۆبۆتێکی بچووك کە زیاتر بۆ منداڵانە، بەڵام ئەرکی چاودێری ماڵەوەش ئەنجام دەدات. ڕۆبۆتەکە بە مۆبایل کۆنترۆڵ دەکرێت و یەك یەکی ژوورەکان دەگەڕێت و ئەگەر شتێکی نامۆ و جێگای مەترسی ببینێ، وەك دووکەڵ و ئاگر دەستبەجێ زەنگی ئاگادارکردنەوە لێدەدات. ڕۆبۆتەکە لەگەڵ گیاندارانی ماڵەوە وەك سەگ و پشیلە یاری دەکات. هەروەها چیرۆك بۆ منداڵان دەڵێت و لە ڕاهێنان و وانەکانی قوتابخانە هاوکاریان دەکات و ڕۆڵی مامۆستا دەبینێت.







# پرۆگرامێک بۆ ڕەنگی کردنی وێنەکان

بێگومان هەموومان گەلێك وێنەی کۆنمان هەن، ئەو وێنانەی کە لەسەردەمی زوودا گیراون و بە هۆی تێپەڕبوونی زەمان کوالیتیان تێکچووە، یان هەر لە پێشوودا وێنەی ڕەنگی نەبووە و ئێستا لەم سەردەمەدا دەمانهەوێ بیکەین بە ڕەنگی. چەندین ژیریی دەستکرد هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، پرۆگرامی کۆمپیوتەر و ئاپی مۆبایلیش هەیە، پرۆگرامی AI Picture Colorizer یەکێکە لەم پرۆگرامانە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی و تەنیا بە چەند کرتەیەك وێنەیەکی ڕەش و سپی دەکات بە ڕەنگی. هەروەها کوالیتی وێنەکان باش دەکاتەوە. پرۆگرامەکە بە جۆرێك بەرهەم هاتووە کە بەکارهێنانی دژوار نەبێت و هەموو کەس بتوانێ بە ئاسانی سوودی لێوەربگرێت.




بەکارهێنەر هەر ئەوەندە پێویستە وێنەی مەبەستی لە پرۆگرامەکەدا بکاتەوە و پاشان دەتوانێت بە شێوەی دەستیش دەستکاری بکات و ڕەنگ کەم و زیاد بکات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت: ئایا دەکرێت مەسنجەری فەیسبوك هاك کرابێت، بەڵام فەیسبوك هاك نەکرابێت؟**

خوێنەری بەڕێز: بەڵێ دەکرێت، ئەوە تەنیا لە مۆبایلدا دەکرێت و بە پەیوەستە بە سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس، چونکە ئەوانە لە مۆبایلدا دوو ئەپی لێکجیاوازن، بەڵام لە کۆمپیوتەردا تەنیا لەسەر وێبگەڕ دەکرێتەوە. کەوایە وەك هاککردن، هاك نەکراوی بەڵکو یەکێك لە کەسانی نزیکت مۆبایلەکەتی کەوتۆتە دەست و دواتر توانیویەتی بەکاری بێنێت. یا لە شوێنێك لەسەر کۆمپیوتەر بە کراوەیی مەسنجەرەکەت بە جێهێشتووە بەبێ ئەوەی دایبخەی. بۆ چارەسەری ئەم مەبەستە پێویستە پاسۆردی سەر فەیسبووکەکەت بگۆڕی، ڕاستەوخۆ مەسنجەرەکە دادەخرێت و پێویستی بە هیچ شتێك نییە.



# چاویلکەیەک پاڵپشت لە ژیریی دەستکرد دەکات



زیرەکی دەستکرد چ بە بواری ئەرێنی بێ و چ لایەنی نەرێنی هەبێ هاتۆتە ناو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤەوە، لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەتەنێتەوە.

چاویلکەی ژیریی دەستکردی جۆری superheat vision یەکێکە لە ریزی ئەو ئامێرە زیرەکانەی کە دەتوانێت پاڵپشت و هاوکارێکی باش بێت بۆ بەکارهێنەرەکەی. چاویلکەکە بەخێرایی ئەرکی وەرگێڕان بە دە زمان دەکات و هەروەها ئەوەی ببینێ دەیناسێت، بەهۆی ژیریی دەستکردەوە دەتوانێت زانیاری و ڕوونکردنەوە لەسەر شتەکان باس بدات. کامێرایەکی ٥٠ میگاپیسکلی لەسەرە و دەتوانێت دەستبەجێ وێنەکان بۆ مۆبایل بەرێ بکات.



## ماڵپەڕێکی زیرەکیی دەستکرد بۆ وێنە

لە جیهانی ئەمڕۆدا ژیریی دەستکرد قسەی خۆی دەکات و لە ریزی یەکەمدایە، هەر ڕۆژە خزمەتگوزارییەکی دیکە لەم بوارەدا سەرهەڵدەدات.

ماڵپەڕی ژیریی دەستکردی aiease.ai یەکێکە لەو ماڵپەڕە گرنگانەی کە لە ریزی یەکەمەکان دێت. ئەوەی مەبەستە لەو بوارەدا جێبەجێی دەکات. کوالیتی وێنە بەرز دەکاتەوە، وێنە دەکاتە ڕەنگی، روخسارەکان و جلوبەرگەکان دەگۆڕێت، وێنە دەکات بە کارتۆنی، مەودای وێنەیەك زیاتر دەکات، هەروەها دەتوانی ئەوەی مەبەستتە لە وێنەیەکدا بیسڕیەوە، زۆر زیرەکانە بەبێ ئەوەی هەست پێبکرێ دەیسڕێتەوە. وێنەی ئاسایی دەکاتە وێنەیەکی تایبەت بۆ مامەڵەی فەرمی.. بە گشتی ئەوەی پێویستە لەسەر وێنە بکرێت ئەوە دەتوانێت ئەنجامی بدات.

# سکۆتێری لۆمۆ وەک هاوڕێیەک سەیر بکە



هیچ سەیر نییە سەردەمێك دێت ئامێرەکان هەر ئەو ئامێرانە نابن کە وەك ئامێر سوودیان لێوەربگرین، بەڵکو دەکرێت وەك هاوڕێیش لەگەڵیان بجوڵێینەوە.

سکۆتێری LOOMO بۆ نموونە. لۆمۆ هەر سکۆتێر نییە، بەڵکو ڕۆبۆتێکی زیرەکە. بەکارهێنەرەکەی سواری دەبێت و هەم وەك هاوڕێیەکیش دەیان تایبەتمەندی گرنگی هەیە. خێرایی ٢٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە، جارێك شەحن کردنەوە دەکرێت هەتا ٣٥ کیلۆمەتر بڕوات بەڕێوە. هەتا سەد کیلۆگرام کێش هەڵدەگرێت. شاشەیەکی هەیە و لە ڕێگای ئەوەوە فەرمانەکان وەردەگرێت، دەکرێت بە دەنگ یا لە ڕێگای مۆبایلەوە فەرمانی بەسەردا بکەی. کامێرایەکی هەیە و دەکرێت فەرمان بکەی کە لەکاتی ڕۆیشتندا فیلم هەڵبگرێتەوە. لەکاتی ڕۆیشتندا دەکرێت قسەی لەگەڵ بکەی و وەڵام بداتەوە.



# بۆق شیر دەپارێزێت

رەنگە زۆربەمان بیژمان لە بۆق ببێتەوە کە گیاندارێکی پیس و شێوەی ناشیرینە، بەڵام بۆق یەکێکە لە پاکترین گیانداران کە خۆی لە میکرۆب و بەکتیریا دەپارێزێت، لە ڕوسیا، پێش سەرهەڵدانی ساردکەرەوە(سەلاجە)بە دانانی بۆقی قاوەیی زیندوو لەناو سەتڵەکان، خەڵك شیری تازەیان دەپاراست. دواتر زانا ئەلبێرت لێبیدیف بۆی دەرکەوت کە پێستی بۆقەکان پێکهاتەی دژە میکرۆبی دەردەدەن کە یارمەتیدەر بوون لە ڕێگرتن لە گەشەی بەکتریا لەناو شیردا.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە ترسناکی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەرەکان دەکات، کە وەك چەکێك مەترسیان لەسەر ژیانی مرۆڤدا هەیە.



## دیمەنە سەیرەکان

**لامبورگینی ساڵانی هەشتەکان**

دیمەنی ناوەوی سوکان و داشبۆردی لامبورگینی ئەتۆن ساڵی ١٩٨٠، لەو کاتەوە تا ئێستا یەکێکە لە براندە جیهانییەکانی ئوتۆمبێل.



## یاسا

**پلان بۆ تاوان و ئەنجام نەدانی**

بەپێی ماددەی ٣١ لە یاسای سزادانی عێراقی باس لەوەدەکات کە لەکاتی دەستکردن بە جێبەجێکردنی کردەیەك بە مەبەستی ئەنجامدانی تاوانێك یان کەتنێك بەڵەم ئەگەر وەستێنرا یان بەهۆی چەند هۆکارێك لە دەرەوەی ویستی ئەنجامدەرەکە سەرنەکەوت،هەر کردەوەیەك ئەنجام درابێت بە مەبەستی ئەنجامدانی تاوانێك یان کەتنێك و لەبەر هۆکارێکی پەیوەست بە بابەتی تاوانەکە یان بەو ئامرازەی کە لە ئەنجامدانی تاوانەکە بەکارهێنراوە جێبەجێکردنی ئەستەم بێت بە دەستپێکردنی ئەنجامدانی تاوان دادەنرێت ئەگەر ئەنجامدەرەکە بە هۆی گومان یان نەزانی باوەڕی وانەبوو بێت کارەکەی بۆ ڕوودانی ئەو دەرنجامە ناگونجێ، تەنها نیزای ئەنجامدانی تاوان و کارەکانی ئامادەکاری بۆ ئەو مەبەستە بە دەستپێکردن دانانرێت ئەگەر دەقێکی پێچەوانەی ئەوە لە یاسادا نەبێت. وە بە پێی ماددەی ٣١ لە یاسای سزادانی عێراقی دەڵێت دەستپێکردنی تاوانەکان و کەتنەکان بەو سزایانە سزا دەدرێت ئەگەر دەقێکی پێچەوانەی ئەوە لە یاسادا نەبێت .

١ ـ بەندکردنی هەتا هەتایی ئەگەر تاوانەکە سزای لە سێدارەدانی بۆ دانرابێت .

٢ـ بەندکردنی بۆ ماوەیەك کە لە ١٥ ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر تاوانەکە سزای بەندکردنی هەتاهەتایی بۆ دانرابێت.

٣ـ بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە نیوەی زیاترین رادەی سزای دیاریکراو بۆ تاوانەکە زیاتر نەبێت ئەگەر سزاکە بەندکردنی کاتی بێت،وە ئەگەر نیوەی زیاترین رادە (٥) ساڵ یان کەمتر بێت ئەوا سزای بەندکردن نابێت لە ماوەی نیوەی زیاتربێت رادەی سزای دیاریکراو بۆ تاوانەکە زیاتر بێت.

٤ـ بەندکردنی کورت یان بژاردن کە لە نیوەی زیاترین رادەی سزای بەندکردن یان بژاردنی دیاریکراو بۆ تاوانەکە زیات نەبێت ئەگەر تاوانەکە سزای حەپسکردنی کورت یان بژاردنی بۆ دانرابێت.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ڕۆژێکی باشت لە پێشە، لەلایەنی پیشەییەوە دۆخەکە بە خواستی تۆ دەبێت، بەڵام پێویستە گۆڕانکاری لە شێوازی کارکردنتدا بکەیت، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بیت سەرکەوتن بەدەست ناهێنیت، دەربارەی لایەنی سۆزداری پێویستە لە درۆکردن دووربکەویتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی خۆشەویستیت بە بەهێزی بمێنێتەوە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ڕەنگە چەند ناکۆکییەك لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا ڕوو بدات، پێویستە هێمن بیت بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەیت ناکۆکییەکان گەورەتر ببن، کەمتەرخەمیت دەربارەی گەیشتن بە ئامانجەکانت، پێویستە پلانێکی ورد دابنێیت، هەواڵێکی خۆشت پێدەگات و هەست بە دڵخۆشی دەکەیت.



**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بۆ ئەوەی دەرگاکانی داهاتوت بۆ کراوە بن، پێویستە متمانەت بە خۆت هەبێت، هەروەها هێز و تواناکانت بەکار بهێنیت، ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو پەستانێکی زۆری کارکردنت لەسەر شان بوو، بەڵام دەتوانیت بە ئاسانی ئەنجامیان بدەیت، دوور بکەوەرەوە لە هەر جۆرە ناکۆکییەك.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لە ئێستادا پێویستە زیاتر بایەخ بە تەندروستیت بدەیت، ئەگەر دەتەوێت بە تەندروستی بمێنیتەوە پێویستە لە خواردنەوەی ماددە کحولییەکان و جگەرەکێشان دوور بکەویتەوە، باشترە پلانەکانت جێبەجێ بکەیت و ئێستا دەرفەتێکی گونجاوە، بە وریایی قسە لەگەڵ کەسانی چواردەورت بکە، بۆ ئەوەی لە کێشە بەدوور بیت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەیت پێویستە بیری لێ بکەیتەوە، دەنا تووشی کێشە دەبیت، پێویستە چەند ڕۆژێك زیاتر بایەخ بە تەندروستیت بدەیت، لێك تێنەگەیشتن لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا ڕوو دەدات، باشترە وریا بیت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا دەکەیت، ئەگەر هەڵەشت ئەنجام دا بەرپرسیارێتی بگرە ئەستۆ.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەگەر نیگەرانیت دەربارەی هەڵسوکەوتی کەسانی چواردەورت، پێویستە ڕاشکاو بیت و قسەی دەربارەی بکەیت، ئەگەر دەتەوێت پەیوەندیی سۆزداریت بە جێگیری بهێڵیتەوە، پێویستە زیاتر کاتی بۆ تەرخان بکەیت، ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتن بەدەستبهێنیت لەلایەنی پیشەییەوە ئەم چەند ڕۆژە خۆت لە کەسانی نەرێنی بەدوور بگرە.

بۆ زانیاریت

## چاوی پەمەیی



چـاوی پەمـەیـی دیاردەیەکـی دەگمەنـە کـە بەهـۆی کەمبوونـی ڕەنگدانـەوەی میلانیـن لـە لێنـزی چـاودا دروسـت دەبێت. ئـەم ڕەنگـە زۆر جـوان و سەرنجراکێشـە و لـە جیهانـدا کەمتـر لـە ٣٪ ی خەڵـك هەڵگـری ئـەم ڕەنگـەن. کاتێـك باسـی چـاوی پەمەیـی دەکەیـن، دەبێـت بزانیـن کـە ئـەم ڕەنگـە لـە ئەنجامـی تێکەڵبوونـی چەنـد ڕەنگێکـی جیـاواز دروسـت دەبێـت. شـینی سـەرەکی لـە عەدەسـەی چـاو، سـووری خوێنـی بچـووك لـە دەمارەکانـی چـاو و سـپی لـە پشـتی عەدەسـە پێکـەوە تێکـەڵ دەبـن و ڕەنگێکـی پەمەیـی جـوان دروسـت دەکـەن. زۆربـەی خەڵـك چـاوی پەمەیـی بـە یەکێـك لـە جوانتریـن ڕەنگەکانـی چاو دادەنێن و هەندێك جار وەك نیشانەی تایبەتمەندی و جیـاوازی سـەیری دەکرێت. ئـەم ڕەنگـە لـە هەندێك کەلتووردا وەك نیشـانەی جوانـی و ناوازەیـی سـەیر دەکرێت.

فیلم

## جیهانی لوکا - Lucca›s World



فیلمێکـی کۆمەڵایەتـی و درامایەکـی خێزانییـە، بـاس لـە ئافرەتێـك دەکات، کاتێـك دەیەوێـت هـاوکاری منداڵەکـەی بـکات، بـۆ چارەسـەری هـەر بۆیـە سـەردانی وڵاتـی هیندسـتان دەکـەن، لـەم گەشـتەیاندا، دووچـاری چەندیـن کێشـە و نەهامەتـی دەبنـەوە، مـاوەی فیلمەکـە (١) کاتژمێـر و ٤٥ خولەکـە، لـە دەرهێنانـی: ماریانـا تشـینیلو، لـە نووسـینی خافێـر پینۆلاسـا، لـە نواندنـی: جـوان پابلـۆ میدینـا، بارببـرا مـۆری، جولیـان تیلـۆ، ئـەری بریکمـان.



## پەند و وتە

هێنری چارلس بۆکوسکی، نووسەری ئەڵمانی - ئەمریکی، لە ساڵی ١٩٢٠ لـە وڵاتـی ئەڵمانیا لـە دایکبووە و لـە سـاڵی ١٩٩٤ لـە ئەمریکا کۆچی دوایـی کـردووە، دەربـارەی تەنیایـی دەڵـێ: یەکێـك لـە خۆشـترین ساتەکانی ژیانم، ئەوەیە، کاتێـك لـە ژوورێکدا دەبـم و دەرگا لەسـەر خـۆم دادەخـەم و ماوەیەکـی زۆر بە تەنیا دەبم، ئەو کاتە هەست بە ئارامی و دوور لە مرۆڤەکان خۆشـی بەدەسـتدەهێنم.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا دوو هێڵی شینی ستوونی هەن، هەوڵدە بزانیت درێژی ئەو دوو هێڵە هەمان درێژییە یاخود بە هۆی فێڵکاری چاووە بەم چەشنە دەرکەوتووە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە لایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی جیاواز دەبێت، پێویستە چاوت لەسەر چالاکییەکان بێت کە لە چواردەوری تۆدا ڕوو دەدات، کەسانی متمانەپێنەکراو هەیە لە چواردەورت، پێویستە بزانیت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت یادگارییەکانی ڕابردوو نوێ دەکەنەوە و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەگەر بەردەوام بیت لەسەر خەرجکردنی پارەکانت بە چەند شتێکی نا پێویست، ئەوا بەشێکی زۆر لە پلانەکانت هەڵدەوەشێتەوە، باشترە سەرنجت لەسەر کۆکردنەوەی پارە بێت، لە لایەنی پیشەییەوە خۆشەویستیت بۆ پیشەکەت وا دەکات سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنیت، بۆ ئەوەی لە سترێس بەدوور بیت، پێویستە لە بیرکردنەوەی نەرێنی خۆت بە دوور بگریت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێویستە زیاتر سەرنجت لەسەر ژیانی سۆزداریت بێت، خۆشەویستەکەت کەمتر بایەخت پێ دەدات، پێویستە زیاتر هەستەکانی خۆتی بۆ دەرببڕیت، خەرجکردنی بڕە پارەیەکی زۆر باش نابێت بۆ ئەمڕۆ، چونکە پلانی گەورەت هەیە بۆ داهاتوو، زیاتر پشووە وەربگرە لەپێناو حەوانەوەی جەستە و دەروونت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لـە کاتـی قسـەکردن زۆر وریابـە و ژیرانـە هەڵسـوکەوت بکـە، چونکـە بچووکتریـن وشـە، دەکرێـت کەسـانی چـواردەورت لـە دژت بـەکاری بهێنـن، پێویسـتە کەمێـك گۆڕانـکاری لـە خۆتـدا بکەیـت بـۆ ئـەوەی تێڕوانینـی کەسـانی چـواردەورت دەربـارەی خـۆت بگۆڕیـت، پەیوەندیـت لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەت جێگیـرە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ڕۆژێکی باش دەبێت هەست و بە دڵخۆشی دەکەیت، ڕەنگە تووشی هیچ کێشەیەك نەبیتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم چەند ڕۆژە نیگەران بوویت، بەڵام چیتر بەو شێوەیە نابێت، تێگەیشتن لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا وا دەکات پەیوەندییەکەتان درێژە بکێشێت، دوژمنەکانت دەیانەوێت زیانت پێبگەیەنن، باشترە وریابیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕەنگە لە شوێنی کارەکەتدا چەند شتێك ڕوو بدات و وا بکات هەست بە دڵخۆشی بکەیت، دەربارەی ژیانی تایبەتیت زیاتر بەرپرسیارییەتیت دەکەوێتە سەر شان، پێویستە زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت، ئەگەر بەردەوام پارە بۆ دڵخۆشیی کەسانی دیکە بەکار بهێنیت، ئەوا بەدەستی خۆت کێشە بۆخۆت دروست دەکەیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
February 17, 2025 Issue,No.1451

